١٧٣٠٣ شۆفێر
بەهۆی رادارەوە سزا دەدرێن
3 «««

تاكەی حكومەت
ئاوڕ لەبێكاریی گەنجان ناداتەوە؟
4 «««

گەنجێكی سلێمانی
ئۆتۆمبێلێكی خاشاكو فڕنێكی سەمون دروست دەكات
13 «««

ڕیكلام
ڕادیۆی دەنگی نوێ
ڕادیۆیەكی كۆمیۆنیتی سەربەخۆی تایبەت بەژنانو لاوانە
ڕۆژانە لەسنوری هەڵەبجەو شارەزوورو هەورامان
لەسەر شەپۆلی FM 88.6 دەبیسترێت.
Dange Nwe Radio
88.6
07301127392 - 07701962158
Email: Radio_d_nwe@yahoo.com
dangynwe@yahoo.com

سەرنووسەر: شوان ئادەم ئەیڤەس
نم نم
لە خەڵكەوە بۆ خەڵك
ڕۆژنامەیەكی كولتوریی گشتییە
www.Nnmnm.com
20
نرخ: 750 دینار
یەكشەممە 2010/4/18

# لەخۆپیشاندانەكەی دوێنێ زیاتر لە ٥٠ خوێندكار دەستگیركران

# پەروەردەی سلێمانی زیانی ٢٠ هەزار دۆلاری لێدەكەوێت

تایبەت بە نم نم

خوێندكارانی ئامادەییەكانی شاری سلێمانی بۆ ڕێگەگرتن لەبڕیارێكی وەزارەتی پەروەردە خۆپیشاندانێكیان ڕێكخستو بەبەردو تەماتەو هێكە ماوەی دوو كاژێر دەوامی پەروەردەی سلێمانیان راگرتو پاش پێنج كاژێرو بەبەشداری زیاتر لە ٢٠٠ ئاسایشو پۆلیسی چالاكییە مەدەنییەكان، جیاواز لەخۆپیشاندانەكەی ئامادەیی شەمامكی هەولێر كە تەقەی تیاكرا، لەسلێمانی بەگازی فرمێسكڕێژو دەستگیركردنی زیاتر لەپەنجا خوێندكار بڵاوە بەخۆپیشاندەران كرا.

2 «««








فۆتۆ: ئاكام شێخ هادی و پێشەوا محەمەد

## هەشت ڕۆژنامەنووس لەلایەن پۆلیسەوە پەلامار دەدرێن



لەخۆپیشاندانەكەی دوێنێی بەردەم بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی هەشت ڕۆژنامەنووس دەكەونە بەر هێرشو پەلاماری هێزەكانی پۆلیسی چالاكییە مەدەنییەكانو وێڕای ئازاردانیان كامێرای سیانیشیان دەشكێنرێت.

سەنتەری میترۆ بۆ راوێژو داكۆكی لەرۆژنامەنوسان لەبەیاننامەیەكیدا وێڕای ئیدانەكردنی ئەو هێرشو پەلامارانە ئاماژە بەوە دەدات كە هەریەك لەسەفین ئیسماعیل لەرۆژنامەی ئاسۆو وریا حسێن پەیامنێری كەناڵی ئاسمانیی پەیامو كەمال نوری پەیامنێری كەناڵی سەحەرو سروشت سازان وێنەگری هەمان كەناڵو پەیامنێرانی كەناڵی ئاسمانیی سپێدەو ئازادیو زەحمەتكێشان، جگەلە ئازاردانیان لەلایەن پۆلیسی چالاكییە مەدەنییەكانەوە كەرەستە ڕۆژنامەوانییەكانییان شكێنراونو قسەی ناشیرینیان پێوتوون.

لەدرێژەی بەیاننامەكەی سەنتەری میترۆدا هاتووە: جێگەی داخە كە هێزێك كاری پاراستنی چالاكی مەدەنیی بێت بكەوێتە گیانی ڕۆژنامەنوسانو بەوشێوەیە هێرشیان بكاتەسەر، «سەرەڕای ئیدانەكردنی ئەم ڕەفتارانە، داواكارین بەزووترین كات لێپێچینەوە لەگەڵ ئەو هێزەدا بكرێت».

سەنتەری میترۆ بۆ راوێژو داكۆكی لەرۆژنامەنوسان، ڕێكخراوێكی سەربەخۆی بێلایەنی قازانج نەویستە بۆبەرگریكردن لەرۆژنامەنوسانو ئازادی ڕۆژنامەگەریی لەهەرێمی كوردستان.

## «خۆشەویستی» كچێك دەسوتێنێت

كچێكی تەمەن ٢٠ساڵ لەزاخۆ بەهۆی بەزۆر بەشوودانی ئاگر بەردەداتە جەستەی خۆیو زۆریی ڕێژەی سوتاوییەكەیشی دەبێتە هۆی گیان لەدەستدانی.

بەڕێوەبەری پۆلیسی دهۆك لیوا وەعدوڵا، ئاماژە بەوە دەدات كە كچێكی تەمەن ٢٠ساڵ دوای ئەوەی ویستویەتی شوو بەخۆشەویستەكەی بكات، مامی ڕێگر بووە لەشوكردنەكەیو نەیهێشتووە هاوسەرگیری لەگەڵ بكاتو ئەویش ئاگری بەر داوەتە جەستەیو خۆی سوتاندووە، «بەر لەگیان لەدەستدانی، كچەكە دانی بەوەدا ناوە، كە لەبەرئەوە خۆی سوتاندووە مامی نەیهێشتووە بەئاواتی خۆی بگات».

لەهەرێمی كوردستان بەهۆی ڕێگریكردن لە بەیەكگەیشتنی كچانو كوڕان لەڕووی خۆشەویستییەوە چەندین دیاردەی كۆمەڵایەتی وەك ڕەدووكەوتنو لاقەكردنو بەزۆربەشوودان بەدی دەكرێن.

## وەزیری كۆمەڵایەتی: بەهەموو شێوەیەك پشتگیری كۆنفرانسەكەی سلێمانی دەكەم




سەر لەبەیانی دوێنێ كۆنفرانسێكی تایبەت بەنەهێشتنی توندوتیژی دژ بەژنان لەتەلاری هونەری شاری سلێمانی ڕێكخراو بڕیارە ئەمڕۆو سبەینێش درێژەی هەبێت.

لەو بارەیەوە، ئاسۆس نەجیب وەزیری كارو كاروباری كۆمەڵایەتی حكومەتی هەرێمی كوردستان لەلێدوانێكی تایبەت بە نم نم ڕایگەیاند كە وەزارەتەكەیان بەهەموو جۆرێك پشتگیری ئەو جۆرە كۆنفرانسانە دەكاتو بانگهێشتی تەواوی ڕێكخراوە ناوخۆییو جیهانییەكانیش دەكات بۆ برەودان بەو جۆرە كۆنفرانسانە، «ئامانج لەو كۆنفرانسە ئەوەبوو كە سەرلەنوێ بەو یاسایانەدا بچینەوە كە لەهەرێمی كوردستان سەبارەت بەسزای ئەوانەی توندوتیژی دژی ئافرەت ئەنجام دەدەن دانراون، هاوكات زانینی ئەوەی ئاخۆ تا چەند ئەو یاسایانە جێبەجێكراون، هەروەها تاوتوێكردنی باشتركردنی ئەو ژنانەی بێلانەنو دابینكردنی شوێنی حەوانەوە بۆیان، لەسەرو هەموو ئەوانەشەوە دانانی بەرنامەیەكی تۆكمە بۆ هۆشیاركردنەوەی تەواوی كۆمەڵگە بەوەی فێرببن بەچاوێكی ئینساندۆستیو وەكو خۆی سەیری ژنان بكرێت».

ئاسۆس نەجیب، جەختی لەوە كردەوە كە پێویستە ڕاگەیاندنەكان بایەخێكی زۆرباش بەو كۆنفرانسە بدەنو ئامانجو كارنامەكەی بڵاوبكەنەوە.

بۆ زانینی هەواڵو زانیاریی زیاتر سەردانی ماڵپەڕی نم نم www.Nnmnm.com بكەن

# منداڵبازەکان دەبنە هەڕەشە بەسەر مەلەوانگەکانەوە

## "کاتێک چوومە ئاوەکە پیاوێکی ٤٥ساڵ لێم نزیک بووەوەو باوەشی پیاکردمو وتی مەلە نازانم فێرم بکە"

**لەهەرێمی کوردستاندا چەندین کەس خەریکی منداڵبازیین، چاودێرنی مەلەوانگەکانو ئەوانەشی بۆ مەلەکردن ڕوودەکەنە مەلەوانگەکان، ڕووبەڕووی منداڵبازەکان دەبنەوەو بەرەو هەڵدێرو کاری خراپ دەیانبەن، توێژەرێکی کۆمەڵایەتیش بەپێویستی دەزانێت دایکو باوکان ئاگاداری منداڵەکانیان بنو بەتەنها نەیانێرنە ئەو جۆرە شوێنانەوە، هاوکات مامۆستایەکی ئایینی ئیسلامیش پێداگری لەسەر قەدەغەکردنی هاتوچۆی منداڵبازەکان دەکات بۆمەلەوانەگەکان.**

تایبەت بەنم‌نم

چاودێرانی مەلەوانگەکان باس لەوە دەکەن کە ڕۆژانە ڕووبەڕووی هەندێ کەس دەبنەوە کە بەمەبەستی منداڵبازیی سەردانی مەلەوانگەکانیان دەکەن.

کاوە کەریم، ٢٨ساڵ چاودێریی یەکێک لەمەلەوانگەکانو باس لەوە دەکات کە تائێستا چەندینجار کەسی منداڵبازیی لەمەلەوانگەکەی کردوەتەدەرەوە، "بەردەوام چاودێری دەکەن، ئەوانەی بەمەبەستی منداڵبازیی بێنە مەلەوانگەوە دەیانکەینە دەرەوەو پۆلیسیان لێ ئاگاداردەکەینەوە".

ناوبراو، ئەوەش ناشارێتەوە کە لەماوەی چەند مانگی ڕابردوودا زیاتر لەهەشت کەسی کردوەتە دەرەوە، "ماوەی سێ مانگە لەم مەلەوانگەیەم، زیاتر لەهەشت کەسم کردوەتە دەرەوە کە ویستویانە لەمنداڵانو مێرمنداڵان نزیک ببنەوەو کاری خراپیان لەگەڵ بکەن".

### منداڵبازەکان لەهەموو تەمەنێکن

بەوتەی چاودێرانی مەلەوانگەکان، ئەو کەسانەی منداڵبازیی دەکەن لەیەک ئاستو تەمەندا نیین.

سەردار سابر، ٣٥ساڵ سەرپەرشتیارو چاودێریی مەلەوانگەیەکی دیکەیەو جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئاستو تەمەنی منداڵبازەکان جیاوازە، "منداڵباز هەیە تەمەنی ١٨ساڵە، بەڵام زۆرینەیان لەسەرو ٣٥ساڵەوەن"، هەربۆیە ئەو جەخت لەوە دەکاتەوە کە چەندینجار تووشی کێشە بوون لەگەڵ ئەوانەی لەخۆیان گەورەتربوون، "پیاو هەیە تەمەنێکی زۆری هەیەو دەڵێت مەلە نازانم، بۆئەوەی بچێتە لای منداڵەکانەوە، پاشان دەستدەبات بۆمنداڵەکان، ئێمەش چاودێریی تەواو دەکەین، کە ئەوە دەبینین یەکسەر دەیانکەینە دەرەوە".

هەر لەسەر ئەوجۆرە کارانە ناوبراو، ئاماژە بەوە دەدات کە لەمانگی ڕابردوودا، دوو کەسی داوەتە دەست پۆلیس، بەڵام "خەڵک دڵنیادەکەمەوە کە ناهێڵین هیچ کەسێ بەو مەبەستەوە لەمەلەوانگەکەمان بمێنێتەوە".

### "منداڵبازەکان دەستمان بۆ دەبەن"

ئەو منداڵو مێرمنداڵانەی ڕوودەکەنە مەلەوانگەکان ترسی ئەوەیان هەیە ڕووبەڕوی کەسێکی منداڵباز ببنەوەو بەرەو هەڵدێریان ببات، بۆیە ناچارن لەکاتی سەردانکردنی مەلەوانگەکان هەمشە لەگەڵ کەسێکی لەخۆیان گەورەتر یان لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیاندا بڕۆن.

شڤان خەلیل، ١٧ساڵ، ئاماژە بەوە دەدات کە مانگی ڕابردوو لەگەڵ برا تەمەن ٢٣ساڵەکەی چووەتە یەکێک لەمەلەوانگەکانو کاتێک کە چووەتە ناو ئاوەکە پیاوێک کە تەمەنی نزیکەی ٤٥ساڵ دەبوو لێی نزیک بوەتەوەو "دەستی گرتمو باوەشی پیاکردم، وتی مەلە نازانم فێرم بکە"، ئەویش ترساوەو خێرا بانگی براکەی کردووە.

بەوتەی شڤان، چاودێرانی مەلەوانگەکە کۆبونەتەوەو زانیویانە کە پیاوەکە مەلەی زانیوەو مەبەستی کاری تر بووە، کردویانەتە دەرەوە.

لەلایەکی دیکەوە سیروان مارف، ١٥ساڵ، یەکێکی ترە لەو منداڵانەی کە لەمەلەوانگەکاندا ڕووبەڕووی منداڵبازەکان بووەتەوەو ئاماژە بەوە دەدات کە کاتێک چووەتە ساونای یەکێک لەمەلەوانگەکانەوە، تەنها کوڕێکی گەنجی تیابووەو داوای لێکردووە بچێتە تەنیشتیەوە، "پێیوتم وەرە ئێرەوە، نەڕۆشتمو توڕەبووم، ئیتر خۆی هاتە لامەوەو باوەشی پیاکردم"، ئەوەش وا لەسیروان دەکات یەکسەر بچێتەدەرەوەو بانگی باوکی بکات، "باوکم زۆری لێدا کەچی وتی هیچم نەکردووە".

**ماوەی سێ مانگە لەم مەلەوانگەیەم، زیاتر لەهەشت کەسم کردوەتە دەرەوە کە ویستویانە لەمنداڵانو مێرمنداڵان نزیک ببنەوەو کاری خراپیان لەگەڵ بکەن**

### مەلەوانگە لەمنالبازەکان قەدەغە بکەن

مامۆستایانی ئایینی ئیسلام، منداڵبازیی بەکارێکی نەویستراو و تاوان دەزانن‌و بەپێویستی دەزانن مەلەوانگەو شوێنە گشتییەکانیان لێ پاک بکرێتەوە. عەبدولڕەحمان محەمەد پێشنوێژی مزگەوتی مەولەوی ئاماژە بەوە دەدات کە ئەو کەسانەی خەریکی منداڵبازین‌و بەدوایدا وێڵن لەئاییندا نەفرەت لێکراون، "منداڵبازیی یەکێکە لەتاوانە گەورەکان، خوای گەورە نەفرەتی لەو کەسانە کردووە کە ئەو کارە دەکەن".

ناوبراو جەخت لەوە دەکاتەوە کە پێویستە بەرپرسانی مەلەوانگەکان نەهێڵن هیچ کەسێکی منداڵباز بچێتە مەلەوانگەکانەوەو لێیان قەدەغە بکرێت، چونکە "ئەگەر ڕێگە بدرێت ئەو کەسانە کاری لەو جۆرە لەمەلەوانگەکاندا بکەن مانای وایە تاوانەکە بۆ خاوەن مەلەوانگەکانیشە".

### پێویستە مێرمنداڵان چاودێری بکرێن

توێژەرانی کۆمەڵایەتی ئاماژە بەوە دەدەن کە لەسەر دایکو باوکو کەسە گەورەکان پێویستە ئامۆژگاری منداڵەکانیان بکەن‌و چاودێریان بکەن‌و ڕێگەنەدەن بەتەنها بچنە ئەو شوێنانەوە.

ستار جەبار وەک توێژەرێکی کۆمەڵایەتی جەخت لەوە دەکاتەوە کە بەپلەی یەکەم لەسەر دایکو باوکو کەسە نزیکەکانی منداڵەکان پێویستە بەتەنها منداڵەکانیان نەنێرن بۆ ئەو شوێنە گشتیانە، "منداڵ ئەگەر بەتەنها چووە شوێنی گەورەوە ڕوبەڕووی هەندێ ڕەوشتی خراپ دەبنەوەو بەکاریدەهێنن بۆ کاری تر".

ناوبراو ئەوەش بەگرنگ دەزانێت کە حکومەت بەدواداچونی هەبێت بۆ ئەو جۆرە شوێنانە، "پێویستە پۆلیس سەردانی ئەو شوێنانە بکات، چونکە ڕەنگە هەندێجار کارمەندانی ئەو شوێنانە ئەو کارە ئەنجام بدەن"

# بۆ ٥٠هزار دولاران تەرمێ هەڤالێ خۆ هاڤێژتە تاخەکێ بەغدا

**ب مەرەما دزینا ٥٠هزار دولاران ژ هەڤالەکێ خۆ یێ کورد، بازرگانەکی هەڤالێ خۆ پشتی پێشوازیەکا گەرم لێ کری، سەرژێکرو تەرمێ وی هاڤێژتە ئاقاری، پاشی دهێتە دەستەسەرکرن‌و دان ب تاوانا خۆ کر.**

**جەمال حسێن ل بادینان:**

خالد حەسەن کو دبیتە برایێ بازرگانێ کورد د داخویانیەکا تایبەت دا بۆرۆژنامەیا نم نم دا زانین، پشتی برایێ وی ب کارەکێ بازرگانی بۆ کرینا هندەک ئاسنی بەرەڤ بەغدا چووی، بەرزەبوو و پشتی هەشت رۆژان ژ لێگەریانێ وەک تەرم هاتە دیتن.

خالد د بەردەوامیا ئاخفتنێن خۆ دا دبێژیت: برایێ وی ب ناڤێ کوڤان ل رۆژا ٢٠١٠/٤/٩ ب کارەکێ فەرمی یێ کۆمپانیا خۆ بەرەڤ بەغدا چوو، ژبەرکو هەیڤانە وی سەرەدانەک دبرە پارێزگەها ناڤبری بۆ کرینا ئاسنی‌و هندەک کەل‌و پەلێن دی، لێ ئەڤ جارە ژ هەمی جاران یا جیاواز بوو، ژبەرکو چوو و نە زڤری‌و دبێژیت: وی هندەک هەڤال ل بەغدا هەبوون‌و کارێن وی ل وێرە ب ساناهی دکرن، "ئەڤ جارە برایێ من ٥٠هزار دولار بۆکرینا کەل‌و پەلێن پێدڤی دگەل خۆ بربوون، ل دووڤ گۆتنێن تۆمەتباران، پشتی کوڤان گەهشتیە بەغدا، هەر ل دەرۆکێ ئێکێ یێ بەغدا ژلایێ هەڤالێ خۆ یێ بازرگان (ئەحمەد) ی ڤە هاتە پێشوازیکرن‌و ب ترۆمبێلا وی چوو مالا وی".

تۆمەتباران د گۆتنێن خۆ دا بۆ دادگەها ڤەکۆلینا بەغدا ئاشکرا کرینە، پشتی کوڤان بریە مالا خۆ ئێکسەر حەبکەکا خەوێ بۆ کریە د ناڤ چایێ داو گێژکریە، پاشی ب کریارێن درندانەو ب شێوێن کرێت ب کوشتنا وی رابووینەو تەرمێ وی هاڤێتیە تاخێ (الحریە) ل بەغداو ل جهەکێ بەرزە ڤەشارتیە دا کەس نەزانیت یێ هاتیە کوشتن‌و خەلک هزربکەت "تیرۆرستان" ئەو کوشتیە.



**کۆڤان حەسەن، ئەو بازرگانەی بە دەستی هاوڕێکەی کوژرا**

کوڤان خەلکێ قەزا سێمێلێ بوو و ژ کەسێن گەلەک دەولەمەندە ل دەڤەرێ‌و بنەمالا وی ب دەولەمەندیێ د ناڤدارن، لەوما ڤان بازرگانێن هەڤالێن وی ئەو ب دەلیڤە دیت‌و کوشت، پاشی هندی پارە دگەل دا کو دبوونە ٥٠هزار دۆلارێن ئەمریکی ژێ دزین‌و تەرمێ وی ب سەرێ بڕی ڤەشارتن.

ل دۆر وێ چەندێ کا چەواو ب چ رێک تەرمێ کوڤانی هاتە دیتن، گۆت: بۆماوێ هەشت رۆژان تەرمێ کوڤانی یێ بەرزەبوو و کەسێ چ ژێ نە دزانی، پشتی بۆرینا هەشت رۆژان تەرمێ کوڤانی ل ئاقارێ تاخێ (الحریە) ل بەغدا دهێتە دیتن‌و ئێکسەر بۆ پزیشکیا داد د هێتە ڤەگوهاستن.

ل دووڤ راپۆرتا پزیشکیا داد خۆیابوو کو کوڤان ب شێوێن درندانە ژلایێ چەند کەسەکان ڤە هاتیە کوشتن‌و سەرێ وی هاتیە برین. برایێ کۆڤانی دبێژیت: برایێ من چ ئاریشەو خوونداری دگەل کەسێ نەبوون، ب تنێ د روودانەکا خیانەتێ دا ژلایێ هەڤالێ خۆ یێ نێزیک ڤەهاتیە کوشتن بۆ دزینا ٥٠هزار دولاران.

ژێدەرەکی ژ رێڤەبەریا پۆلیسێن بەغدا خۆیاکر، پشتی دویڤچوونەکا هوور ژلایێ پۆلیسێن بەغدا ڤە هاتیە کرن، (ئەحمەد) هەڤالێ کوڤانی دگەل دو برایێن وی‌و دگەل چوار کەسێن دی هاتنە دەستەسەرکرن‌و نها کێشە ل ژێر ڤەکۆلینێ یە.

ل دۆر رێکا ئەشکەرا کرنا بکۆژان برایێ کوڤانی گۆت: پشتی چەند رۆژەک ل سەر بەرزەبوونا وی دیاربووین، مە پەیوەندی ب هەڤالێن وی ل بەغدا کرو هاتنە دەڤ مە ل دهۆکێ‌و مە دوڤچوون کر کا ل دەستپێکێ چویە دەڤ کیش هەڤالێ خۆ، پاشی پێزانین بۆ مە هاتن کو چویە دەڤ ئەحمەدی. ل دووماهیێ ب هاریکاریا پۆلیسان‌و هێزێن ئەمنی ئەم شیاین تاوانباران ب پارە ڤە دەستەسەربکەین‌و دان ب تاوانا خۆ کرن‌و پاشی تەرمێ وی گەهشتە دهۆکێ‌وو ل گۆرستانا زرکا هاتە ڤەشارتن.

# ١٧٣٠٣ شۆفێر لەسەر تیژڕەویی سزا دەدرێن

**بەهۆی دانانی کامێرای چاودێریو ڕادارەوە، لەشاری هەولێر حەڤدە هەزارو سێ سەدو سێ شۆفێر لەسەر تیژڕەویی سزا دەدرێن‌و بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی هاتووچۆی هەولێریش، جەخت لەوە دەکاتەوە کە ناهێڵن هیچ شۆفێرێک سەرپێچی بکات‌و بەبێ سزا دەرچێت.**

**بەرزان علی حمە لەهەولێر**

لیوا ئازاد سالح خۆشناو بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی هاتووچۆی هەولێر، لەمیانی یەکەم دیمانەیدا لەگەڵ نم نم باس لەوە دەکات کە لەساڵی ڕابردووەوە ئامێری ڕادارو کامێرا لەهەولێرو دهۆک دانراوەو ئاماژە بەوە دەدات کە لەداهاتوودا لەسلێمانی‌و گەرمیانیش ڕادارو کامێرا بۆچاودێریی شۆفێرەکان دادەنێن.

**بەرزان: هۆکاری درەنگ کەوتنەکاری ڕادارو کامێرای چاودێری چی بوو؟**

**لیوا ئازاد:** دواکەوتنەکەی بەهۆی ئەوەوە بووە کە پێداویستییەکانی بۆ دابین نەکرابوو، یەکەمین شت پێش بەکارخستنی ئامێرەکە دەبێت هێمای تایبەتی دیاریکردنی خێرایی لەسەر شەقامەکان دابنرێت، تاوەکو هاووڵاتی بزانێت ئەو شەقامەی کە پێیدا دەڕوات خێرایی ڕێگەپێدراو چەندەو لەوە چەندە زیاتر بڕوات سزا دەدرێت، چونکە هەر شوێنێک هێمای لێ دانەنرابێت ناتوانیت سزای هیچ کەسێک بدەیت، چونکە دەبێتە نایاسایی.

**بەرزان: ئەو ڕادارانە چی ئاشکرا دەکەن؟**

**لیوا ئازاد:** ئەو ڕادارو کامێرانە خێرایی ئۆتۆمبێل لەڕۆژو سەعاتو شوێنەکەی پیشان دەدات، ئەو شوێنەی کە ئێمە خێرایی پەنجا کیلۆمەترمان بۆ دیاری کردبێت‌و ئۆتۆمبێلەکە لەوە زیاتر بڕوات، ڕادارەکان ئاشکرای دەکەن‌و تۆماری دەکەن، ئەو سەرپێچییە دەبێتە هۆبەی سزادان‌و کۆپی دەکرێت‌و دەخرێتە زەرفەوەو دەنێردرێت بۆ شۆفێرەکە، ئەو سەرپێچییانەش هەفتانە کۆی دەکەینەوە بۆئەوەی بگاتە هاووڵاتییەکە، چونکە ئەگەر مانگانە بێت دوادەکەوێت.

**بەرزان: تائێستا چەند حاڵەتی سەرپێچی لەڕێی ئەو ڕادارانەوە تۆمارکراوە؟**

**لیوا ئازاد:** تائێستا لەدەرەوەی هەولێر ١٥٣١٩ وێنەی سەرپێچی گیراوەو بڕیاری سزای بۆ دەرچووە، لەناو شاری هەولێریش لەبەرئەوەی پڕۆژەکە تازە کۆتایی پێهاتووە، تەنها ١٩٨٤ بڕیاری بۆ دەرچووە، هەموو ئەمانە غەرامەی سی هەزار دیناریان بۆکراوە، بەپێی ماددەی ٢٦ لەبڕگەی واو هەرکەسێک لەخێرایی بڕیار لێدراو زیاتر لێ بخوڕێت غەرامە دەکرێت، بۆ بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی کۆیەش ئێمە بۆی دابین دەکەین، چونکە ئێستا کۆیە بەئێمەوە بەستراوەتەوە، پێشتریش لەهەموو زروفێکدا هیچ دابڕانێک لەنێوان پۆلیسی هاتوچۆی هەولێرو دهۆکو سلێمانیدا نەبووە.

**بەرزان: ئێستا ژمارەی ئۆتۆمبێلەکان لەشاری هەولێردا چەندە؟**

لیوا ئازاد: ئۆتۆمبێلی تایبەت سەدو چل هەزارە، سی هەزار تاکسی هەیە، ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر هەشتا هەزارە، ئەمە تەنها ئەوانەی کە ژمارەیان هەولێرە، ئەگینا سی هەزار سەیارەش هەیە کە ژمارەیان دەرەوەی هەولێرە.

**بەرزان: ئەی جادەو بارنەکان لەتوانای ئەو ژمارە زۆرەی ئۆتۆمبێل دایە؟**

**لیوا ئازاد:** ئەو ڕێگاوبانەی کە وەختی خۆی کراوە ڕەچاوی ئەو ژمارە زۆرەی ئۆتۆمبێل نەکراوە، لەپێش ڕاپەڕین پازدە بۆشازدە هەزار ئۆتۆمبێلی تایبەت لەهەولێردا هەبووە، بەڵام ئێستا سەدو پەنجا هەزاری تیایە، بۆیە ئەگەر ئەم شێوە هاوردەکردنەی ئۆتۆمبێل بەردەوام بێت کە ساڵانە سەد هەزار سەیارە داخڵی کوردستان بێت، کێشەی گەورەمان بۆدروست دەکات، ڕێگەکانی دەرەوەمان ڕێگەی عەسکەرین‌و وەختی خۆی کە کراوە ڕەچاوی ئەندازەی هاتوچۆی لێنەکراوە، هەموو هاتووچۆکانمان لەسەر یەک شەقامە، ئەمە لەهیچ دنیایەکدا نییە، لەناوشاریشدا ژمارەیەکی زۆر ئۆتۆمبێل بەکاردەهێنرێت، ئێستا هەر قوتابییەک ئۆتۆمبێلی خۆی پێیە، لەدنیادا نەبووە ئەوەندە سەیارەی تایبەت بەکاربهێنرێت، خەڵک بۆ کڕینی سەمونێک سەیارەی خۆی بەکاردەهێنێت، بازاڕێکی نزیکە بەسەیارەی خۆی دەچێت، ئەوە کۆلێژی هەندەسە بەرامبەر ئێمەیە لەمەیدانەکەدا نزیکەی دوو هەزار سەیارەی تیا وەستاوە، ئێمە داوا دەکەین کە گواستنەوەی بەکۆمەڵ جێبەجێ بکرێت جا ئەگەر ترام بێت یاخود شەمەندەفەر، داوا دەکەین سنورێک بۆ هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل دابنرێ.



**لیوا ئازاد سالح خۆشناو**

# خوێندكاران پەروەردەی سلێمانییان هێلكەباران كرد

## وەزیری پەروەردە: تێبینی مامۆستاو خوێندكاران بەهەند وەردەگرین‌و ئەگەر پێویست بەگۆڕانكاری بكات دەیكەین

**خوێندكارانی ئامادەییەكانی شاری سلێمانی بۆ ڕێگەگرتن لەبڕیارێكی وەزارەتی پەروەردە خۆپیشاندانێكیان ڕێكخست‌و بەبەردو تەماتەو هێكە ماوەی دوو كاژێر دەوامی پەروەردەی سلێمانیان ڕاگرت‌و پاش پێنج كاژێرو بەبەشداری زیاتر لە ٢٠٠ ئاسایش‌و پۆلیسی چالاكییە مەدەنییەكان، جیاواز لەخۆپیشاندانەكەی ئامادەیی شەمامكی هەولێر كە تەقەی تیاكرا، لەسلێمانی بەگازی فرمێسكڕێژو دەستگیركردنی زیاتر لەپەنجا خوێندكار بڵاوە بەخۆپیشاندەران كرا.**

تایبەت بەنم‌نم

لەبەرامبەر جێبەجێكردنی بڕیارێكی سیستمی نوێی پەروەردە كە ١٠نمرەی پۆلی دەیەم‌و ١٥نمرەی یانزەیەمی ئامادەیی دەخاتەسەر نمرەكانی پۆلی دوانزەیەم، خوێندكارانی ئامادەییەكان ڕۆژی ١٢ی ئەم مانگە خۆپیشاندانێكیان ڕێكخست‌و دوای وەڵامنەدانەوەیان سەرلەنوێ لەكاژێر هەشتی بەیانی دوێنێوە خوێندكارانی ئەو ئامادەییانە، ڕژانەوە بەردەم بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی‌و پاشتر بەشكاندنی پەنجەرەكانی بەڕێوبەرایەتی ناوبراوو بەبێ هیچ كوژراوێك كۆتایی پێهێنرا.

### پشێوی خۆپیشاندەران

دوای ئەوەی ژمارەی خوێندكاران بەرەو زیادبوون دەچوون، لەبەردەم پەروەردەدا زیاتر لە ٦٠٠خوێندكار كۆبونەوەو بەرەو بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە هەڵمەتیان دەبرد، پۆلیس‌و ئاسایش ڕێگەیان لێگرتن‌و ئەوانیش دەستیان بەبەردو هێلكەو تەماتە هەڵدان كردو بەهۆی خۆپیشاندانەكەوە ماوەی دوو كاژێر دەوامی ئەو بەڕێوەبەرایەتیە وەستاو بۆبڵاوەپێكردنیشیان هێزەكانی چالاكییە مەدەنییەكان گازی فرمێسكڕێژیان بەكارهێنا، هاوكات بۆماوەی پێنج كاژێر خۆپیشاندەران شاڕێی سالمی شاری سلێمانیان گرت‌و ڕێگەی هاتوچۆی ئۆتۆمبێلەكانی ئەو شەقامەیان وەستاند.

ئەگەرچی بەرامبەر ئەو ژمارە خوێندكارە نزیكەی ٤٠ كارمەندی ئاسایش‌و ٨٥ پۆلیسی چالاكییە مەدەنییەكان‌و ٤٥پۆلیسی فریاكەوتن‌و ٣٣ پۆلیسی بەرگری شارستانی هەوڵیان دەدا كە بڵاوە بەخۆپیشاندەران بكەن، بەڵام دوای شەش كاژێر بە ٤٠ ئاسایش‌و ٨٠ پۆلیسی چالاكییە مەدەنییەكان‌و ٤٣ پۆلیسی فریاكەوتن‌و ٣٢ پۆلیسی بەرگری شارستانی بڵاوەیان بە ٦٠٠ خوێندكاری خۆپیشاندەر كرد.

### "گازی فرمێسكرێژ نامانجوڵێنێ"

كرمانج، یەكێك بوو لەخوێندكارە مانگرتووەكانی دوێنێی بەردەم بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی‌و ئاماژەی بەوە دا كە بەمەبەستی نارەزایی دەربڕین بەرامبەر بڕیارێكی سیستمی نوێی پەروەردە خۆپیشاندانیان كردووەو داوای هەڵوەشاندنەوەیان كردووە، "ئێمە وەكو خوێندكاران پێمانوایە دانانی ئەو بڕیارە هەڵەیەو حساب بۆ داهاتووی خوێندكاران نەكراوە".

لەلایەكی دیكەوە شنۆ، كە كچە خوێندكارێكی تری بەشداربووی خۆپیشاندانەكە بوو، جەختی لەوە كردەوە كە هەڵەكانی تری ئەو بڕیارە ئەوەیە كە نەكاتی دەوامی لەگەڵ گۆڕاوەو نەپرۆگرامی وانەوتنەوەكان، هەربۆیە تا وەڵامی تەواو وەرنەگرنەوە دەست لەخۆپیشاندان هەڵناگرن، "نەك بەگازی فرمێسكڕێژ بەگولەش لێماندەن‌ئێرە جێناهێڵن‌و نامانجوڵێنن، بەبەردو هێلكە بەرپرسان ناچاردەكەین كە گوێمان لێبگرن، چیتر نامانەوێت عەقڵیەتێكی پیر بەڕێوەمان بەرێت".

بەناز، خوێندكارێكی تری نێو خۆپیشاندانەكەبوو جەختی لەوە دەكردەوە كە ئەو بڕیارەی وەزارەتی پەروەردە تەنها لەناو شارە گەورەكاندا جێبەجێدەكرێت، "ئێمە ئاگادارین لەخوێندنگەكانی دەرەوەی شارو خوێندنگەكانی ئێواراندا مامۆستایان‌و خوێندكاران ڕێك دەكەون‌و نمرەیان بۆحیساب ناكرێت، یان تەواوی نمرەكانیان دەدرێتێ"، هەربۆیە ئەو خوێندكارە بڕیارەكەی بۆ خوێندنگە نموونەییەكان بەگونجاو زانی نەك هەموو خوێندگە ئامادەییەكان.

### "هەر گۆرانێك پێویست بكات دەیكەین"

سەفین دزەیی وەزیری پەروەردەی حكومەتی هەرێمی كوردستان سەبارەت بەو بڕیارە، ئاماژە بەوە دەدات كە ئەو بڕیارە دوای دیراسەكردن دراوە، بۆیە لەئێستادا بڕیارەكە دانراوە.

دزەیی، ئەوەی نەشاردەوە كە هەموو بڕیارێكی نوێ بەبێ كەم‌و كوتی نابێت‌و ڕایگەیاند كە جێبەجێكردنی هەر بڕیارێكی نوێ، لایەنی باش‌و لایەنی خراپیشی دەبێت، "تێبینی مامۆستاو خوێندكارانیش بەهەند وەردەگرین، ئەگەر پێویستیش بەپێداچوونەوە یان گۆڕین بكات، ئەوا دەیكەین".

ناوبراو، جەخت لەوەش دەكاتەوە كە هەموو بڕیارەكانی وەرارەتی پەروەدە بۆبەرەو پێشچونی سیستمی پەروەردەیە لەهەرێمی كوردستان.

لەلایەكی دیكەوە بەڕێوەبەری پەروەردەی سلێمانی كەمال نوری ئاماژە بەوە دەدات كە بەهۆی بەردبارانكردنی پەروەردەوە لەلایەن خوێندكارانەوە، زیان بەر پەنجەرەو دەرگاو ئامێری كۆمپیوتەرو ئیستنساخ‌و تەلەفۆن‌و چەند ئامێرێكی تری فەرمانگەكەیان كەوتووە، "جگەلەو زیانانەی بەر ئۆتۆمبێلی چەند فەرمانبەرێك كەوتووە، زیانەكانی فەرمانگەكەمان بەنزیكەی ٢٠هەزار دۆلار هەژمار دەكرێت".

ناوبراو، جەخت لەوە دەكاتەوە كە ئەوان داوای خوێندكاران دەگەێننە وەزارەتی پەروەردەو بەدواداچونیان دەبێت بۆهەموو خوێندنگەكانی دەرەوەی شارو خوێندنگە ئێوارانەكانیش، "بۆئەوەی هیچ كەسێك نەڵێت نمرە دەدرێت بەخوێندكاران".

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا سكرتێری پارێزگاری سلێمانی لەڕێی بەیاننامەیەكەوە ئیدانەی شێواندنی ڕەوتی خۆپیشاندانەكەی كردو جەختی لەوە كردەوە كە دوای پڕكردنەوەی بەڵێننامە لەخوێندكارە دەستگیر كراوەكان، ئازاد دەكرێن.

# گەنجان گلەییان لەبەرزی نرخی بلیتەكانی سێرك هەیە

**دوای نمایشێكی زۆری یارییە سێركییەكان لەسلێمانی، تیپی سێركی جیهانی، لەئێستادا قۆناغێكی تری نمایشەكانی گواستۆتەوە شاری هەولێرو لەخێوەتێكی گەورەداو لەبەردەم پاركی شانەدەری هەولێر، دەستیان بەنمایشەكانیان كردووەتەوە.**

ئاڵان ساحێبقران لەهەولێر

بەشێك لەو گەنجانەی سەردانی ئەو نمایشانە دەكەن باس لەگرانی نرخی بینینی یاریەكان دەكەن‌و پێیانوایە ئەو نرخەی بۆ بلیتەكان دانراوە زۆرە.

محەمەد غەفور، وەك گەنجێك بۆسەیری یارییەكان چوبووە سەیری ئەو نمایشانەو ئاماژەی بەوە دا كە یاریەكان زۆر سەرنجڕاكێشن‌و شایەنی سەیركردنن، بەڵام "ئەگەر بتەوێت لەگەڵ خێزانەكەت سەردانی ئەو نمایشانە بكەیت ئەوا پارەیەكی زۆرت دەوێت‌و بەهەموو كەس هەڵناسوڕێ".

هەندێكی دیكە لەبینەرانی نمایشی سێرك، پێیانوانییە كە ئەو نمایشانە سێرك بن، ئەوەتا سابیرخورشید، كە بینەرێكی تری یارییە سێركییەكان بوو باسی لەوە دەكرد كە ئەو یاریانە هیچی ناچنە قاڵبی سێركەوە، هاوكات "یاریەكانیشیان لەئاستی یاریە جهانیەكاندا نییە، كەچی ناویشیان لەخۆیان ناوە سێركی جیهانی، دەبوایە وەك سێركە بەناوبانگەكانی جیهان یاری سەرنجڕاكێشیان بكردایە".

عەبدوڵا محەمەد، سەرۆكی تیپی سێركی جیهانی، ئاماژە بەوە دەدات كە ئەوان بەمەبەستی نمایشكردنی یارییە سێركییە جیهانییەكان لەئێرانەوە هاتوون بۆ كوردستان‌و دەیانەوێت لەكوردستان نمایشەكانیان ئەنجام بدەن‌و ئەو كەسانەشی هەڵبژێردراون‌و لەگەڵیاندان بۆ یاریەكان، "باشترین" كەسەكانی تیپەكەیانن.

لەبارەی نرخی بلیتی بینەری یارییەكانییشەوە، عەبدوڵا محەمەد ئاماژەی بەوە دا كە نرخی یەك بلیت شەش هەزار دینارە، بەڵام ئەگەر قوتابیان یان كەسانی تری فەرمانگەكان بەكۆمەڵ بچنە سەیری سێركەكان، ئەوا بۆ هەر بلیتێك سێ هەزار دینار وەردەگرن، "زۆر سوپاسی حكومەتی هەرێم دەكەین، چونكە زۆر یارمەتیان داین‌و كارەباو شوێنیان بێبەرامبەر بۆدابینكردووین".



گەنجانی هەولێر گلەیی لەبەرزیی نرخ‌و جیهانیی نەبوونی نمایشەكانی سێرك دەكەن  فۆتۆ: ئاڵان ساحێبقڕان

# لە پێنجوێن دوو ژن خۆیان دەكوژن

ڕۆژی ١٦ی ئەم مانگە لەقەزای پێنجوێنی سەر بەپارێزگای سلێمانی دوو ژن بەهۆی كێشەی كۆمەڵایەتییەوە یەكێكیان بەفیشەك خۆی دەكوژێت‌و ئەوی تریان بەپەت خۆی دەخنكێنێت.

بەڕێوبەری پۆلیسی پێنجوێن موقەدەم هیوا ئاماژ بەوە دەدات كە یەكێك لەو ژنانە تەمەنی ٢٧ساڵەو دانیشتووی گەڕەكێكی قەزای پێنجوێنەو بەهۆی كێشەی كۆمەڵایەتییەوە یەك فیشەكی ناوە بەخۆیەوەو گیانی لەدەستداوە.

دەربارەی ڕوداوی دووەم ناوبراو ئاماژەی بەوەدا كە ئەو ڕووداوەیان لەگوندی وێنەی سەر بەناحییەی گەرمكی ئەو قەزایە بووە كە ژنێكی تەمەن ٢٢ساڵ بەهۆی خۆهەڵواسینەوە بەپەتێك خۆی خنكاندووەو لەئەنجامی كێشەیەكی كۆمەڵایەتی بووە.

ئەو بەڕێوەبەرەی پۆلیس جەخت لەوە دەكاتەوە كە لێكۆڵنەوە لەهەردوو ڕووداوەكە بەردەوامەو بەپێی بڕیاری دادوەر چەند كەسێكی نزیك لەهەردوو خێزانەكە دەستگیر كراون.

# كتێبخانەیەكی ٥٨ساڵە بەدەست نەبوونی بیناوو هۆڵی ئینتەرنێت‌و كۆمپیوتەرەوە دەناڵێنێت

میهرەبان سەلام لەهەڵەبجە

نەبوونی هێڵی ئینتەرنێت‌و كۆمپیوتەرو بینای شیاو، كارەكانی كتێبخانەی هەڵەبجەی سست كردووەو خوێنەران ناتوانن وەك پێویست سوودی لێ ببینن.

جەبار عەلی، بەرپرسی كتێبخانەی گشتی هەڵەبجە ئەوە ڕووندەكاتەوە، كە بەهۆی نەبوونی ژووری شیاو بۆبەشە جیاوازەكانی كتێبخانەكەیان وایكردووە چەند بەشێك لەیەك شوێندا كۆبكەنەوەو نەتوانن وەك پێویست خزمەتگوزاریی كتێبخانەكەیان بۆخوێنەران دابین بكەن، "بەهۆی بچووكی بیناكەوە ناتوانین خزمەت بەگەنجان‌و منداڵان بكەین، چونكە بەشی منداڵانەكانمان ژوورێكە تەنها جێگەی كتێبەكانی تیادا دەبێتەوە، بەپێی یاسای تازەی بەڕێوەبردنی كتێبخانەكان دەبێت هوڵی ئینتەرنێت‌و كۆمپیوتەر هەبێت، بەڵام بەداخەوە ئەوەشمان بۆ دابین نەكراوە".

خدر كەریم سەرۆكی شارەوانی هەڵەبجە، ئاماژە بەوە دەدات، كە هەوڵیان داوە پارچە زەوییەك بۆ كتێبخانەی شارەكە دابین بكەن كە لەسەنتەری شاردا بێت‌و ڕووبەرێكی گەورەی هەبێت، بەڵام "بەهۆی نەبوونی شوێنێكی لەوجۆرە نەمانتوانیوە زەویان بۆدابین بكەین‌و بەڕێوبەرایەتی موڵكیش بەو مەرجە زەوییەكانی سەنتەری شارمان پێدەفرۆشن، كە بۆسەوزكردن بەكاری بێنین"، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەرۆكی شارەوانی هەڵەبجە بەڵێنی ئەوەیدا، كە ئەگەر بێت‌و لەوەزارەتەوە ئەمری دروستكردنی بینایان بۆدەرچێت، ئەوا ئەویش هەوڵدەدات زەویان لەسەنتەری شار بۆ دابین بكات.

لەگەڵ ئەوەی كتێبخانەی گشتی شاری هەڵەبجە ساڵانە چوار نەسریە لەحكومەتی هەرێم بۆ كارو چالاكییەكانی كتێبخانەكەیان وەردەگرن، بەڵام بەوتەی لێپرسراوی كتێبخانەكە، دەبێت بەپێی ڕێنمایی و خشتەی دیاریكراوی حكومەت كارو چالاكی ئەنجام بدەن، "ئێمە لەساڵانی ڕابردوودا چەندین خولی جۆراوجۆرو وۆرك شۆپ‌و دەورات بۆكارمەندان‌و مامۆستایان‌و منداڵانیش كردۆتەوە، هەرچەندە لەئیستا حكومەت ساڵانە چوار نەسریەمان بۆ دەنێرێت، بەڵام لەگەڵیدا خشتەیەك دەنێرێت كە دەبێت بەپێی ئەو خشتەیە سەرفی بكەین، بۆیە كاروچالاكییەكانمان بەردەوام لەكەمبوونەوەدایە".

# گەنجانی دەزگیراندار بڕوایان بەئەنجامەکانی پشکنینی خوێن هەیە؟

## پشکنینی خوێن دەستنیشانی پێکەوە گونجانی کچانو کوڕان دەکات، بەڵام زۆرجار ئەنجامەکان فەرامۆش دەکرێن

بەتەنها لەسێ مانگی ڕابردووی ئەمساڵ، ٥٦٤٦ هاوولاتی بەمەبەستی پشکنینی خوێن لەپێش پێکهێنانی ژیانی هاوسەریی سەردانی سەنتەری هاوسەرگیرییان کردووە کە تایبەتە بەپشکنینو ڕێنماییکردنی خوازیارانی هاوسەرگیری لەشاری سلێمانی، ئەوەش لەکاتێکدایە کە ٢١٨٤٦کەس لەساڵی ڕابردوودا بۆهەمان مەبەست سەردانی ئەو سەنتەرەیان کردووە .

بێستون فەتاح لەسلێمانی

د.ئازاد حەسەن بەڕێوبەری سەنتەری هاوسەرگیری، لەمیانی دیمانەیەکی تایبەتییـــدا لەگەڵ نم نم، وردەکاری شێوازو جۆرو هەنگاوەکانی پشکنینی خوێـــن لەســـەنتەرەکەیان روون دەکاتەوەو زانیاری زیاتر لەوبارەوە دەداتە خوێنەران.



د.ئازاد حەسەن

**بێستون: سەرەتا چۆن بوو بیرتان لەدامەزراندنی سەنتەرێکی پشکنینی خوێن کردەوە؟**

**د.ئـــازاد:** وەکـــو هەنگاوێـــک بۆپێداچونەوەی ئەو شـــیکاریانەی پێش هاوسەرگیری ئەنجام دەدرێتو بوونی چەند گرفتێکی تەندروستیو کۆمەڵایەتیو چەند نەخۆشـــییەکی زگماک لەناو هەرێمی کوردستانو بەتایبەتی لەشاری سلیمانی، یەکێک لەهەنگاوە هەرە پێویستیەکان ئەوە بوو ئەو شیکاریانەی پێش هاوسەرگیری ئەنجام دەدرێت پـــەرەی پێبدرێت، بەشـــێوەیەک کە پاش ئەنجامدانی شیکارییەکە بتوانین ئەو دوو هاوسەرە ڕێنمایـــی پێویســـتیان پێبدرێتو ئەگەرەکانیان تێبگەیەنرێتو هەرچی پێداویســـتی هەیە بۆ خۆپاراستن، بۆیان ئەنجام بدرێت، بۆیە لەمانگی نۆی ســـاڵی ٢٠٠٦وە، ئەم سەنتەرە دامەزراوەو خزمەت دەکات.

**بێستون: ئەو شیکاریانەی بۆ پێکهێنانیهاوسەرگیری لەسەنتەرەکەتاندا ئەنجام دەدرێت کامانەن؟**

**د.ئازاد:** هەرچەندە لەزۆربەی وڵاتانی دونیا چەند شیکاریەکی بنەڕەتی هەیە ئەنجام دەدرێت، بەڵام شیکارییەکان لەناوچەیـــەک بـــۆ ناوچەیەکی تر جیاوازی هەیە، ئەو شیکاریانەی کە بۆخوازیارانی هاوسەرگیری ئەنجام دەدرێت چەند بەشیک دەگرێتەوە، وەک بەشـــی شـــیکاری تـــەواوی خوێن، کـــە پێکهاتـــووە لەگروپی خوێنو ڕێژەکانـــی خوێن، ڕێژەی بنەڕەتییەکانی خوێن، پاشان شیکاری ڕێژەیهیمۆگلۆبین ئیلکترۆ فۆریسس - بۆدیاریکردنی بوونی نەخۆشـــی تالاسیما - بەشـــی ڤارۆلۆجیشمان هەیـــەو ئەو شـــیکاریانە دەگرێتەوە کە بەنەخۆشـــییە گواســـتراوەکان ناســـراون، وەک ئەو نەخۆشیانەی بەڕێگای سێکس دەگوێزرێتەوە، وەک ئایدز لەگەڵ نەخۆشـــی VDRL، جگەلەو بەشانەش، لەبەشی کیمیادا چەند پشکنینێکی تریان بۆ ئەنجام دەدرێت، هاوکات ئەگـــەر ئەوانەی پشکنینیشـــیان بۆدەکرێت گرفتی کەم خوێنیشیان هەبێتو هۆکارەکەی تالاسیما نەبێت، ئێمە هەوڵ دەدەین هۆکارەکەی بۆ دەستنیشـــان بکەین بۆئەوەی ئەو خێزانـــە یان ئەو دوو هاوسەرە کە دەستدەکەن بەسەرەتای دروســـتکردنی خێزانیک ئەو کەم خوێنیەیان نەمێنێت.

**بێستون: ئەگەر لەئەنجامی پشکنینەکاندا دوو هاوسەر کێشەیان بۆ دروستبوو چۆن چارەسەریان بۆ دەکەن؟**

**د.ئـــازاد:** لەســـەرەتای کاری ئـــەم کلینکەدا بیرمان لەوە کردبۆوە کە لەهەنگاوێکی وادا چەند گرفتێکی کۆمەڵایەتی دروســـت بێت یاخود کێشەی تەندروستی هاوکات چەند گرفتێکـــی یاســـایش ڕووبەڕوت دەبێتەوە.

ئێمە لـــەم کلینکییـــەدا کە چەند تایبەتمەندیەکـــی دراوەتێ، هەردوو خوازیارەکە کە یەکەمجار سەردانی کلینکەکە دەکەن، لەلایەن پزیشکێکی پســـپۆڕی تەندروســـتی کۆمەڵەوە دەبینرێن، فۆڕمێکی تایبەتمان هەیەو پێیاندەدرێتو چەند پرســـیارێکی تایبەتیـــان لێدەکرێـــت، لەبـــاری پەیوەندی خزمایەتیان، لەبواری بوونی نەخۆشییە گواستراوەکان، لەبواری بوونی نەخۆشـــییە زگماکییەکان، پاش ئەم هەنـــگاوە، دوو ڕۆژ دوای ئەوەی شیکاریەکانیان بۆ ئەنجامدرا، لەکاتی پڕکردنەوەی فۆڕمەکە چەند زانیاریەکـــی تریان لێوەردەگیرێت، وەکشوێنی نیشتەجێبوونیو چۆنیەتی پەیوەندیکـــردن پێوەیـــان، چونکە ئێمە لەکاتی پرۆســـەی ئەنجامدانی شیکاریەکە دەشێت چەند جارێک پێویســـتمان بەوەرگرتنـــی نموونە هەبێت بۆدڵنیابوون لەشـــیکاریەکە، چونکە بڕیـــاردان لەکاتیکی وادا، پێویست دەکات چەند شیکاریەکی دلنیابوونیان بۆ ئەنجام بدرێت.

پاشان ئەگەر دوو هاوسەر کێشەیان بۆ دروســـتبوو توانیمان بەڕێگەی زانســـتی بۆیان چارەسەرکەین ئەوا درێغی ناکەیـــن، ئەگەریش زانیمان چارەســـەرمان لا نییە ئـــەوا پێیان دەڵێین کە کێشەیان هەیەو لەداهاتوودا کێشە بۆمنداڵەکانتان دروستدەبێت، ئیدی دەکەوێتەوە سەر ئەو دوو کەسە خۆیان ئاخۆ هاوســـەرگیری ئەنجام دەدەن یاخود نا.

# پەرەسەندنی قەڵەویی هەڕەشە لەتەندرووستیو ئابوریی جیهان دەکات

ئا: زانیار

بەپێـــی دوایـــن ڕاگەیاندنی ڕێکخـــراوی جیهانـــی تەندرووستیWHO زیاتر لەیەک میلیارد بەســـاڵاچوو لەجیهاندا هەنو لـــەو ڕێژەیـــەش زیاتر لە٣٠٠ملیۆنیان بەدەســـت بەرزی کێشو قەڵەوییانـــەوە دەناڵێننو ئەوەش مەترســـی تووشـــبوون بەشـــەکرە، نەخۆشـــییەکانی دڵ، بەرزبونـــەوەی گوشـــاری خوێن، جەڵدەو چەند جۆرێکی شێرپەنجەیلێدەکەوێتەوە.

لێکۆڵەران لەبارەی پەرەسەندنی قەڵەوی لەئاســـتی جیهانی دا کـــە وەک گەورەترین هۆکاری ســـەرەکی دەرکەوتنی نەخۆشیە درێژخایەنەکان دێتـــە ئەژمار، هۆشـــداریان داو ڕایانگەیاند کە قەڵـــەویو زیادبوونی کێش جگەلـــەوەی تەندرووســـتی جیهانیان خستۆتە مەترسییەوە، زیانـــی ئابـــوری زۆریشـــی بەدواوەیە، لەوبارەوە پرۆفیســـۆر فیلیپ جیمـــز دەڵـــێ: "ئێمە لەگەڵ کێشەیەکی زانستی یان تەندرووســـتی رووبەروو نین، بەڵکو ئێمە روبەڕووی کێشەیەکی ئابووری گـــەورە بووینەتەوە کە سیســـتمی تەندرووستی وڵاتان تێکدەشـــکێنێت، ئەگـــەر رێ لەبڵاوبوونەوەی نەگیرێت بوجەی هەموو وڵاتان هەڵدەلوشێت".

لەلایەکی دیکەوە پرۆفیسۆر پۆل زیمنت مامۆستای زانکۆی مۆناش لەئۆستۆرالیا، جەختلەوەدەکاتەوە کە وڵاتە دەوڵەمەندەکانی خۆرئاوا ســـەرۆکایەتی بەربڵاوبونەوەی قەڵەویلەجیهانیان گرتوەتەئەستۆو وڵاتانی جیهانی سێیەمیشـــان لەدابو نەریـــتو خوو جۆری خواردنو جۆری چالاکییەکانی لەش کردووەتە لاســـایکەرەوەی خۆیان.

بەپێی ئامارەکانـــی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی لەئێستادا قەڵەوەکانی جیهـــان ژمارەیان لەبرســـییەکان زیاترە، چونکە لەبەرامبـــەر ٨٠٠ملیـــۆن کەس لەوانـــەی دەســـتی بەخۆراکی پێویست ڕاناگات، زیاتر لەیەک میلیارد کەس بەدەست قەڵەویو بـــەرزی کێشـــەوە دەناڵێنـــن، بەجۆرێک لەهەر چوار منداڵی ئۆســـترالیا، دانەیەکیان قەڵەوەو نیوەی ژنانی بەســـاڵاچوو، دوو لەسەر ســـێی پیاوانی ئەو وڵاتە بەدەست بەرزی کێشی لەشیانەوە دەناڵێنن،

هاوکات ئەمریکا زیاتر لە ٣٠٪ی ڕێژەیقەڵەوی جیهان پێکدێنێتو بریتانیـــاش بـــە٣و٢٠٪ی ئەو ڕێژەیەی بەردەکەوێتو لەریزی ئـــەو وڵاتانەدان کـــە زۆرترین قەڵەویان هەیە.

**سەرچاوە:**
**سایتی پزیشکانی بێسنوور**

# کێ دەیەوێ لەپرخە پرخ رزگاری بێت؟

دئالان رەحیم کەریم
پسپۆری تیشکـو سۆنەر

پرخانـــدنSnoring ، بەهـــۆی لەرینـــەوەی مەڵاشـــوی نـــەرم Soft palate، زمانەبچکۆلە Uvula، بنکەی زمانو بەشـــە نەرمەکانی تری قوورگو بەهـــۆی هـــەوای ڕێلێگیـــراوی کاتی هەناسەوەرگرتن لەنووســـتندا دەنگی هێمنو نەرم یان بەرزو ناخۆش لەلووتو دەمـــەوە دەردەچێتو بەڕێـــژەی ٣٠ . ٥٠٪ لەکۆمەڵداو بەرێژەی ٦٠ . ٦٥٪ لەتەمەندارەکاندا ڕوودەدات.

**دوو ئاستی پرخاندن:**

ا. پرخانـــدن بەدەنگی هێمـــنو نەرم: لەزۆرینەی خەڵکدا ڕوودەدات، کاتێک بەبەرواردبەمل، کەللەی سەر بەشێوەیەکی نارێک دادەنرێـــتو دەنگی پرخاندن هێمن دەبێت.

ب. پرخاندن بەدەنگی بەرزو ناخۆش: هەناسەدان پچڕپچڕ دەبێتو لەئەنجامی گیرانی تەواو لەڕێڕەوی هەناسەدا مرۆڤ بۆ ماوەی دە چرکە توانای هەناسەدانی دەوەستێت.

**دوو ڕێگەی هەناسەدانی ئاسایی:**

١. هەناسەدان لە ڕێگای لووتەوە
٢. هەناسەدان لە ڕێگای دەمەوە:
ڕێگای ڕاســـتو ئاســـایی هەناسەدانەو بۆگازگۆڕکـــێ گونجاوتـــریـــن بوار بۆکارکردنی سییەکان دەڕەخسێت.
نەریتێکی وەرگیراوەو لەئەنجامی گیرانی لووتەوە مرۆڤ بەناچاری پەنا دەباتەبەر ڕێگای دەم.

**چۆنێتی پەیدابوونی پرخاندن:**

ئەگەرچـــی لەکاتی نووســـتندا مرۆڤ لەڕێگای لووتەوە هەناســـە دەدات، بەڵام بەهەر هۆکارێک بێت کاتێک ڕێگا لەهەوا لەڕێی لووتەوە دەگیرێت دەنگی پرخاندن ســـەرهەڵدەداتو بڕی هەوای پێویست بۆسیی کەمدەبێتەوە، دەرئەنجام کاری کۆئەندامی هەناسە بەجۆرێک دەشێوێت کە سیی توانای کشانی کەمدەبێتەوەو خوێن تێزان تیایدا بـــەدی دەکرێتو ڕێژەی تێربوونی خوێن بەئۆکســـجین کەمدەبێتەوە، دواتر کاریگەریی خراپی بۆهەموو ئەندامەکانـــی لەش بەتایبەتی سووڕی خوێنو کۆئەندامی دەمار دەبێت.

**هۆکارەکانی پرخاندن:**

* پرخاندن لە منداڵدا:
١. هۆکاری زگماک وەک گیرانی لایەکی لووت.
٢. هەڵاوســـانی ئەدینۆید Adenoid لەبەشی پشتەوەی لووتدا.
٣. هەڵاوســـانی ئاڵوو tonsils، منداڵ لەدەمـــەوە هەناســـەدەداتو دەبێتەهۆی لەرزاندنی زمانە بچکۆلەو دروستبوونی دەنگی تایبەتی پرخاندن.

**کاریگەرییە خراپەکانی پرخاندن:**

١. لەمنداڵـــدا: پرخانـــدن دەبێتەهۆی نزمیی ئاستی زیرەکیی، کەمبوونەوەی چالاکییو گۆڕرانی توێکاریی دەموچاو.
٢. لەمرۆڤـــی تەمەنـــداردا: پرخاندن ڕاستەوخۆ کارەکاتەسەر دڵو سووڕی خوێنو هەندێجار لەکاتی نووســـتندا دەبێتەهۆی گیان لەدەستدانی لەناکاو.

**پرخاندن لە قۆناغەکانی تردا:**

١. خواری بەربەســـتی لـــووتNasal septal deviation ، لەوانەیە زگماک یان لەئەنجامی ڕووداوێکەوە دروســـت بووبێت.
٢. هەڵاوسانی توێژاڵی ناوپۆشی لووت.
٣. زیادە گۆشـــتی ناو لووت Nasal polyp .
٤. هەوکردنـــی درێژخایـــەن بەهۆی شێرپەنجەی لووتو قوورگ.
٥. زیادبوونی کێـــش کە دەبێتە هۆی شۆڕبوونەوەی مەڵاشووو ئاوسانی بەشی پشتەوەی زمان.

**نیشانەکانی پرخاندن:**

١. بێزاریـــی نەخـــۆش خـــۆی یان دەوروبەرەکـــەی لەبوونـــی دەنگـــی پرخاندن.
٢. هەســـتکردن بەلـــەش خاوبوونەوەو خەواڵویتی لەکاتی ئیشکردندا.
٣. هەســـتکردن بەسەرئێشـــە لەکاتی لەخەوهەستاندا.
٤. لەبیرچوونەوەی ڕووداوەکان.
٥. بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن.

**پشکنینە پێویستەکان بۆ دیاریکردنی نەخۆشیی لەپرخاندندا:**

بۆجیاکردنـــەوەی هۆکارەکانـــی دروســـتبوونی پرخاندن ئەم پشکنینە تایبەتانەپێویسن:
١. پشکنینی نەخۆش لەکاتی نوستندا، بەجۆرێک کـــە هەندێک ئامێری پێوە دەبەسترێت بۆ پێوانی: چالاکی مێشک، جووڵەی ماســـولکەکان، جووڵەی چاو لەکاتی نووستندا، جووڵەی سنگو سک لەکاتی هەناسەداندا و ڕێژەی ئۆکسجین لەخوێندا.
٢. بەکارهێنانی پشکنینی تەنووری یان ناولووتبین Rhinoscope بەمەبەستی دیاریکردنی هۆکارو شـــوێنی گیرانی لووت.

**چارەسەرکردنی پرخاندن:**

بەپێـــی جیاوازیـــی هۆکارەکانی پرخاندن چارەســـەر جیاوازە، لەوانە:

* نەشـــتەرکاریی بۆ ڕاستکردنەوەی بەربەستی خواری لووت.
* نەشتەرگەریی بۆلابردنی گۆشتی زیـــادە لەناو لووتـــداو ناردنی گۆشـــتە زیادە لێکراوەکە بۆپشکنینی شانەیی تا جۆرەکـــەی دیـــاری بکرێت.
* نەشتەرگەریی بۆ لابردنی ئەدینۆید یـــا ئاڵـــووی هەڵاوساو.
* دابەزاندنی کێـــش کاتێک کە قەڵەوی هۆکاری پرخاندن بێت.



# تاکەی حکومەت ئاوڕ لەبێکاریی گەنجان ناداتەوە؟

## حکومەت لەو باخەوانە دەچێت کە ڕەنجێکی زۆر دەکێشێت بەبێئەوەی سوود لەبەروبومەکەی وەربگرێت

**پشتیوان رەحیم**
**توێژەری کۆمەڵایەتی**

کورد دەڵێت شەڕ لەبەتاڵی باشترە، واتە ئەگەر مرۆڤ دەستی بەتاڵ بوو هیچ کارێکی نەبوو بیکاتو کاتی لێ بوو بەدوژمنو نەیزانی بەچییەوە بیکوژێت، ئیتر ئەو مرۆڤە بەئاڕاستەیەکدا هەنگاو دەنێت لەشەڕ زۆر خراپترە.

### مەترسیەکانی بێکاری

لەکوردستاندا بەهۆی رێکنەخستنی کاروبارەکانی ژیانو گەندەڵی ئیداری وایکردووە بەشێک لەگەنجەکان بێکاربنو بەشێکی تریان لەبێکاری قەناعەتپێکراودا بژین. نەبونی کارو دەستبەتاڵی، گەنجانی بەئاڕاستەیەکی زۆر خراپدا بردووە، بەشێکی زۆری گەنجەکانمان ڕوویان لەهەندەران کردوو بەشێکی تریان ڕوویان لەئالودەبوون بەمادە هۆشبەرەکان کردووە، هەندێکی تریان کاتیان لێ بووە بەکابوسو نازانن بەچییەوە خۆیان سەرقاڵ بکەن.

بێکاری وا لەمرۆڤ دەکات ڕووبکاتە زۆر کاری ناڕەواو نەشیاوی وەک دزی، ئالودەبوون بەخواردنەوەو کات بەسەربردن بەشتی زۆر بێماناوە.

### ئەرکی حکومەت چییە؟

ئەرکی حکومەت بریتییە لەڕەخساندنی هەلی کارکردن لەفەرمانگا حکومیەکانو کەرتی تایبەت تا گەنجان بتوانن ڕۆڵی پیشەنگی خۆیان ببینن‌و هەست بەبوونی خۆیان بکەن. ئەوەی جێگەی سەرنجە تاکو ئێستا گەنجان بەهۆی ئینتمای حیزبی بونیانەوە دادەمەزرێندرێن‌و لەبری لێوەشاوەییو تواناو ئاستی زانستی بکرێت بەپێوەر گوێڕایەڵیو پلەی حیزبی هۆکاری چونەپێشەوەیەتی.

سەرەڕای ڕەخساندنی هەلی کار، پێویستە حکومەت شوێنەکانی کات بەسەربردنو پشوو بۆ گەنجان برەخسێنێت هاوکات هەموو ئەو کارمەندانەش خانەنشین بکات کە تەمەنیان لەسەرو ٥٠ساڵییەوەیە تا زەمینەی هاتنەپێشەوەی گەنجان زیاتر برەخسێت.

### ئەرکی گەنج چییە؟

کێشەگەنج ئەوەیە لەکوردستاندا هەموو کارێک ناکات، بەڵام کە دەچێتە ئەودیو سنوری کوردستان ئامادەیە خراپترین کار بکات.

زۆر بەکەمی دەبینی گەنجی شارەکانی کوردستان لەچیشتخانەیەکدا یان وەک کرێکاری شارەوانی یان کرێکاری بەردەستی وەستا کاربکات، تەنانەت بۆکاری ئاسایشو پۆلیس کەمتر گەنجە خاوەن بڕوانامەکان دەچن کە هەموو ئەمانە کۆمەڵە هۆکارێکەو دەبێتەمایەی بێکاری گەنجانو لەبنەڕەتیشدا هەر خۆیان ڕۆڵیان تێدا هەیە.

### سەرمایەی بێ قازانج

لەزۆربەی وڵاتە ئەوروپیەکان کاتێک کارتی مانەوە دەدەن بەکەسێک یەکسەر بیر لەوە دەکەنەوە ئەم کەسە دەتوانێت چی پێشکەشی وڵاتەکەیان بکات یان لەماوەی مانەوەیدا چەند پارە لەو وڵاتەدا خەرج دەکات.

بۆئەوان گەنج سەرمایەیەکی باشە بەبێ ئەوەی یەک دۆلاری تێدا سەرفکردبێت لەتەمەنێکی گونجاودا گەیشتوەتەوڵاتەکەی ئامادەی هەموو کارێک بکات بێ ئەوەی گوێ بەکاتو شوێنی کارکردن بدات، بەڵام بۆ هەرێمی کوردستان لاو سەرمایەیەکە تائێستا نەتوانراوە بەگەڕبخرێتو قازانجی لێ بکرێت.

حکومەتی هەرێمی کوردستان بەسەدان هەزار دۆلار لەپێگەیاندنو گەورەکردنی گەنجەکاندا سەرف دەکات، بەڵام کە دەگاتە سەر ئەوەی حکومەت قازانج لەوزەو تواناکانی بکات ئەو گەنجە ئەتۆرێنێ لەژیان یان سەری خۆی هەڵدەگرێت بەرەو نادیار یان بەرەو جیهانی مادەی هۆشبەرو تاوانو توندوتیژی هەنگاو هەڵدەهێنێت.

حکومەت لەو باخەوانە دەچێت کە ڕەنجێکی زۆری لەگەڵ باخەکەیدا بکێشێت کە گەیشتە بەرهەم وازی لێ بێنێتو دەستی لێ بەردات، بەڵام دەبێت بۆلەمەودوا ئەم باخەوانە لەکاتی پێگەیشتنی بەروبومی باخەکەی زیاتر خۆی ماندوو بکات تا ڕەنج بەخەسارنەبێت.



گەنجانی کوردستان لەڕێی دەنگدانەوە حکومەتو دەسەڵات بەئاگادێننەوە

فۆتۆ: شاخەوان مەحمود

# گەنجانی کوردستان لەرێی رێکخراوێکەوە خۆیان بەجیهان دەناسێنن

## "دەمانەوێت گەنجانی کوردو گەنجانی وڵاتانی تری دونیا بەیەکتر بناسێنین"

**لەچەند هەفتەی رابردوودا رێکخراوی گەنجانی کوردی ـ نێودەوڵەتی، دامەزراندنی خۆی راگەیاندو خۆی بەرێکخراوێکی گەنجانەی سەربەخۆی ناحکومی ناساند کە کاردەکات بۆ ئاڵوگۆڕی کولتووریو پەرەپێدانی بنەماکانی دیموکراسیو مافی مرۆڤو چالاکییە مەدەنییەکان لەچوارچێوەی یاساداو دروشمە سەرەکییەکانی رێکخراوەکەش بریتین لە: هاوکاری، ڕۆشنگەری، ئاڵوگۆڕی کولتووی.**

**سایە جەبار لەهەولێر**

هێمن کەریم مام ڕەش سەرۆکی ڕێکخراوەکەیەو لەیەکەمین دیمانەیدا لەگەڵ نم نم وردەکاری دامەزراندنو ئامانجەکانی ڕێکخراوەکەی بۆخوێنەران ڕوون دەکاتەوە.

سەبارەت بەچۆنیەتی دروستبونی ڕێکخراوی گەنجانی کوردی ـ نێودەوڵەتی، سەرۆکی رێکخراوەکە ئاماژە بەوە دەدات کە ڕێکخراوەکەیان لەبەهاری ساڵی رابردوو وەک پڕۆژەیەک لەلایەن ژمارەیەک گەنجی خاوەن بڕوانامەوە گەڵاڵە کراوەو لەڕۆژی ٧-٢-٢٠١٠ بەنووسراوی ژمارە ٣٤٣٤و بەفەرمانی وەزاریو ئیمزای وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، مۆڵەتی کارکردنیان وەک ڕێکخراوێکی ناحکومە پێدراوە.

### ستافی ریکخراوەکە سەرجەمیان خاوەن بڕوانامەن

تەواوی ئەو ستافەی لەو ڕێکخراوەدا کاردەکەن خاوەن بڕوانامەی جۆراوجۆرن‌و پێکهاتوون لەکەسانی بەتواناو شارەزا لەکاری ڕێکخراوەییدا، هاوکات ستافەکە خەڵکی سەرجەم ناوچەکانی کوردستانی تێدایە بەبێ ڕەچاوکردنی هیچ جیاوازیەک. لەو بارەیەوە سەرۆکی ڕێکخراوەکە جەختی لەوە کردەوە، کە ئەوان پشت بە زۆرییو بۆریی ئەندام نابەستن، بەڵکو لەشارو شارۆچکەکانی کوردستاندا "ستافی کارکردنی خۆمان هەیە کە لە ٩ تا ١١ ئەندام پێکدێتو ئەندامەکانیش نابێت تەمەنیان لە ١٨ساڵ کەمترو لە٤٠ساڵ زیاتر بێت".



هێمن کەریم مام ڕەش

ڕێکخراوی گەنجانی کوردی ـ نێودەوڵەتی خاوەنی چەندین نوێنەرە لەوڵاتە جیاجیاکانی وەک: ویلایەتی یەکگرتوەکانی ئەمریکا لەواشنتۆن، ڤیرجینیا، تینسی، مێریلاند، ئەتلانتاو هەروەها لەوڵاتانی تری وەک، ئوسترالیاو نەرویجو بەریتانیاو ئۆکرانیاو مالیزیا، بوونی ئەو نوێنەرانەش لەو وڵاتانە بووەتە هۆی دروستبوونی پەیوەندییەکی بەهێز لەگەڵیاندا.

### ئامانجەکانی ڕێکخراوەکە

بەوتەی هێمن کەریم، ئامانجی ڕێکخراوەکەیان خۆی دەبینێتەوە لەگەشەپێدانی پەیوەندیو ئاستی ڕۆشنبیری گەنجان لەسەرجەم بوارەکاندا لەناوەوەو دەرەوەی هەرێمی کوردستاندا، لەوانە: پەروەردەیەکی زانستیانەی تەندروست بۆگەنجان بەپێشکەوتووترین میتۆدی سەردەم لەسەرجەم بوارەکانو زیندوو ڕاگرتنی کولتوورو زمانی کوردیو ناساندنی بەگەلانی تری جیهان، بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری یەکتر قبوڵکردنو بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرو سڕینەوەی ئاسەوارەکانی بیری توندڕەوی لەهزری گەنجاندا، لەیەکتر نزیککردنەوەی گەنجانی کورد لەگەڵ گەنجانی گەلانی تری جیهان بەگشتی، ڕۆشنبیرکردنی گەنجان بۆبەهێزکردنی گیانی نیشتیمانپەروەری لەکۆمەڵگەبەشێوەیەکی گشتیو لەناو توێژی گەنجان بەتایبەتی، ڕۆشنبیرکردنو هۆشیارکردنەوەی گەنجان بۆ پێداگیری کردن لەپرسە چارەنووسسازەکانی پەیوەندار بەمافە ڕەواکانی گەلی کوردستان، پشتگیری کردن لەئەزموونی پەرلەمانو حکومەتی هەرێمی کوردستان، پارێزگاریکردن لە یەکرێزی نێوان پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان لەرێگەی ئەنجامدانی چالاکی رۆشنبیری هاوبەش لەنێوان گەنجانی سەرجەم پێکهاتەکانی کوردستان لە ناوەوەو دەرەوەدا. هەموو ئەمانە لەئامانجە سەرەکییەکانی ڕێکخراوی گەنجانی کوردی ـ نێودەوڵەتییە.

### بودجەیان لەلایەن حکومەتەوەیەو بێلایەنیشن!!

هێمن مام ڕەش ئاماژە بەوە دەدات کە ڕێکخراوەکەیان پەیوەندی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆیان لەگەڵ هیچ حزبو لایەنێک نییە، بەڵام "ئەوەش مانای ئەوە نییە کە ئەگەر هەر حزبو لایەنێک بیەوێت لەڕێگەی ئێمەوە پڕۆژەیەکی خزمەتگوزاری بۆ گەنجان ئەنجام بدات ئێمە قبوڵمان نەبێت"، هاوکات سەرۆکی ڕێکخراوەکە ئەوەشی نەشاردەوە کە پەیوەندیان لەگەڵ حکومەتو پەرلەماندا بەپێی ئەو یاسایەیە کە ساڵی ١٩٩٢ لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بۆ کاری ڕێکخراوە ناحکومییەمییەکان دەرکراوە، "داهاتی ڕێکخراوەکەشمان بریتیە لەبودجەی تەرخانکراو لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەپێی سیستمی ژمێریاریو دەستووریو یاسایی، هەروەها داهاتی پڕۆژەو چالاکیەکانی ڕێکخراوو داهاتی چاپەمەنیەکانی ڕێکخراوو کۆمەکی بێ مەرجی کەسایەتیو لایەن‌و ڕێکخراوە خێرخوازییە ناوخۆییو نێودەوڵەتیەکانە".

ناوبراو رایگەیاند کە ڕێکخراوەکەی ئەوان پشت بەپێشکەشکردنی پڕۆپۆزەلات دەبەستێت بۆسەرجەم ڕێکخراوە ناوخۆییو دەرەکییەکانو دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی ڕێکخراوەکان لەسەریانو تەرخانکردنی بودجە بۆیان، ئەوان وەک ڕێکخراوی گەنجانی کوردی ـ نێودەوڵەتی تەنها دەبنە لایەنی جێبەجێکاری پڕۆژەکان، "ئێستا ئێمە بانگهێشتکراوین بۆ کرواتیا، هەروەها بۆ فیستیڤاڵی ڕۆشنبیریو هونەری ساڵانەی دیاربەکر، لەلایەن کۆمەڵەی بازرگانانی گەنجی تورکیاشەوە بانگهێشتکراوین بۆ ئەستەمبول بۆگفتووگۆکردن لەسەر چۆنیەتی ئەنجامدانی چەند چالاکییەکی هاوبەش بەئامانجی سوود وەرگرتن لەئەزموونی گەنجە بازرگانەکانی تورکیاو بەرزکردنەوەی توانای کاری بازرگانی گەنجانی کورد لە هەرێمی کوردستان".

### ڕێکخراوەکە بەستایلێکی جیاواز کاردەکات

هێمن مام ڕەش گەنجان لەوە دڵنیادەکاتەوە کە ڕێکخراوەکەیان نابێتە بار بەسەر گەنجانەوەو تەنها بۆزیادکردنی ژمارەی ڕێکخراوێکی دیکەی گەنجان نییە، "بەڵکو ئەوەی ئێمە کردوومانەو ئەو ئامانجەی ئێمە هەمانە تائێستا ڕێکخراوێکی ناحکومی کاری لەسەر نەکردووە، بۆیە ژمارەیەکی نوێو تازەین لەشێوازی کارکردنو ئامانجماندا".

سەرۆکی ڕێکخراوەکە باس لەوە دەکات کە دەیانەوێت گەنجانی کوردو گەنجانی وڵاتانی تری دونیا لەنزیکەوە بەیەکتر بناسێنن‌و پردێکی پەیوەندیش لەنێوان تەواوی گەنجانی کورددا دروستبکەن لەهەرکوێی ئەم دنیایەدا بن.

# بێکاری لاوان روولەهەڵکشانە

**بارین سامان**

بەپێی راپۆرتی ڕێکخراوی نوسینگەی کاری نێونەتەوەیی، ڕێژەی بێکاری لەجیهاندا زیادیکردووەو زۆربەشیان لاوانن.

ڕاپۆرتەکە ئاماژە بەوە دەدات کە گەشەی ئابوری جیهان زۆر لەدواوەیەو بەپێی ژمارەی ئەو لاوانەی توانای کارکردنیان هەیە، بەڵام کاریان دەست ناکەوێت.

ڕێکخراوی نوسینگەی کاری نێونەتەویی هۆکاری زۆربونی ڕێژەی بێکاری گەڕاندەوە بۆ قەیرانی ئابوری جیهانی کەتائێستاش کاریگەریەکانی ماوە، لەگەڵ کارەساتە سروشتیەکانو شەڕو شۆڕی نێوخۆی هەندێ وڵات، خەرجکردنێکی پارەی زۆر لەکڕینی چەک و تەقەمەنی. ئەمانەو چەند هۆکارێکی تر بونەتە هۆی کەمبوونەوەی هەلی کارکردن.

ڕاپۆرتەکە ئەوەی خستۆتەڕوو کە ڕێژەی ئەوانەی بێکارن لەجیهاندا ١٥٠٠ملیۆن کەسی تێپەڕاندووە کە زۆربەیان لاونو زۆربەشیان لەخوار هێڵی هەژارییەوە دەژین‌و ئەمەش هەڕەشەیە بۆزۆربوونی تاوان لەجیهاندا، هاوکات بەپێی ڕاپۆرتێکی ئەمریکیش ٦٠٪ی ئەوانەی تاوانیان کردووەو ئێستا لەگرتوخانەکاندان ئەوانەن کە بێکارن، ڕاپۆرتەکە ئاماژەی بەوەش داوە کە تا ڕێژەی بیکاری زیاتر بێت ڕێژەی تاوان زیاتر دەبێت.

لەلایەکی دیکەوەو بەپێی ڕاپۆرتێکی نەتەوە یەکگرتووەکانو وەزارەتی پلاندانانی عێراق، ڕێژەی بیکاری لەعێراقدا ٤٨٪ی تێپەڕاندووە کە بەشی زۆریان لەخوار هێڵی هەژارییەوە دەژین.

ئەو ڕاپۆرتە هاوبەشە ئاماژە بەوە دەدات کە بەشێک لەتوندوتیژییەکانی عێراق پەیوەندیان بەرێژەی بێکارییەوە هەیە لەعێراقدا.

# پەشێویەکانی پاش منداڵبوون

## نزیکەی ٥٠٪ ـ ٧٠٪ی ئافرەتان پەشێوی پاش منداڵبوونیان هەیە

د.ئەفرام حەسەن
ب. نەخۆشخانەی سۆزی دەروونی

سکبوون‌و منداڵبوون دوو قۆناغی سروشتین لەتەمەنی مێینەدا، رەنگە کەم مێ هەبێت حەز بەم قۆناغە نەکات. ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە تەنها باس لەپەشێوییەکانی پاش منداڵبوون دەکەین، کە دەتوانین ئەو پەشێوی‌و حاڵەتانە بکەین بەچوار جۆرەوە:

**١. پەشێوی دوای منداڵبوون:**
ئەم بارە نزیکەی **٥٠٪ ـ ٧٠٪**ی مێینە هەیەتی، پاش منداڵبوون بەحاڵەتێکی نەخۆشی دانانرێت، بەڵکو ئاساییە لەچەند رۆژی پاش منداڵبوون بەتایبەت پێنج رۆژی یەکەمی دوای منداڵبوون دایک هەست بەدڵتەنگی دەکات‌و جارجار لەبەر خۆیەوە دەگری‌و خەوی لێ تێکدەچێت، واتە بەنارەحەت خەوی لێدەکەوێت یان ناتوانێت بەپێی پێویست لەخەودا بمێنێتەوە، ترسی ئەوەی دەبێت نەتوانێت کۆرپەکەی بەخێوبکات‌و هەست بەنائارامی دەکات، هاوکات هۆکاری ئەم دڵتەنگییە بۆ گۆڕان لەئاستی ئیسترۆجین‌و پرۆجیستیرۆن دەگەڕێتەوە کە پاش منداڵبوون بەخێرایی دادەبەزێت هەروەها ئەگەری ئەم حاڵەتە لەمانەی خوارەوە زیاترە:

- یەکەم جاریانە منداڵیان بێت.
- پێشتر گرفتیان هەبووە لەسوڕی مانگانە کە پێیدەڵێن نیشانەی پاش سوڕی مانگانە.
- لاوازیی پاڵپشت‌و خۆگونجاندنی کۆمەڵایەتی.

**چارەسەر:**
لەبەرئەوەی ئەم بارە نەخۆشی نییە بۆیە پێویستی بەدەرمان نییە، بەڵکو تەنها بڕێک پاڵپشتکردن‌و دڵنیاییکردنەوەی دەوێ‌و لەماوەی دوو بۆ سێ رۆژ ئاسایی دەبێتەوەو زۆربەی زۆریان دەگەڕێنەوە باری ئاسایی‌و هەندێکی کەمیان گەر دڵتەنگییەکەی زۆر بێت، رەنگە ببێتە حاڵەتی خەمۆکی پاش منداڵبوون.

**٢. خەمۆکی پاش مندڵبوون:**
لەماوەی شەش هەفتەی یەکەمی پاش منداڵبوون روودەدات، ئەگەر سەر هەڵدانی لە ١٠٪ ـ ١٠٪ دەبێت‌و لەگرنگترین‌نیشانەکانی:

- هەستکردن بەدڵتەنگی‌و لەش داهێزران
- بێخەوی‌و بینینی خەوی ناخۆش.
- کەمبوونەوەی ئارەزووی خواردن.
- کەمبوونەوەی تەرکیزو لاوازیی توانای بڕیاردان.
- بیری سلبیانە سەبارەت بەخۆی کە ناتوانێت بایەخ بدات بەکۆرپەلەکەی.
- دڵەڕاوکێی زۆر سەبارەت بەتەندروستی کۆرپەکەی‌و گومانبردن بەوەی کۆرپەکەی ناتەواوی هەیە یان نەخۆشی هەیە.
- بیری خۆکوژی‌و تەنانەت بیری زیانگەیاندن‌بەکۆرپەکەی.

**لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، ئەگەری ئەم حاڵەتە زیاترە لەوانەی:**

- ژیانیان بڕێکی زۆر تەنگژەو گرفتی هەیە.
- مێژووی پەشێوی دەرونیان هەیە.
- تەمەنیان کەمە.
- پەیوەندی هاوسەریان لاوازە.

پاڵپشتی کۆمەڵایەتیان لاوازە.

- سکیان بووە بەبێ پلاندانان، سکی نەخواستراو.
- شیری خۆیان نادەن بەمنداڵ.
- بێکاری.

هۆکاری ئەم حاڵەتە دەگەڕێتەوە بۆخێرا دابەزینی ئاستی هۆرمۆنەکان پاش منداڵبوون‌و بەپێی توندی حاڵەتەکە رەنگە پێویست بکات لەنەخۆشخانە بخەوێنرێت، بەتایبەتی گەر مەترسی لەسەر ژیانی خۆی یان کۆرپەکەی هەبوو، هەربۆیە لەبەکارهێنانی دەرمانی دژە خەمۆکی دا، دەبێت پزیشک ئەوە رەچاو بکات ئەم دەرمانە بڕێکی زۆر لە شیرەوە دێنە دەرێ‌و دەبێت ئەو جۆرەیان هەڵبژێرێ کە مەترسی بۆ کۆرپە دروست ناکات یان کەمتر مەترسی هەیە.
زۆربەیان لەماوەی کەمتر لە شەش مانگدا چاک دەبنەوە بەبەکارهێنانی دەرمان‌و رێنمایی پێویست، گەر تاک چارەسەر وەرنەگرێت مەترسی ئەوەی هەیە ببێتە حاڵەتێکی درێژخایەن‌و چەند توێژینەوەیەکیش ئاماژە بەو تاکانە دەدەن کە چارەسەر وەرناگرن‌و پاش ساڵێک لەمنداڵبوونەکەی هێشتا **٥٠٪**یان خەمۆکیان دەمێنێت.

**٣. سایکۆسسی پاش منداڵبوون:**
ئەپەشێویە لەهەر **٥٠٠**مێینە پاش منداڵبوون یەکێکیان توشی ئەم حاڵەتە دەبێت، ئەوەش لەماوەی چوار هەفتەی یەکەمی پاش منداڵبوون رودەدات، بەتایبەت لەنێوان هەفتەی دووەم‌و چوارەم. لەگرنگترین نیشانەکانیشی ئەمانەی خوارەوەن:

- بێخەوی بەبێ ئەوەی کۆرپەکەی بگری.
- تێکەڵکردن‌و گرفتی یادەوەرییەکان.
- گۆڕان لەبواری مەزاجدا بەماوەیەکە زۆر کورت بۆنمونە پێدەکەنێت پاش ساتێکی کەم دەست دەکات بەگریان‌و زۆرجار بەبێ ئەوەی هۆیەک هەبێت بۆهیچیان.
- بوونی وەهم سەبارەت بەکارمەندانی نەخۆشخانە یان کەسوکاری.
- بوونی وەهمی خۆ بەگەورە زانین. رەنگە خۆی بەکەسێک بزانێ کە سروش (وەحی) بۆهاتووەو داوا بکات لەکەسوکاری شوێنی بکەون.
- زۆر ئاخاوتن‌و خێرا ئاخاوتن.
- بێ ئۆقرەیی‌و فرە جوڵەیی.
- هەندێجار خەمۆکی‌و دڵەڕاوکێی زۆر.
- بیری خۆکوژی‌و کۆرپەکوژی، تەنانەت لەم حاڵەتەشدا کە باری عەقڵی‌و هەڵسەنگاندن پەشێوییەکی زۆری پێوە دیارەو زۆرجار تاک بەرپرس نییە لەوەی دەیکات، ئەگەری خۆکوژیش بەرێژەی ٤ ـ ٥٪ لەکۆرپەکوژی زیاترە.

**چارەسەر:**
چارەسەرەکەی بەپێی نیشانەکان دەگۆڕێت لەبەکارهێنانی دەرمانی دژە سایکۆسس‌و دژەخەمۆکی‌و دەرمانی جێگیرکردنی مەزاج‌و هەندێجار گەر نەخۆش دەرمان نەخوات یان سوود لەدەرمانەکان وەرنەگرێ بەتەزووی کارەبا چارەسەردەکرێ، هەربۆیە زۆربەیان چاک دەبنەوە، بەڵام مەترسی دووبارەبوونەوەی لەکاتی منداڵبوونی ئایندەدا هەیە، بۆیە پێویستە رێنمایی تاک بکرێ سەبارەت بەو حاڵەتەو لەسکەکانی ئایندەدا کاری پێویستی بۆبکرێت. بەهیچ جۆرێ پێویست بەوە ناکات سەردانی بازرگانەکانی ئایینیان پێبکەیت‌و بوونی حاڵەتەکە بۆجنۆکە بگەڕێننەوەو بڕێکی پارەکەت لێبسەنن.

**٤. دروست نەبوونی پەیوەندی:**
پاش منداڵبوون بەشێوەیەکی سروشتی‌و ئاسایی پەیوەندیەکی پتەو لەنێوان دایک‌و کۆرپەدا دروست دەبێت‌و هەریەکەیان هۆگری ئەوەی تریان دەبێت، بەڵام لەم حاڵەتەدا ئەم پەیوەندیە دروست نابێت‌و لەبری خۆشەویستی رق دروست دەبێت، دایک هەست بەهیچ سۆزێک ناکات بەرامبەر بە کۆرپەکەی‌و توند دەبێ لەگەڵیداو هەوڵ دەدات زیانی پێبگەیەنێت.
چارەسەری ئەم حاڵەتە لەیەکەی بەیبی فرێندا(هاوڕێی منداڵ)ەوە دەستپێدەکات‌و چارەسەری هەر پەشێویەک کە دایک هەیبێت‌و ببێتە هۆی ئەو هەڵوێستە سلبیەی بەرامبەر بەکۆرپەکەی‌و چارەسەری دەروونی لەڕێی چارەسەری سلوکی‌و هزرییەوە زۆر بەسودە.



# شەرمکردن

## ئەو دۆخەی ئافرەتی گیرۆدە کردووە

سناریا رەئوف

شەرمکردن، دۆخێکە پڕیەتی لەدڵەڕاوکێ‌و رەشبینی‌و دوچاری ئەو مرۆڤانە دەبێتەوە کە شەرم دەکەن‌و وایان لێدەکات لەزۆربەی کایەکانی ژیان دورەپەرێزبن، هاوکات لەپەیوەندییەکانیدا لەگەڵ دەوروبەریدا لاوازبێت‌و بەعاقارێکی نادیاردا بڕوات، بۆیە زۆر گرنگە ئەو مرۆڤانەی شەرم دەکەن، پرسیاری ئەوە لەخۆیان بکەن لەچی‌و بۆچی شەرم دەکەن؟
ئەو کەسانەی شەرم دەکەن، هەمیشە واهەستدەکەن هەموو ئەو شتانەی لەدەوروبەریان دەگوزەرێت لەدژی ئەوان‌و هەڵسوکەوتیانە، بۆیە ناتوانن راوبۆچوونەکانیان بەئازادی‌و وەک خۆیان دەیانەوێت، دەرببڕن، شەرمنەکان بەردەوام وا هەستدەکەن بەردەوام چاوی تەواوی کرمەڵگایان لەسەرە، ئەوەش ترسێکیان لەئەنجامدانی کارەکانیان لەناو کۆمەڵگادا لادروستدەکات‌و زۆربەی کات بەترسەوە کارەکانیان ئەنجامدەدەن، تەنانەت لەهەندێکاتدا ئەو شەرمە ئەوەندە زاڵە، رێگە لەشەرمنەکان دەگرێت بەرگری لەمافەکانی خۆشیان بکەن.
ئافرەتانی ولاتی ئێمە هەر لەسەرەتای تەمەنیانەوە بەکۆمەڵێک دەستەواژە گوش دەکرێن، کە بۆهەمیشە لەگەردنیان نابێتەوە، ئەوکاتەی ئافرەت چاوو گوێی دەکرێتەوە پێیدەوترێت، ئەمە نەکەی، بەوجۆرە نەڕۆیت، ئەو پۆشاکە لەبەرنەکەیت، ئەم کارە مەکە باش نییە، ئەو هەڵسوکەوتە مەکە تۆ زەعیفەیت‌و چەندان دەستەواژەی تری لەوشێوەیە، بەمجۆرە ئافرەتانمان ئەو دەستەواژانەیان بەردەوام لا گەورە دەبێت‌و دەبنە کەسانێک، تەنانەت ئیرادەی بەرەنگاربوونەوەی سادەترین هەنگاو و رێگری ژیانی خۆیان نەبن، هەموو ئەو دەستەواژانە شکاندن‌و سەرکوتکردنی کەسایەتین، لەکاتی وتنی هەر یەکێک لەو دەستەواژانەدا بەئافرەتان، دەبێتە هۆی دروستکردنی کەلێنێکی فراوان لەنێوان کەسایەتی خۆیدا لەلایەک‌و هەروەها پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی تریدا لەگەڵ ئەوانی تردا.
بەم دیاردەیش کۆمەڵگا، وای کردووە تاکەکان چەندان یاسای توندوتیژ دەرحەق بەخۆیان‌و کۆمەڵگاکەیان رەچاوبکەن‌و لەئایندەی زۆربەی ئافرەتەکاندا رەنگبداتەوە.
لەبەرئەوەی دیاردەی شەرم ـ تەنها لەروانگەی کەسایەتییەوە ـ پەیوەستە بەخودی کەسەکان خۆیانەوە، هاوکات چارەسەریش هەر لای خودی خۆیانە، بەڵام هەندێک رێگەو میکانیزم هەیە کە کەسی شەرمن دەتوانێت رەچاویان بکات‌و لەرێگەیانەوە بتوانێت هەنگاو بۆ دەرچوون لەشەرم بنێت.
١. بەچاوێکی وردو راستەقینە لەکەسایەتی خۆت بڕوانیت‌و متمانەی تەواوت بەبیرکردنەوەو بڕیارەکانی خۆت هەبێت.
٢. هەست کردن بەدیاردەی شەرمکردنە لەخۆتدا، کە ئەمە یەکێکە لەهەنگاوە جدییەکان لەبواری چارەسەری شەرمنیدا.
٣. بیرکردنەوە لەو کارانەی ئائێستا بەشەرم بەتۆ ناسێنراون‌و پرسیارکردن دەربارەیان ئاخۆ بەراستی ئەو کارو هەڵسوکەوتانە مایەی شەرمن یاخود نا؟
٤. بڕواهێنان بەتوانستەکانی خۆت‌و بڕیاردانێکی تەواوەتی بۆدەرچوون لەحاڵەتی شەرمنی.
هەڵبەت بەجێبەجێکردنی ئەو چەند خاڵەی سەرەوە بەشێوازێکی وردو کاریگەر، دوچاری چەندین پرسی تر دەبیتەوە، گرنگترینیشیان‌تێکشکاندنی‌شەرمەکەیە، زۆر گرنگیشە کاتێک دەگیتە ئەو ئاستە گفتوگۆ لەگەڵ توێژەرێکی کۆمەڵایەتی بکەیت‌و راوسەرنجی خۆتی پێبڵێیت‌و لەرێنماییەکانی سودمەند بیت.

# وروژاندنی سێکسی ژنان‌و کەمبوونەوەی ئازار

بزواندنی سێکسی ژنان پێش جووتبوون دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ئازار لەکاتی سێکسدا.
هەندێ لەژنان لەکاتی سێکسدا هەست بەئازار ئەکەن. ئەگەر پێش جووتبوون بەرادەی پێویست بزواندنی سێکسی بۆ ژنەکە نەکرێت، ئەوا دەبێتە هۆی ئازار لەکاتی جوتبووندا.
کاتێک جەستەی ژن بەرادەی پێویست ببزوێنرێت‌و لەبواری سێکسیەوە ئامادە بکرێت، ناوەوەی جیهازی ژن ئامادەیە بۆ کردنەوەو وەرگرتنی بە ئاسانی جیهازی پیاو. لەم کاتەدا ناوەوەی جیهازی ژن شێیی پێویست دەتکێنێت‌و لێواری زێ تەڕ دەکات، ئەوەش دەبێتە هۆی خلیسکبوونی لێواری زێ‌و ناوەوەی زێ، لەهەمان کاتدا ئەگەر ڤایرۆسێک لەناو زێ دا هەبێت، لە ناوی دەبات واتە زێ بەبێ هۆ کارناکات.
کێشەیەکی تر کە لەکاتی جووتبووندا روودەدات ئەوەیە ژنان سەرەڕای ئەوە هەست بەئازار دەکەن، لەبزواندنی سێکسی دوا دەکەون‌و ئیتر پەیوەندییەکە باش نابێت، چونکە بەهۆی بوونی ئازار ئیتر چێژ وەرناگرن. کاتێک بزواندن نەکرێت، زێی ژن بەوشکی دەمێنێتەوە، ئەمەش هۆکارێکە بۆدەسپێکردنی ئازار، بەو هۆیەشەوە ژنان لەکاتێکی وادا لەجوتبوون دەترسن، چونکە بەئەزموون دەزانێت کە ئەبێ ئازارێکی زیاتر تەحەمول بکات.
لەبەرئەوەی ئەو ئازارە لاببرێت‌و زێی تەڕ ببێت، پێویستە بزواندنی زێ پێش جووتبوون بکرێت. بەئارامی دەست بەجوتبوون بکەن. ئەگەر لەکاتی سێکسدا تووشی ئازار دەبن، بەمێردەکانتان بڵێن کە پێویستە بزواندنی سێکسیتان بۆ بکەن پێش دەستپێکی جوتبوون. لەکاتی سێکسدا چێژ لەجوتبوون وەربگرن، پێش جوتبوون بارودۆخێکی خۆشەویستانە بۆخۆتان بخوڵقێنن.
زەینتان پڕ بکەن لەسۆزو خۆشەویستی. بەرکەوتنی دەست‌و لێو باشترین شتە بۆ پێش جوتبوون.
بەتەرکیزەوە چێژ لەبەرکەوتنەکان وەربگرن‌و بەتەواوی هەستی پێبکەن، باشتروایە هەمیشە کەرەستەی چەورکردن‌و شێدارکردنی کۆئەندامی سێکسی لەتەنیشت قەرەوێڵەی خەوتنەکەتانەوە دابنێن تا لەکاتی مەساجکردندا کەڵکی لێوەربگرن.
١٥ بۆ **٣٠**خولەک پاش وروژاندن کە دەبێتە هۆی زیادکردنی لێدانی دڵ‌و سوڕی زیاتری خوێن، لەو کاتەدا جەستە زۆر بەباشی وەڵامی بزواندنە سێکسیەکان دەداتەوە، هەربۆیە وردببنەوە لەبەرکەوتنی ئەندامەکانی جەستەی یەکترو ماچکردنەکانتان‌و لەئامێزگرتنی یەکتر. بەئارامی‌و بەشێوەیەکی جوان ئەو کارانە ئەنجام بدەن کە ببێتە هۆی بزواندنی یەکتر پێش جووتبوون.
سەبارەت بەوەی بە چ شتێک‌و زیاتر بەچ شێوەیەک دەبزوێنرێن‌و بەرامبەر بەچ شتێک هەستێکی باش‌و چێژەخشتان هەیە، قسەی لەگەڵ بکەن، لەبارەی ئەوەش قسەی لەگەڵ بکەن کە دەتانەوێ چۆن ببزوێنرێن‌و بەرکەوتنەکانتان چۆن بێت. چونکە ماچ نەکردن‌و یەکتر لەئامێز نەگرتن‌و یاری‌و دەستبازی نەکردن، نەلێسانەوەو دەست پیانەهێنان‌و ئامادەنەکردنی جەستە دەبێتە هۆی ئەوە جەستە ئامادە نەبێت بۆجوتبوون، ئەوەش ئازاری زێی لێدەکەوێتەوە، هەربۆیە زێ بەوشکی دەمێنێتەوەو ئامادەی پێشوازیکردنی کۆئەندامی سێکسی پیاوەکە نابێت‌و ئەوەش وادەکات لەکاتی جوتبووندا هەست بەئازار بکات.

سەرچاوە:
www.1saemi.com

# ئەو نۆ ئەرکە دەروونییە چین کە سەرکەوتنی ژیانی هاوسەرییت مسۆگەر دەکات؟

د. ئیدوارد ئادریفاس
لەفارسییەوە: چنور قادری

نیوەی ئەو هاوسەرگیرییانەی کە ئەمڕۆ ئەنجامدەدرێت، دەگاتە جیابوونەوە. لەوەچەکانی پێشوودا سەیر نەبوو ئەگەر دەمانبیست کە ژنو مێردێک جەژنی بیستو پێنجەمین، سییەمینو تەنانەت پەنجاهەمین ساڵڕۆژی هاوسەرگیرییان دەگێڕن، بەڵام ئایا وەچەکانی ئەمڕۆ دەتوانن ئەم ماوە درێژە پێکەوە ژیان بەسەربەرن؟ تاکەکان دەبێ چ کارێک ئەنجام بدەن تاوەکو تەمەنی پەیوەندییەکی هاوسەرگیری جێگای ڕەزامەندییان بێت؟ ئەمڕۆ هاوسەرگیری زۆر پێچراوو ئاڵۆزترە. لەدەیەی **١٩٥٠**و تەنانەت پێشتر، ئەرکەکانی ژنو پیاو بەراشکاوی پێناسە دەکرا. هەرکام لەهاوسەران دەیانزانی کە چ چاوەڕوانییەکی لێدەکرێتو خەڵک ئەوانی وەکو کارەکانی پیاوو کارەکانی ژن ناودێریان دەکرد. ئەگەر هەر کام لەهاوسەران کاروبارەکانیان بەباشی ئەنجام دەدا، کێشەیان نەبووو ژیانیان بەباشی درێژەی دەکێشا. تەنانەت جۆری کەسایەتی ژنو پیاویش پێشتر تاریفکراو بوو. پیاو هەندێ تایبەتمەنیی تایبەتو ژنیش هەندێ خەسڵەتی تایبەتی دیکەی هەبوو.

کەسایەتی پیاو، بەهێز، کەم قسە، خاوەن لێهاتوویی، بێ هەست، گرێکەرەوە، سەرچاوەی داهاتی خێزانو وەکو پارێزەری خێزان تاریفکرابوو، لەحاڵێکدا دەبوایە ژن چێشتلێنەرێکی باش، کابانێکی لێهاتووو بەخێوکەرێکی باشی منداڵەکانو لەهەمان کاتدا دەبوایە کۆمەڵایەتیو ئایینی بێ، بەمشێوەیە چاوەڕوانیی هاوسەران لەیەکتر لەبوارەکانی دیکەش زۆر کەم دەبوو، هەر بەو رادەیە کە ئەوان ئەرکەکانی پێشتر دیاریکراوی خۆیانو ڕۆڵە تاریفکراوەکانیان بەباشی ئەنجام دەدا، تەواو بوو. لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا، گۆڕانکاری لەچالاکییەکانی ژنانو چونەسەری چاوەڕوانییەکان، ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لەم ئەرکە نەگۆڕو چەقبەستووو نەریتی پێکهێنا.

خەڵک دەستیان بەپرسیارکردن لەیەکتر کرد کە ئامانجیان لەهاوسەرگیری چ بووە. خێزانەکان ئیتر کاروباری نێوماڵی خۆیان دەسپارد بەخزمەتکار، یاریدەدەرو پەرستار یان سەرپەرشتێک. بەرە بەرە هاوسەرگیری مانایەکی دیکەی پەیدا کردو ئامانجەکانی بەپێی ئەوەی کە لەرابردوودا بوو، گۆڕانی بەسەرداهات. ئەگەر ئەم بابەتەش لێی زیادبکەین کە ئێمە زیاتر لەوەچەکانی پێشوو تەمەن دەکەین، بۆیە دەبێ کاتێکی زیاتر ـ زیاتر لەهەر کاتێکی دیکە لەمێژوودا ـ ئەرکە دیاریکراوەکانمان بەڕێوە ببەین، بۆنمونە ئەوانەی کە لەدەیەی **٨٠**ساڵیی خۆیان بەسەر دەبردو لەدەیەی بیستەمدا هاوسەرگیرییان کردووە، نزیکەی **٦٠**ساڵە کە خەریکی ئەنجامدانی ئەم ئەرکانەن، هەربۆیە ئەگەر خەڵک پەیوەندیی درێژخایەنی جۆراوجۆر لەماوەی ژیانیان پێک بێنن، دەتوانن جۆرێک لەپەیوەندی بۆ سەردەمی گەشەسەندنی منداڵەکانو شێوازەکانی دیکە بۆساڵەکانی دواتر ڕەچاو بکەن. ئەوان تەنانەت دەیانتوانی زیاتر لەخێزانێکیان هەبێ، واتا منداڵەکان بەزیاتر لەهاوسەرێک گەورە بکەن.



متمانەو بروابەخۆبوون هۆکاری سەرەکی سەرکەوتنە

سەرەڕای ئەو گۆڕانکارییانە، زۆربەی خەڵک بەهەمان روانگەو بۆچوونە نەریتیانە کە شیاوی وەچەکانی رابردووە، دەچنە نێو هاوسەرگیرییەوەو ناتوانن لەگەڵ واقعەکانی تێپەڕبوونی کات خۆیان بگونجێنن، بۆیە کاتێ هاوسەرگیری دەکەن، هەست بەکاریگەری بیرو بڕوا نەریتییەکانی خۆیان دەکەن، لەبەرئەوەی ئەم بڕوایانە، ئەوان بەرێنماییەکی گشتی لەبارەی ئەوەی کە دەبێ لەهاوسەرگیریدا چۆن مامەڵە بکەن، رزگار دەکات.

هاوسەرانی ئەمڕۆ زیاتر لەهەموو کاتێکی دیکە بەستراوەن بەپەیوەندی درووست، گەرموگوڕ، نێوان خۆش، سازانو رێککەوتن، قسەکردنو گفتوگۆو تێگەیشتنی بەرامبەر. دەبێ بتوانین بەئاسانی لەگەڵ هاوسەرانمان گفتوگۆ بکەینو پەیوەندی پتەوو بەهێز درووست بکەینو دەبێ لەم دوو بوارەدا شارەزایی وەدەست بێنین. هەڵبەت دەبێ بڵێین کە چاوەڕوانییەکانیش لەپەیوەندی خۆشەویستی بەهەمان رادە گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. لەبەرئەوەی کە ژنو پیاو بەگشتی بەیەک ڕادەی دەتوانن تەواوی ئەرکەکانی خۆیان لەژیانی هاوبەشدا ئەنجام بدەن، هیچ بەستراوەییان لەم کارانەدا بەیەکتریان نییە، هەربۆیە هاوسەران چاوەڕوانی زۆریان لەیەکتر هەیە کە ئەم کاروبارانەی ژیانی هاوبەش پێویستی بەدانوستانی زیاتری نێوان ئەواندا هەیە. تەنانەت ئێستا بوونی منداڵیش پێویستی بەهاوسەرگیری نییە. خەڵک ئەتوانن بوونو نەبوونی منداڵ بۆ خۆیان دیاری بکەن. تەنانەت کەسانی ڕەبەن دەتوانن منداڵێک بۆخۆیان قبووڵ بکەن، بۆیە بنەمای هاوسەرگیری لەپێناو ئەنجامدانی هەندێ ئەرکی دیاریکراو بەمەبەستی دابینکردنی پێداویستییەکانی هەستو دەروونی هاوسەران، ڕۆڵی خۆی گۆڕیوە.

بەمەبەستی فێربوونی ئەم خاڵە کە خەڵک چۆن ژیانی خۆی بۆماوەیەکی درێژخایەن دەپارێزێتو چ کۆسپو تەگەرە لەسەر ڕێگایانن، دەروونناسەکانی هەندێ ڕاسپاردەی جیددی دەخەنە روو. جۆدیت س. والیسترین، دکتۆری دەروونناسیی خێزانو نووسەری کتێبی هاوبەشی "هاوسەرگیری سەرکەوتوو، خۆشەویستی بۆچیو چۆن درێژخایەن دەبێ"، لەگەڵ **٥٠**ژنو مێرد کە لانیکەم نۆساڵ لەهاوسەرگیریان تێپەڕ بووە، منداڵیان هەیەو هەرکامەیان بەجیا لەهاوسەرگیرییان ڕەزامەندی هەبوو، دیمانەیەکی بەرفروانی پێکهێنا. د.والیسترین نۆ "ئەرکی دەروونی" وەک بنەماکانی هاوسەرگیری ناساند. لێرەدا ئاماژە بەم نۆ ئەرکە دەکەین:

**١**. هەوڵ بدەن لەبواری هەستەوە لەدەورانی منداڵیی خۆتان جیا ببنەوە، تاوەکو بتوانن بەشێوەیەکی تەواو خەریکی ژیانی ڕۆژانەتان بن. هەروەها پێداچوونەوەیەک بکە لەپەیوەندییەکانی خێزانی خۆتو هاوسەرتدا.

**٢**. بەپێی ناسینی دوولایەنە، تایبەتمەندییە هاوبەشەکانو دڵنیابوونێک کە لەیەکتر هەتانە، پەیوەندییەکانتان بەهێز بکەنو لەهەمان کاتدا هەندێ سنوور بۆ پاراستنی سەربەخۆیی خۆتان دیاری بکەن.

**٣**. پەیوەندییەکی سێکسی تەواوو چێژوەرگر پێک بێننو خۆتان لەهەڕەشەکانی وەکو سەرقاڵبوونی کاریو خێزانی دوور رابگرن.

**٤**. بۆ ئەو هاوسەرانەی کە منداڵیان هەیە، ئەرکەکانی دژواری دایکو باوکبوونی خۆتان قبوڵ بکەنو لەکاریگەرییەکانی هاتنی منداڵ بۆ نێو ژیان بەهرەمەند بنو لەهەمان کاتدا سنووری تایبەتی خۆتانیش بپارێزن.

**٥**. لەگەڵ قەیرانە چاوەڕوانکراوەکانی ژیان تێبکۆشنو بەسەریاندا زاڵ بن، پتەبوونی ژیانی خۆتان لەبەرامبەر سەختیو دژوارییەکانی لەدەست مەدەن.

**٦**. لەگاڵتەکردنو پێکەنین بۆ دووربوون لەتەریککەوتنەوەو ماندوویەتیو شاد ڕاگرتنی ژیانتان کەڵک وەربگرن.

**٧**. هەوڵ بدەن کەسایەتی یەکتر بەرز بکەنەوە، پێویستییەکانی یەکتر بەهۆی ئەو بەستراوەییە کە بەیەکتر هەتانە چارەسەر بکەنو پاڵپشتو دڵگەرمکەری بەردەوامی یەکتریش بن.

**٨**. لەحاڵێکدا لەگەڵ ئەم ڕاستییە رووبەروون کە بەتێپەڕبوونی کات هەلومەرجیش گۆڕانی بەسەردادێت، هەوڵ بدەن خۆشەویستیو ئەو ڕوانینانە کە لەخۆشەویستی هەتانە، زیندوو بکەنەوە.

**٩**. ئەنجامدانی ئەم کارانە ئاسان نییە، گەیشتن بەوان پێویستی بەوە هەیە کە هەرکام لەهاوسەران لەپێناو پێشکەوتنو سەرکەوتن لەهاوسەرگیرییاندا دەرەوەست بن. هەروەها، دەبێ هەردووکیان دەرەوەست بن تاوەکو بەهەمان رادە کە لەگەشەکردنو بەرزکردنەوەی هاوسەرانیان تێدەکۆشن، بۆبەرەوپێشچوونی کەسایەتیی خۆشیان هەوڵ بدەن. پێشکەوتنو پاراستنی هەستی بەشداری هاوبەشو شەریکایەتی لەهاوشەرگیریدا دەبێ لەئەولەوییەتەکانی گرنگی ژیان جێ بگرن.

سەرچاوە:
planetpsych.com

## داراو زارا دەپرسن

داراوزارا: بڕیارمانداوە هەرکاتێک پرسیارێکمان هەبوو لەبارەی ئەرکە: بایۆلۆژیی، دەروونییو سێکسییەکانی خۆمان، بەبێ هیچ ترسو شەرمو خۆخواردنەوەیەک بیخەینە بەردەم کلینیکی نم نم، تاوەکو بەڕاوێژ لەگەڵ کەسانی پسپۆڕو پشتبەست بەسەرچاوەی زانستیی، وەڵامی پرسیارەکان وەرگرینەوەو گومانەکانمان نەهێڵینو ببینە خاوەنی ڕۆشنبیرییەکی زانستیی دروست لەبارەی ڕۆحو جەستەی خۆمان، ئێوەی خوێنەریش دەتوانن بەشدارو هاوکارمان بن لەرێی ناونیشانەکانی ڕۆژنامەکەمانەوە.

nmnmpress@yahoo.com

**زارا: تەمەنم ٢٥ساڵە ئەمەوێت ژیانی هاوسەریی پێکبێنم، بەڵام ئەترسم هیواکانی دوارۆژم نەیەنە دی، کامیان هەڵبژێرم؟**

**نم نم:** پرۆسەی هاوسەرگیری وەک هەر بڕیارێکی ڕۆژانە ئاسان نییە، ئەمە کڕینی کەلوپەل نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی موستەقبەلییەو پێویستی بەشرۆڤەو بیرکردنەوە هەیە، وەسیلە نییە بەڵکو ئامانجە بۆ درێژەدان بەژیان بۆیە پێویستە لەسەر بناغەیەکی پتەو دروست بکرێت.

پێویستە مرۆڤ دوارۆژی خۆی دیاری بکاتو هەر ئاواتێکی هەیە بەهۆشیاریو ماندووبون بیهێنێتە دی تاوەکو دەرئەنجام پەشیمان نەبێت، بۆ بەستنی پەیوەندی هاوسەرگیری هۆشیاری لەهەڵبژاردنی شەریکی ژیاندا گرنگەو گەلێک فاکتەر هەن کە ئەبنە هۆی سەرکەوتنی وەک: تەمەن، باری ڕۆشنبیری، ڕەزامەندی، خۆشەویستی، هەماهەنگیو گەلێک فاکتەری دیکە، هەربۆیە پەلەنەکردنو دیاریکردنی چارەنووس بەبڕیارێکی ژیرانەو پشتبەستن بەقەناعەت. دواتر دوو کەس گەر تەباو هەماهەنگ بن بەدڵنیاییەوە هاوکاری یەک دەبن بۆ گەیشتن بەهیواو بەدیهێنانی ئامانجە موستەقبەلییەکان.

**دارا: تەمەنم ٢١ساڵە، زۆر شەرمنم بەتایبەت لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر، تکایە چیبکەم تاوەکو لەو شەرمە رزگارم بێت؟**

**نم نم:** شەرمکردن، حاڵەتێکی دەروونییەو بەهۆکاری کۆمەڵایەتی، ئایینیو کولتوریی جگەلە پەروەردەی خێزانیو ڕەنگدانەوەی قۆناغی منداڵی لەتاکدا دروست ئەبێت، جگەلەبیرکردنەوە لەخودی شەرم ئەبێتە هۆی زیاتر ئالودەبوون بەو خووەو کەسی شەرمن ئەکاتە تاکێکی گۆشەگیرو ترسنۆک لەهەمبەر ڕووبەڕووبونەوەی کۆمەڵ، بۆ شکاندنی ئەو دیوارە پێویستە کەسی شەرمن سەرەتا هەوڵی لەبیرکردنی حاڵەتەکە بدات لەرێگەی چوونە نێو کۆمەڵ، تێکەڵبوون بەکۆڕو کۆمەڵی هاوڕێیانو کۆمەڵگە، بۆ زیاتر دڵنیابوون سەردانی پزیشکی پسپۆڕ بەنەخۆشییە دەروونییەکان بکات، چونکە شەرمکردن ئەبێتە هۆی لەدەستدانی بەشێکی گرنگی ژیان ئەویش چێژوەرگرتنە لەکۆڕو کۆمەڵی هاوڕێیانو بەشداریکردن لەو بۆنە تایبەتانەی ڕۆژانە لەنێو خێزانو کۆمەڵگەدا ساز ئەکرێن، وێڕای ئەوەی کەسی شەرمن لەنێو کۆمەڵگەدا خوێندنەوەی جیاوازی بۆ ئەکرێت، بۆیە لەیادکردن باشترین چارەسەرە بۆ هەنگاونان بەرەو دیاریکردنی چارەنووسو هەڵبژاردنی کەسی شیاو بۆ هاوبەشیکردن لەژیاندا.

## دەزانی نەجووڵان لەجگەرەکێشان خراپترە؟

ئا: ئاناهیتا

توێژینەوەیەکی زانکۆی سانتیاگۆی شیلی پیشانی دەدات کە کاریگەرییەکانی جووڵەنەکردن زۆر خراپترە لەجگەرەکێشان. توێژینەوەکە دەریخستووە ئەو کەسانەی ڕۆژانە جووڵەیان نییەو وەرزش ناکەن، زیاتر ڕووبەڕووی ئاسەوارەکانی ئەو کێشەیە دەبنەوە. توێژەران ئاشکرایان کرد کە بەهۆی پێشکەوتنەکانی تەکنۆلۆژیای نوێ، شێوازی ژیانی مرۆڤیش گۆڕانی بەسەردا هاتووە. ئەگەرچی مرۆڤ لەشی بەشێوازی سروشتی شیاو لەگەڵ چالاکیو جووڵەکردن دروستکراوە، بەڵام ئەمڕۆ بەهۆی دانیشتنی پشت مێز کەمتر دەجووڵێنەوە.

توێژینەوەکەی سانتیاگۆی شیلی، ئەوەی دەستنیشان کردووە کە ڕێژەی ئەوانەی بەهۆی تەمبەڵیو زۆر نەجوڵانەوە زووتر دەمرن، وەک لەوانەی بەهۆی زیانەکانی جگەرەکێشانەوە گیان لەدەست دەدەن.

ئەو توێژینەوەیە لەماوەی پێنج ساڵداو لەسەر زیاتر لە **٥٠**هەزار کەسو لە **٢٠** شاری ئەمریکای باشوور ئەنجامدراوەو لەکۆتاییدا گەشتونەتە ئەوەی شەش هەزارو **٨٠٠**کەس لەوانەی لەنێوان تەمەنی **٣٥** ـ **٦٠**ساڵیین لەساڵی **٢٠٠٩**دا مردوون، هیچ جووڵەو چالاکییەکی وەرزشییان نەبووە، لەو ڕێژەیەش تەنیا پێنج هەزارو**٧٠٠**کەس بەهۆی جگەرەکێشان یان شێرپەنجەی سیپەلاک گیانیان لەدەستداوە هاوکات**٣٧**٪یان بەهۆی جووڵەنەکردنو **٣٠**٪یشیان هۆکاری گیان لەدەستدانیان جگەرەنەکێشان بووە.

بەپێی ئەو توێژینەوە زانستییەی زانکۆی سانتیاگۆی شیلی، جووڵەنەکردن، هەڕەشەی جیددییە بۆسەر تەندرووستی تاکەکانی کۆمەڵو کێشەگەلی وەک قەڵەوی، گوشاری خوێن، نەخۆشییەکانی دڵو جۆرە جیاوازەکانی شێرپەنجەو پوکانەوەی ئێسکی مرۆڤی لێدەکەوێتەوە.

هەر لەوبارەیەوە ڕێکخراوی تەندرووستی جیهان، هۆشداری دا لەبارەی مەترسییەکانی کەم جووڵەکردنو ڕایگەیاند کە ساڵانە وەرزشنەکردنو کەم جولەکردن دەبێتە هۆی مردنی زیاتر لەدووملیۆن مرۆڤ لەجیهاندا، بەو بۆنەیەشەوە ڕێکخراوی تەندروستی جیهان، ئەمساڵی بەساڵی جووڵەکردن، ڕەمزی تەندرووستییە ناوزەدکرد.

سەرچاوە: BBC

## ئینتەرنێت بۆ مێرمندالان

بابم گوڵێکی جوانی لە سەر شاشەی کۆمپیوتێرەکەی داناوە.  وتم: هەستە شەوبۆ! بۆ ئەوەندە دەخەوی؟! شەوبۆ خوشکی خۆمە، زۆر وردیلانەو خۆین شیرینە، زۆرم خۆشدەوێ. من و شەوبۆ بریارە ئەم بەیانییە بچین بۆ پارک. دایکم خەریکە گوڵەکان ئاو دەدا. کاکە ڕێبوارم هێشتا نەهاتۆتەوە بۆ ماڵێ، خۆزگەم بەخۆی، هەموو بەیانییەک زوو لەخەو هەڵدەستێ و دەچێ بۆ وەرزش و ڕاکردن.

دایە گەورەم لەحەوشە دانیشتووە و تەسبیحەکەی دەژمێرێ. وتم: باپیرە هەستە! بۆ ئەوەندە بەهێواشی دەجووڵێیەوە؟!

باپیرەی من زۆر قسە خۆشە و هەر ختوکەی دەدا. من زۆر حەزم لە پێکەنینە. دیسان وتم: باپیرە زووکە! مەگەر بریارِ نەبوو من و شەوبۆ ببەی بۆ پارک؟ ئەی بۆ زوو ناکەی؟!

من  بە بابم وت: بابە گیان ئەو گوڵە جوانەت لە کوێ هێناوە؟ بابیشم وتی: لە ئینتەرنێت وەرمگرتووە، گوڵە جوانەکەم!

بابم هەمیشە باسی ئینتەرنێت دەکات، من باش لە ئینتەرنێت نازانم. بابم جارێکیان زۆری بۆ باسکردم، بەڵام من هەر باش لێی تێنەگەیشتم.

دەبێ خۆم بەباشی فێری ئینتەرنێت بکەم. بابم دەڵێ ئینتەرنێت پڕ پڕە لە گۆڤارو شتی جوان بۆ مندالان. ئێستا دەچین بۆ پارک، ئەگەر هاتینەوە یەکسەر دەچم بۆلای بابم و پێیدەڵێم : بابە گیان فێری ئینتەرنێتم بکە!



# پرسیارەکانی لاوێن

**رەسول سولتانی**

قرچەقرچـــی گەرمای نیوەڕۆ بـــوو. لاوێن لەنێو مۆنیکاکەدا لەتەنیشت باوکییەوە دانیشتبوو. ناو مۆنیکاکە زۆر زۆر فێنک بوو. فێنککەرەوەی باشی هەبوو.

لاوێن بەکاوەخۆ چیبسی دەخواردو قسەی بۆباوکی دەکرد. باوکیشی جاروبارە دەستێکی بەسەری دا دەهێناو بەبزەیەکی باوکانـــەوە خۆی بەقوربانی دەکرد.

لاوێن دەیـــوت باوکە ئەگەر منیش گەورە بووم، مۆنیکام بۆدەکرِیت؟ باوکی پێیوت، لەرێوە بۆتی دەکرِم. هەر ئەمرۆ بۆتم دەکرِی لاوێنی خۆم، بەڵام دەبێ گەورە بیت خۆت سەیارەیەکی جوان بەدڵی خۆت هەڵبژێریت.

لاوێن وتی: ئەدی باوکە ئەمســـاڵ ناچینە دوورگە بۆسەیران؟

باوکـــی وتی: نا کچی خۆم. ئەوێ هەر یەک جار خۆشـــە. ئەمساڵ دەتبەمە شوێنێکی زۆر خۆشتر. لەو کاتەدا گەیشتنە ترافیک لایتێک. دوومنداڵ یەکێکیـــان کـــچو ئەویتریان کـــورِ هاتنە بەر ســـەیارەکەیانو لەباوکی لاوێن پارانەوە بنێشتو دەسرەی کاغەزی ( کلێنکس )یان لێ بکرِێت. زۆر لەجامی سەیارەکەیان دا، ئەو ڕوویشی تێیان نەکرد. گڵۆپی کەسک ( سەوز ) پێبوو. بەرێ کەوتنەوە.

لاوێن وتی: باوکە ئەو مندالانە گەرمایان نییە لەو سەر شەقامە؟

باوکی وتی: نا نا کچم ئەوانە هەر بۆئەوێ باشن.

لاوێن وتی: باوکە ئەوانە بۆ لەگەڵ باوکی خۆیان سواری سەیارە نابن؟ سەیارەیان نییە؟

باوکی وەڵامی دایەوە: لەوانەیە نەیانبێ. لێیانگەرێ کچی خۆم. وەرە باسی دوورگە تازەکەی خۆمانت بۆ بکەم. ئەوەی تازە کرِیومە.

- ئاخر باوکە ئەو مندالانە بۆلەوێ بوون؟

- رۆڵە گیان ئەوانە بەرەڵان.

- ئەدی باوکە بۆچی ئەوان لەبەر ئەو گەرمایەن؟

- نازانم رۆڵە. نازانم وازبێنە کچی خۆم.

- باشە باوکە بۆچی پارەیان نادەیتێ؟

- رۆڵە با خودا بیانداتـــێ. من کوا پارەم بیدەم بەوانە!

- باشە باوکە خودا بۆچی نایانداتێ؟

ـ حەی هووووو دەســـت هەڵگـــرە رۆڵە، نازانم بەخوای بەدەست من بێ ...

لاوێن، بەردەوام بوو لەپرسیارکردن. باوکی تەواو بێتاقەت ببوو. لاوێن زۆری خەمی ئەو دوومنداڵەی بوو. نەیدەزانی بۆچی خـــودا دەیدا بەیەکێکـو نایدا بە یەکێکی دیکە. باوکیشی نەیدەزانی. یان دەیزانیو پێی نەدەوت. گەیشـــتنەوە بەر دەرگای ماڵەوەیانو دابەزین.

لاوێن دوو عەلاگەی وردەواڵەی خۆی بەدەستەوە بوو کە باوکی بۆی کرِیبوو. کاتێ دابەزی قاچەکانی لەسەر عەرزە سوورەوەبوەکە گەرم داهاتن. گەرما هێرشی بۆی هێنا.

باوکی وتی: راکە خێرا بچۆرەوە ژوورێ تا هەتاو نەتسووتێنێ. لاوێن چووەوە ژوورەوە. بیری هەر لای ئـــەو مندالانە بوو کە بەو گەرمای نیوەڕۆیە لەسەر شەقامەکان راوەستابوون. نەیدەزانی بۆچی نەباوکی پارەیان دەداتێو نەخوداش......

## بنێشت فرۆش

قرچەی گەرمای نیوەڕۆیە
لەسەر چوار ڕێیانێکی شار
گەروو وشکـو رەش وێستاون
دوو منداڵی رووتو هەژار
❋❋❋
لەنێو مۆنیکایێ جام رەش
دانیشتووە بەنازەوە
لاوێن باوکی خۆی ئەدوێنێ
باوکیش پێی وا بەگازەوە
کە دەگەنە تراف لایت
منداڵ دێن بەپیریانەوە
بنێشتو کلێنس رادەدێرن
لەتەنیشتی جامانەوە
❋❋❋
بزەو فیکەی سمێڵی دێ
جامەکەیش داناداتەوە
دیسان پێیدەنێتە سەر گاز
هەر ئاورِێکیش ناداتەوە
بنێشتفرۆشی رەشهەڵگەراو
ئاخێک لەناخ هەڵدەکێشێ
هەناسەکەی هێندە قووڵە
جەرگی زەوی پێوە دێشێ
❋❋❋
ئەگەر سامانی سەر زەوی
وەک یەک دابەشکرابایە
ئەگەر تۆزێ دادپەروەری
لەسەر ئەم زەوییە مابایە
بێخەم دەژیانو وەکو یەک
زەویش پڕ دەبوو لەبزە
بەڵام وادیارە یەک دەمرێو
یەک پێدەگات هەر بەگزە

## خۆمانە

مێرمنداڵە ئازیزەکانی نم نم، هەروەک هەمومان بەباشی دەزانین، کۆمەڵگای مرۆڤایەتی جیاوازی زۆری تێدایـــە، بەشـــێک لـــەم جیاوازییانە مرۆڤ خۆی دروســـتی کردوونو بەشێکیش سرووشتین.

ئەگەر بەکورتی باسی جیاوازییە سرووشتییەکان بکەین، بـــۆ نموونە دەڵێین جیـــاوازی رەگەز واتە نێـــرو مێ یان کچو کـــورِ ـ ژنو پیاو ـ رەشو ســـپی، سوورو سپی پێستی مرۆڤەکان، کورتـــیو باڵابـــەرزیو ..تد، بەشـــێکن لەو جیاوازییانەو ئەو جیاوازییانەش کە سرووشت دیاری کردوون جێگەی رەخنە نینو کەسیش بەهۆی جیاوازییەکانی سرووشـــت دڵی توند نابێو هەموو مرۆڤێکیش جیاوازی سرووشتی قبووڵ کردووە، بەڵام قسەی ئەمجارەی خۆمانە لەسەر ئەو جیاوازییانەن کە مرۆڤەکان خۆیان درووستیان دەکەن.

ئەگەر مرۆڤ دەزانێت کـــە دانانی جیاوازی لەنێوان رەگەزی نێرو مێ چەندە لەسەر دۆخی دەروونی کۆمەڵگاکەی کاریگەری خراپی هەیە بۆچی واز لەو جیاوازییە ناهێنێ؟ ئەگەر مرۆڤ دەزانێ خۆدەوڵەمەندکردنو خەڵک فەقیرکردن لەســـەر دۆخی دەروونی گەشەی کۆمەڵگاکەی کاریگەری دادەنێ بۆچی وازناهێنێ؟

بەڵێ خۆشەویستانی گۆشەی خۆمانە، بەداخەوە مرۆڤەکان هەموویان وەک یەک نینو هەموویان وەک یەک بیر ناکەنەوەو هەمووشیان دڵسۆزی خەڵکـو نیشـــتمانو کۆمەڵگاکەی خۆیان نین، خۆزگە وانەبوایەو مرۆڤەکان هەموویان ڕێگەو پیشـــەی باشو درووســـتیان گرتبایەتە بەرو لەخزمەتکردنو داهێنانو پاراستنی مرۆڤ زیاتر هیچ شتێکی دیکەیان بەلاوە گرنگ نەبوایە.

من هیـــوادارم ئەو مێرمنداڵانـــەی رۆژنامەی نم نـــم دەخوێننەوە لەو مرۆڤە باشـــانەبن کە خۆشەویستیان بۆ خاکو خەڵکـو نیشتمانەکەیان لەسەرووی هەمووشتێک دابنێن، خۆشیو شادی خەڵکی دیکە بەخۆشیو شادی خۆیان نەشێوێننو هەمیشە پشـــتیوانی خەڵکی هەژارو لێقەوماو بنو دەســـتیان بگرن تا ئەوانیش لەهەژاریو لێقەوماوی رزگاریان بێتو چیتر بەچاوی کەم سەیریان نەکرێ، جیاوازییان لەنێوان دا نەکرێو هەمولایەک یەکتر وەک مرۆڤ ســـەیر بکەنو وەک مرۆڤ لەگەڵ یەکتر بدوێنو وەک مرۆڤ بەیەکەوە هەڵسوکەوت بکەن.

بەڕاستی مرۆڤ بوونەوەرێکی زۆر گەورەیە، بەڵام بەمەرجێک خۆی بیەوێت. هەر لەم پێوەندییەدا هاورِێیەکی ئازیـــزی نم نم چیرۆکێکی لەژێر ناونیشانی "پرسیارەکانی لاوێن"و شیعرێکی بەنـــاوی "بنێشـــتفرۆش" بـــۆ ناردووینو ئێمەش بەبڵاوکردنەوەی سوپاســـی ئەو هەستە مرۆڤدۆستانەیەی دەکەینو داواش لەئێوە دەکەین ئەم چیرۆکە جوان بخوێننەوەو بزانن کە لاوێن چەندە مرۆڤی خۆشدەوێو بەپرسیارەکانی چۆن سەری لەبابی ئاڵۆز کردووە!

دڵنیام بابـــی لاوێن بەم پرســـیارانەی لاوێن ناچاربووە کە جارێکی دیکە بیر بکاتەوەو گاڵتە بەخەڵکی هەژاروو لێقەوماو نەکاتو وەک مرۆڤ سەیریان بکات.


**ناسر فەتحی**
**ئامادەکاری**
**لاپەرەکانی منداڵانو مێرمنداڵانی نم نم**
**naser_fathi2004@yahoo.com**

# خۆر و با ... کامیان بەهێزترن؟

ڕۆژێک خۆرو با، پێکەوە گفتوگۆیان دەکرد، بەرە بەرە ئەنجامی گفتوگۆکەیان بووە هۆی دروست بوونی بۆچونێکی لێک جیاواز.


هەریەکەیـــان وابیری دەکردەوە کە لەوەی تریان بەهێزترە. هەریەکە باسی بەتوانای خۆی دەکردو هەوڵـــی دەدا کە ئەوەی تریـــان رازی بکات تا وتەکانی ئەو پەسەندبکات، وای لێهات بۆچوونە جیاوازەکانیان زیاتر بوو.


لەوکاتەدا چاویان کـــەوت بە پیاوێکی رێبوارو برِیاریانـــدا کـــە داوا لەو پیـــاوە بکەن ببێتە دادوەری نێوانیان. پیاوەکە وتی: باشـــترە هەر یەکەتان تاقیبکەمەوە، هەر کام لەئێوە توانیتان ئەم چاکەتەکەم پێدابکەنێت ئەوە ئەو بەهێزترە.



یەکەم جار با دەستی پێکرد. خۆر چووە پشتی هەورەکانـــەوە. با هەڵیکـــرد. پیاوەکە بەتوندی چاکەتەکەی گرتبوو.

با قایمترو بەهێزتر هەڵیکرد، هەرچەند با زیاتر بەهێزتر دەبوو، پیاوەکە توندتر جلەکانی دەگرت تا با نەیان بات. پاشـــان نۆرەی با کۆتای هاتوو بەهیلاکی چووە لایەکەوە وەســـتا. سەرەی خۆر هات بێت تاقیکردنەوە بکات.





خۆر لەپشـــتی هەور هاتە دەرەوە دەســـتیکرد بەدرەوشانەوە.

درەوشاوەتر لەهەمووکات دەدرەوشایەوە. بەرەبەرە دنیا زۆر گەرم بوو. پیاوەکە لەگەرما بێزار بوو چیتـــر نەیتوانی لەژێر ئەو خۆرە گەرمەدا خۆی بگرێتو چاکەتەکەی لەبەردابێت.

ناچار بوو چاکەتەکەی دابنێت.

# ئەرکو گرنگی ڕۆڵی ڕابەر لەپەروەردەو فێرکردندا



**پاکیزە تەلعەت**
**بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی هەولێر**

پرۆسەی پەروەردە بەحوکمی ئەوەی چینو توێژێکی بەرفراوان دەگرێتە خۆیو ئامانجی سەرەکیو تەوەرەی سەرەکی لەو پرۆسەیەدا قوتابییە، کەواتە ئەو چینو توێژە کێشەو گرفتی زۆری دێتە بەردەم، لەبەرئەوە لەگشت وڵاتانی پێشکەوتوودا، ڕابەرو توێژەری کۆمەڵایەتی، لەبەشی دەرونزانیو کۆمەڵناسی زۆر پێویستەو بەبەردەوامی لەهەموو قوتابخانەکان ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن بۆ کەمکردنەوەو بنبڕکردنی کێشەکان، چونکە بەڕێوبەرو دەستەی کارگێڕیو مامۆستایان، ئەو بوارو دەرفەتەیان نییە کە بتوانن کێشەی قوتابی ڕەچاو بکەنو دەستنیشانی بکەنو ڕێگە چارەی بۆبدۆزنەوە.
بەحوکمی ئەوەی ڕابەر پسپۆڕە لەو بوارەداو نزیکە لەقوتابی لەبواری دەروونیو کۆمەڵایەتیو ئابوریو خێزانیو جەستەییدا، ئەو ڕۆڵە دەگێڕن، چونکە زانیاری تەواو لەسەر هەریەکێکیان کۆدەکاتەوەو بەدواداچوون بۆهەریەکێکیان دەکات لەکاتی پێویستدا، بۆیە ئەرکی ڕابەر خۆی لەم خاڵانەدا دەبینێتەوە:

١. کۆکردنەوەی زانیاری تەواو لەهەموو بوارێک دەربارەی قوتابی بەفۆرمی زانیاری گشتی.
٢. بەدواداچوون لەسەر قوتابی نەهاتوو (غائب) بەهۆو بێ هۆ لەگەڵ دەستنیشانکردنی هۆکارەکانیو چارەسەرکردنی کێشەی نەهاتن.
٣. چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان مامۆستایانو قوتابیان لەکاتی پێویست، بەتایبەت کێشەی نمرەو توندوتیژیو سەرکێشی قوتابی لەناو پۆلداو، نەخوێندنو لاساریو کەمتەرخەمی قوتابی.
٤. چارەسەرکردنی کێشە دەرونییەکانی قوتابی، یاخود دەستنیشانکردنی وەک کێشەی خەمۆکی، دوورەپەرێزی، هیستریا، دڵەڕاوکێ، ترسو ...هتدو ناردنی بۆ شوێنی مەبەست لەکاتی پێویستدا، وەک بنکەکانی چارەسەرکردنی دەروونی.
٥. هاوکاری کردنی بنەماڵەی قوتابیو بانگێشتکردنیان بۆتێگەیشتن لەکێشەی قوتابی لەماڵەوەی، تاوەکو بەیەکەوە چارەسەری کێشەی قوتابییەکە بکەن.
٦. ڕابەر چەند تۆماری گرنگی لەئەستۆدایە کە خۆی لەحەوت تۆماردا دەدۆزێتەوە کە وای لێدەکات هەموو لەهەموو گەورەو بچوکی قوتابخانە ئاگاداربێت، بەو شێوەیە ئاگادارە لەهەموو کێشەو کەموکورتییەکانی قوتابخانە، وەک کێشەی وانە، کێشەکانی کارگێڕی، کێشەی قوتابی لەگەڵ مامۆستاو نێوانی خۆیانو ماڵەوەیان بەگشتی.
٧. ڕابەر بەدواداچوون لەپەیوەندی قوتابیان دەکات لەناو پۆلدا، بەبەکارهێنانی (سوشیو دراما) واتە پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان قوتابیان لەناو پۆل، بەمشێوەیە دەتوانێت قوتابی ئەستێرەی پۆل دەستنیشان بکات، قوتابی دوورەپەرێزو دابڕاوو دوورخراوە دیاری بکات، سوود لەهەردوولاو چارەسەری کێشەیان بکات.
٨. ڕێنمایی ئاراستەی قوتابیان بکات، لەکاتی پێویست بەتاکو کۆ لەوانەی شاغیر لەپشووی نێوان وانەکان، بەگەڕان لەکاتی پشوو لەناو قوتابیان.
٩. سوود لەوانە شاغیرەکان وەردەگرێت بۆ ئامۆژگاری کردنی قوتابیان لەبواری جەستەییو دەروونیو کۆمەڵایەتی، وانەی ڕۆشنبیری لەکاتی شاغیردا دەڵێتەوە.
١٠. هانی قوتابیان دەدات بەبەردەوامی لەمتاڵاکردنو خوێندنەوەو چۆنیەتی خوێندنی ڕاستو بەسوودو متاڵای دەرەکی.
١١. تەختەی شەرەف بۆ قوتابیانی لێهاتوو و بەهرەمەندو یەکەم لەقوتابخانە دروست دەکات.
١٢. دیواربەندو کۆڕو کۆبوونەوە لەکاتی پێویست لەگەڵ دایبابی (دایکوباوکی) قوتابی دەکاتو لەکۆبوونەوەی دایبابانە ڕۆڵی سەرەکی دەبینێتو بەڵێننامەو ڕێزو سوپاسو ئاگاداری فەرمی بۆ دایبابانی قوتابی لەکاتی پێویستدا ڕەوانەی ماڵەوە دەکات.
١٣. گەشتی زانستی بۆ قوتابیان ئەنجام دەدات بۆ کۆلێژو پەیمانگاو شوێنە زانستییەکان، وەک مۆزەخانەو دەزگا پیشەسازییەکان.
١٤. کێشەی تایبەتی قوتابی چارەسەر دەکات، چونکە ڕابەر نزیکە لەقوتابیو نهێنییەکانی، لەئەنجامی شارەزایی خۆی کێشەی زۆر گەورە چارەسەر کراوە.

**لەدیارترین ئەو گرفتانەشی کە ڕوبەڕووی ڕابەر دەبێتەوە، ئەمانەی خوارەوە:**

١. هاوکاری نەکردنی هەندێ لەبەڕێوبەرو یاریدەدەرو مامۆستا بۆ ڕابەر بەهۆی ئیرەیی (حەسوودی) پێکردنو بەئامانج زانینی ئەرکی ڕابەر بەتایبەتی لەلایەن مامۆستایان، بەڵام ئەگەر ڕابەر کارابێت، لەمامۆستا زۆر ماندووترە.
٢. نەبوونی ژووری تایبەت بەڕابەر لەقوتابخانەکاندا کە زۆر پێویستە بۆ دانیشتنو چارەسەرکردنی کێشەی قوتابیو پاراستنی نهێنییەکانی.
٣. نەبوونی ئامێری کۆمپیوتەری تایبەت بەڕابەر کە زۆر پێویستە بۆتۆمارکردنی هەموو زانیارییەکانی قوتابیو قوتابخانە، جگەلەجێبەجێ کردنی ئەرکەکان.
٤. کەمی ژمارەی ڕابەری پیاو لەقوتابخانەکانی کوڕان بەهۆی کەمی دامەزراندنی پیاو، کە کێشەی کێشەی قوتابخانەکانی کوڕان زیاترە لەکچان، زۆری ژمارەی قوتابیان لەقوتابخانەکاندا ئەرکی ڕابەر قورستر دەکات.
٥. هاوکاری نەکردنی دایبابانی قوتابی لەگەڵ ڕابەر کە ئەرکی قورس دەکات.
٦. هەژمارکردنی ڕابەران وەکو فەرمانبەر کە ئەرکیان زیاتر وەکو مامۆستایە، بۆیە پێویستە هەروەکو مامۆستا مامەڵەیان لەگەڵ بکرێتو دەرماڵەیان بۆ سەرف بکرێت.
٧. کەمی شارەزایی ڕابەرانی تازە دامەزراو کە پێویستە خولی شیاندنو ئامادەکردنیان بۆ بکرێتەوە، تاوەکو زانیاری دەربارەی کارەکانیان وەربگرن.
٨. ئامادە نەبوونی ڕێبەری ڕابەری پەروەردەیی (دلیل مشرف الفنی) کە لەلایەن منەوە وەرگێڕدراوە بۆ زمانی کوردی، ماوەی ساڵێکە لەبەڕێوبەرایەتی پڕۆگرام گیری خواردووەو چاپ نەکراوە، کە زۆر پێویستە بۆ ڕابەر تاوەکو ڕێنمایی لێ وەربگرێت.

# بۆچی دەبیت بە مامۆستا؟

**بروسک مەحمود**

ڕەنگە خەونی زۆربەمان بووبێت کە ڕۆژێک لەڕۆژان ببین بەمامۆستا، بەڵام ڕەنگە کەممان هەبێ ئەرکی مامۆستاو گرنگییەکەی درک پێکردبێت، لێرەدا نۆ هۆکاری باش بۆ گرتنەئەستۆی ئەرکی مامۆستایەتی دەخەینەڕوو کە بریتین لە:

**١. چالاکی خوێندکار:**
بەداخەوە ئەو خوێندکارانەی کە هەوڵدەدەیت یارمەتیان بدەیت هەمویان سەرکەوتوو نابن. هەرچەندە پێویست ناکات ئەم ڕاستییە تۆ دوور بخاتەوە لەو باوەڕەی کە هەموو خوێندکاران تامەزرۆی سەرکەوتنن. هەبونی ئەم هەستە زۆرخۆشە، هەموو ساڵێک ڕکابەری نوێو هەوڵی نوێ بۆ سەرکەوتن دروست دەبێت.

**٢ سەرکەوتنی خوێندکاران:**
سەرکەوتنی خوێندکاران ئەو شتەیە کە وا لەمامۆستا دەکات بەردەوام بێت. هەر خوێندکارێک کە لەچەمکێک تێناگاتو بەردەوام دەبێت تاوەکو بەهۆی هاریکاری تۆوە فێردەبێت هەستێکی زۆر خۆشت پێدەدات. بیهێنەرە پێش چاوی خۆت کە چەند هەستێکی خۆشت دەبێت، ئەگەر بێتو بزانیت تەنانەت تاکە خوێندکارێکیش بێت، بەهۆی تۆوە شتێکی دەستکەوتووە.

**٣. وتنەوەی بابەتێک یاریدەت دەدات بابەتێک فێربیت:**
هیچ کاتێک لەوە باشتر فێری بابەتێک نابیت ئەگەر بێتو بیڵێیتەوە. کاتێک لەزانکۆ دەخوێنیت، وا هەست دەکەیت هەموو ئەو زانیاریانەی کە پێویستە سەریان لێ شێواندویت، بەڵام وەک مامۆستایەک، پرسیاری خوێندکارەکان وات لێدەکەن زیاتر لەبابەتەکاندا قوڵ ببیتەوەو زیاتر فێرببیت.

**٤ خۆشییەکانی ڕۆژانە:**
ئەگەر هەڵسوکەوتێکی باشت هەبێتو کەمێک ڕووخۆشو قسەخۆش بیت، وات لێدێت ڕۆژانە پێبکەنیت، چونکە زۆرجار لەڕێی گێڕانەوەی قسەو بەسەرهاتێکی خۆشەوە خوێندکاران دەکەیتە دۆستو هۆگری خۆتو پەرۆشیان بۆت زیاد دەبێت.

**٥. کارکردن لەسەر داهاتوو:**
مامۆستایان هەموو ڕۆژێک لەپۆلدا داهاتوو دادەڕێژن. لەڕاستیدا ئەوە واقیعێکی تاڵە کە دەبینیت هەندێک خوێندکار بەجێگرییو نەگۆڕی دەمێننەوە.

**٦. گەنج مانەوە:**
ئەگەر هەموو ڕۆژێک لەدەوری کەسوکاری گەنج بیت، ئەوا یاریدەدەری دەبێت کە پڕ زانیاری بیت سەبارەت بەئاڕاستەو بیرۆکە تازەکان، هاوکات لەتێکشکاندنی بەربەستەکانیش دا یارمەتیت دەدات.

**٧. سەربەخۆیی لەهەوڵی خوێندن دا:**
کاتێک مامۆستایەک هەموو ڕۆژێک دەرگاکەی داخستو دەستی بەوانەوتنەوە کرد، دواجار دەبێتە یەکێک لەوانەی بڕیار دەدەن کە دەبێت چی ڕووبدات، چونکە هەندێک پیشە هەیە وا پیشەوەرانی دەکات دروستکەرو سەربەخۆبێت.

**٨. پاڵنەر بۆژیانی خێزانی:**
ئەگەر منداڵت هەبێتو وەک مامۆستایەک کاربکەیت دەتوانی ڕۆژانی پشووی خۆت لەگەڵ پشووی منداڵەکەت یەک بخەیت، واتە دەتوانیت وا بکەیت بەهەموو شێوەیەک کارەکەت بگونجێنیت لەگەڵ ئەو کارانەی دیکە کە مەبەستە بیانکەیت.

**٩. پشووی هاوینان:**
ئەگەر لەهەرێمێکیشدا کاربکەیت کە سیستمی خوێندن یەک ساڵی تەواوبێت، ئەوا لەوەرزی هاویندا دوو مانگ پشوت دەبێت کە بتوانیت بەهۆیەوە وانە بەقوتابخانە هاوینەییەکان بڵێیت یاخود پشوو بدەیتو سەفەر بکەیت، هاوکات لەوەرزی زستانیشدا دوو هەفتە لەکریس مسو هەفتەیەک لەوەرزی بەهار پشووە کەیارمەتیدەرێکی باش دەبێت بۆحەوانەوەت.

## هەموو منداڵێک زەین تیژە بەمەرجێک...

12 13 14 15 16 17 18 19

**ئامادەکردنی: ناسر فەتحی**

# گەشەی زەینی لە هەفتەی هەشتەمەوە تا هەفتەی شانزەهەم

ئێستا ئیتر منداڵەکەتان بەئاسانیو بەشێوەیەکی پەیتا پەیتا پێدەکەنێ. منداڵەکەتان لەم تەمەنەدا بەسەیرکردنی لەئاراستەی دەنگەکانو جووڵەکان، گرنگی بەبوونەوەرو کەلوپەلەکانی دەوروبەری خۆی دەداتو تێیان رادەمێنێ، بەشێوەیەک کە هەردەڵێی دەیەوێ بەچاو بیانگرێ! بۆ چۆنیەتی یارمەتیدانی دەبێ:

- دەوروبەری منداڵەکەتان بەدانانی بالیف لەپێش دەمیو دانانی شتو کەلوپەلەڕەنگاڵەییو جۆراوجۆرەکان، سەرنجراکێش بکەن.
- فڕ فڕەو ئاوێنە لەناو لانک یان کالیسکەی منداڵەکەتان دا دابنێنو بووکەڵەی جۆراوجۆری بچووکو نەرمی لەبەردەست دابنێن.
- شیعری منداڵانی بۆ بڵێن.
- دەستەکانی نیشانی خۆی بدەنەوە.

بەدانانی باڵنج یان بالیف لەپشتەوەی منداڵەکەتان جۆرێکی رابگرن کە بتوانێ سرووشتو دەوروبەری خۆی ببینێو بتوانێ ئەو کەرەسەو کەلوپەلە ڕەنگاڵەییانەی لەدەوروبەرتان داناوە سەرەنجیان بداتێ.



**هەفتەی دوانزەهەم:**
لەم تەمەنەدا منداڵەکەتان دەستدەکات بە تێگەیشتن لەپێکهاتەکانی جەستەی خۆی، سەیریقامکەکانی دەکاتو بەشێوەیەکی خۆ و یست دەیانجووڵێنێ. کاتێک قسەی لەگەڵ دەکەن بەکردەوەیەکی جۆراوجۆری وەک جووڵاندنەوەی سەری، بزەو پێکەنین، جووڵە جووڵەکانی زاری، وڕێنەو دەنگ لەخۆدەهێنانەکانیو هاوارکردنو ...تد خۆشحاڵی خۆی دەردەبڕێو جەستەی خۆی بەتامەزرۆییەوە دەخاتە سەما، بۆ یارمەتیدانیش دەبێ:

- بەکردەوە شانۆگەری شێوەکانتانو بەگەورەکردنەوەی بابەتی خۆشحاڵییەکەتان بەهەموو کردەوەیەکی منداڵەکەتان وەڵامی ئەرێنی بدەنەوە.
- شێعری منداڵان بەئەداو ئەتوار، لاساییکردنەوەو گۆڕینی شکڵی دەمو زارتان بۆ منداڵەکانتان بخوێننەوە.
- یاری جەستەیی لەگەڵ منداڵەتان بکەن، بۆنمونە بەهێوری تەکانی بدەنو ئەژنۆکانی بۆبهێننە سەرێ، بەئەسپایی دەستەکانی بکێشنو پێیەکانی ختوکە بدەن.
- بووکەڵەی یاریی بچووکو قایمی بەکێشو قورسایی جۆراوجۆرو پێکهاتەی جیاواز بخەنە بەردەستی بۆئەوەی بەپەنجەکانی بیانگرێت بەدەستکاری کردنیان هەستیان پێبکاتو هەستی ڕێخشان لەزینیدا وێنا بکرێ.

هەرچەشنە کردەوەیەکی منداڵەکەتان وەک جووڵەکانی، ژێستەکانیو دەربڕینی ئەو هەستانەی کە لەخۆی نیشانیان دەدات، بەکردەوەگەلی لەرادەبەردەر شانۆگەرییانەو گاڵتەئامێزانە وەڵام بدەنەوەو بەم کارەتان پێی نیشان بدەن کە خۆشحاڵن بەو کردەوانەی و بەخەندەو بزەتان پاداشتی دەدەنێ.

**هەفتەی شانزەهەم:**
کونجکۆڵی منداڵەکەتان لەم تەمەنەدا گەشەدەکاتو ئاشکرا دەبێت، لەم تەمەنەدا هۆگرییەکی زیاتر بەبووکەڵەی نوێ، جێو شوێنی نوێ، کەسانی نوێو هەستی نوێ لەخۆی نیشان دەدات، هەروەها لەو تەمەنەدا کەرەسەو شوێنە ئاشناکان دەناسێتەوەو کردەوەکانی جاران لێکدی جیا دەکاتەوە. بەدیتنی سینەو مەمکەکانی دایکی یان مەمکەمژەی شیرەکەی تامەزرۆییەکی زۆر لەخۆی نیشان دەدات. بەرە بەرە هەندێک کردەوەی گاڵتەئامێزانە لەخۆی دەنوێنێ. پێی خۆش دەبێ کاتێک پاڵی داوەتەوە سەرنجی پانتایی دەوروبەری خۆی بدات، بۆ یارمەتیدانیشی دەبێ:

- لایەنی گاڵتەئامێزی کردەوەی منداڵەکەتان بەهەرشتێک کە بەلایەوە گرنگی هەیە بورووژێنن، بۆنمونە پێکەنین لەگەڵی. هەروەها گاڵتەی هاوبەشو پێکەوەییەکانتان گەشە پێبدەن.
- بووکەڵەکان زۆر شت فێری منداڵەکەتان دەکەن، هەربۆیە بووکەڵەی جۆراوجۆرو لەقەوارەی جیاجیاو بەتایبەتمەندی لێکدی جیاواز بخەنە بەردەستی منداڵەکەتان. هەڵبەتە هەوڵبدەن هەندێک لەو بووکەڵانەش لەجۆرێک بن کە دەنگیان لێ بێتەدەرێ.

بەقسەکردن لەگەڵ منداڵەکەتان لەپێوەندی لەگەڵ ئەوشتەی کە دەیبیننو ئەنجامی دەدەن، ئەوشتەی دەیبیننو هەستی پێدەکەن قووڵاییو ڕۆچوونو تێرامان لەبابەتەکان لەلای منداڵەکان درووست بکەن. تا ئەو جێگایەی پێتان دەکرێ لەپێوەندی لەگەڵ هەرشتێکو بابەتێک قسەتان کرد بەوردەکاری زیاترەوە لەسەری بدوێن.

# ئەری دەزانن؟

١ . لیۆناردۆ داڤینشی، لەیەک کات دا بەدەستێک شێوەکاریی دەکردو بەدەستێکیش دەینووسی!

٢ . هیتلەری گەورە دیکتاتۆری ئەڵمانیا لەشوێنی داخراو دەترسا!

٣ . مار دەتوانێ تا نیوکاژێر لەدوای لێبوونەوەی سەری پێوە بدات!

٤ . مرۆڤ تا هەشت چرکە دوای لێبوونەوەی سەری هۆشی هەر دەمێنێ!



## مەتەڵ



١ . مامێکم هەیە لەسەربانی، پەڵووی دەخوا بەبێ نانی؟

٢ . هەمـــوو کەس هەیەتی‌و کەسیش نایبینێ؟

٣ . هەتا ئاوژووی نەکەیەوە پڕ نابێ؟

**سوپاس بۆ ئەم خۆشەویستانە کە وڵامی درووستیان بۆ ناردبووینەوە:**


- ئاوارە شوان لەچەمچەماڵ
- ڤیان هۆگر لەکۆیە
- چنار ئاسۆ لەسلێمانی
- داستان شۆڕش لەهەرێر
- میڤان ئارەزوو لەشەقلاوە

**وڵامی مەتەڵەکانی پێشوو:**


١ . کسک

٢ . سەماوەر


٣ . دۆشین




شوێنەوەی کە گرێتدا سێ
جا بایبدە تا بەشێکی نوێ
ــــە بەسەری سەگەکەمان



2
بەهەمان شێوە دوو بەشی گەورەتر لەبەشی یەکەم بۆ گوێچکەکانی‌و یەک بەشـــی تر بەئەندازەی بەشی یەکەم بۆ ملی دروست دەکەین.



4
پاشـــان دووبەشـــەی تـــر لەگوێچکانی گەورەتربێت بۆ دستەکانی جیادەکەینەوە.



6
ئەمەش هەر بەهەمان شێوەی دستەکانی دروست دەبێت، سەیری شێوەکانی خوارەوە بکە. منداڵە ئازیزەکان ئێستا تێگەیشتن کە چەند بەئاسانی دەتوانن سەگێکی جوان دروست بکەن؟

## ڕەنگم بکەن



## پیرەوەری

### پیتزا

ڕۆژێک لەگەڵ مامۆستاکانماندا چووین بۆپیتزا خواردن.
پاش یەک سەعات پیتزاکانیان هێنا.
هاوڕێکەم بەرامبەر بەمن دانیشتبوو.
کاتێک کە شاگردەکە ویستی پیتزاکە لەسەر مێزەکە بۆهاوڕێکەم دابنێت
پیتزاکە کەوتە سەر پانتۆڵەکەی‌و، ئیتر ئێمە هەموو پێکەنین.


**لاوکۆ کەمال لەسلێمانی**




ئەو منداڵانەی چاویلکە لەچاو دەکەن، ئەگەر بەردەوام بەکاری بێنن، چاوەکانیان لەکزبوونی زیاتر دەپارێزن




# دەنکە تۆوێک




جارێکیان جوتیارێک گوێنییەکی گەورە تۆوی بۆ فرۆشتن برد بۆ شار. لەناکاو تایەی گالیسکەکە بەر بەردێکی گەورە کەوت.



یەکێک لەتۆوەکان کەوتە خوارەوە بۆسەر زەی وشکو گەرم. تۆوەکە ترساو بەخۆی وت: من تەنها لەژێر خاکدا سەلامەت دەبم. گایەک کە بەوێدا تێپەڕی پێینا بەتۆوەکەداو بردی بەناخی زەویدا.



تۆوەکە وتی: تونیمە، من بۆ گەشەو گەورەبوون پێویستم بەهەندێک ئاو هەیە. هێدی هێدی باران دەستیکرد بەبارین. بەیانی ڕۆژی دواتر تۆوەکە چرۆیەکی بچوکی سەوزی دەرکرد. تۆوەکە بەدرێژایی ڕۆژ لەژێر تیشکی خۆردا بوو، خۆر لێیداو تا وای لێهات قەدەکەی درێژو درێژتر بوو.



ڕۆژی دواتر یەکەمین گەڵای دەرکرد. ئەم گەڵایە بوە هۆی ئەوەی کە تیشکی خۆری زیاتر وەرگرێتو گەورەتر بێت. ئێوارەیەکیان باڵندەیەکی برسی ویستی بیخوات، بەڵام ڕەگەکانی ئەوەندە بەهێزبوون لەخاکە نەهاتە دەرێ.



ساڵانێک تێپەڕی تۆوەکە ئاوێکی زۆری بارانی خواردەوەو ماوەیەکی زۆر تیشکی خۆر لێیدا تا وای لێهات سەرەتا بوو نەمامێکی بچووک دواتر گۆڕا بۆ درەختێکی گەورە. جا منداڵە چاوگەشەکان کاتێک کە چوویت بۆ دەشتو دارو درەختی گەورەو بەهێزت بینی، ئەوە بزانە کە ئەویش لەسەرەتادا تۆوێکی بچووک بووەو پاشان گەشەی کردووەو پەلو پۆی هاویشتووە.

# ئیشی دەستی ⑨

## سەگێکی جوان



کەرەسەی پێویست:


١ . میزەڵان

میزەڵانێک بهێنەو هەوای تێبکە تەنها بەشێکی کەم لەکۆتاییەکەی بهێڵەوە کە هەوای تێنەچێت، پاشان گرێیەک بدە لەسەرەکەی.

چۆنێتی درووستکردنی:


**1**


سەرەتا میزەڵانەکەت لەو
سانتیمەتر دیاری بکە، ئی
دروست دەبێت، ئەم بەش
دادەنێین.



**3**

بەم شێوەیەی خوارەوە گوێچکەکان دەچەمێنینەوەو پێچی پێدەدەین تاوەکو شێوەی سێیەمی گوێچکەکان دروست دەبێت.





**5**

دەستەکانیشی وەک گوێچکەکانی دەچەمێنینەوەو پێچی پێدەدەین، ئەم شێوەیەیی خوارەوەی لێ دروست دەکەین. گەورەترین بەش بۆ لەشی جیادەکەینەوەو دوو بەشی تر بەئەندازەی دەستەکانی بۆ قاچەکانی دادەنێین.

## لێکدانەوەی ناوی وڵاتان



منداڵە نازدەرەکان ئێوە زۆرجار لەروپەڕی ڕۆژنامەکان یاخود لەرێی رادیۆو تەلەڤزیۆنەکانەوە ناوی هەندێ وڵات دەبیستنو دەخوێننەوە، بەڵام هەرگیز لەخۆتان پرسیوە واتاکانیان چییە؟

بەشی منداڵانی نم نم، هاوکاریتان دەکاتو هەرجارەی ناوی چەند شوێنو وڵاتێکتان بۆ روون دەکاتەوە، بەو ئومێدەی ئێوەش هاوکاری هاوڕێکانتان بکەنو واتای ناوی وڵاتەکانیان بۆروون بکەنەوە:

١ . کوردستان = کورد + ستان، واتە نیشتمانی کوردەکان.

٢ . ئەرژەنتین = واتە نیشتمانی زیو. ئەرژەنتین وشەیەکی ئیسپانییە.

٣ . ئەفریقا = واتە نیشتمانی بێسەرما. وشەیەکی یۆنانییە.

٤ . ئازەربایجان = ئاز + ئار + بای + قان، واتە وڵاتی جوامێرەکان. وشەیەکی تورکییە.

٥ . ئاڵبانی = واتە نیشتمانی شاخییەکان.

# نم نم نابینایەکی بەتوانا بەسەردەکاتەوە

# "مرۆڤ دەبێت متمانەی بەخۆی بێت و کۆڵنەدات"

**ئەگەر بۆ هەر مرۆڤێکی ئاسایی ژیان بەو شێوازە ناخۆشە بگوزەرێت کە هەر کەسەو بەشێوازێک گوزارشتی لێدەکات، ئەوا ئەو نارەحەتیانە بۆ نابینایان و خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان چەند بەرابەر دەبێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئاخۆ مرۆڤ دەتووانێت دەسبەرداری ژیانی خۆی بێت و خۆی بداتە دەستی قەدەر؟ یان پێویستە مرۆڤ هەمیشە بە ئیرادەیەکی بەهێزەوە بەرەنگاری خودی ژیان ببێتەوە؟**

ڕامیار سۆرانی و
ئەمجەد هەسنانی لەسۆران

ئەم ڕاپۆرتە بەسەرکردنەوەی مرۆڤێکی خاوەن ئیرادەو بە توانایە، لەگەڵ ئەوەشدا کە نابینایە، بەڵام ئەو کارانەی ئەنجامی داوەو ئەو ئیرادە بەهێزەی بۆ ڕووبەڕووبوونەی ژیانو بڕینی ئاستەنگەکانی هەیەتی، تەواو ئەو ڕاستییەی سەلماندووە، کە هیچ شتێک لەبەردەم سەرکەوتنی مرۆڤێکدا ناتووانێت ببێتە ڕێگر، ئەگەر ئەو مرۆڤە خۆی مەبەستی سەرکەوتن بێت.
هەژار ئۆغز عەبدولقادر، لەساڵی ١٩٨٤ لەدایک بووەو دانیشتووی گوندی هاودیانی سەر بەناحیەی دیانایە، ناوبراو لەساڵی ١٩٩٣ بەهۆی کارەساتێکی تەقەمەنی هەردوو چاو و دەستێکی لەدەستداوە، بەم هۆیەشەوە پەرەی بەژیانی خۆیداوەو لەسەر خوێندنەکەی بەردەوام بووە، لەساڵی ١٩٩٩ چۆتە پەیمانگای نابینایان لەهەولێرو دووساڵیش لەوێ خوێندوویەتی، دواتر گەڕاوەتەوە گوندی هاودیانو لەوێ پۆلی شەشی ئامادەیی تەواو کردووە، دواتر چۆتە کۆلێژی یاسا، ئێستاش لەقۆناغی چوارەمی کۆلێژی یاسای سۆران درێژە بەخوێندن دەدات.

## "دەبێت مرۆڤ متمانەی بەخۆی بێت و کۆڵنەدات"

بەبڕوای هەژار، بەشێکی زۆری خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کوردستانیش کاتێک گوێیان لە وشەی نابینا دەبێت، سەرنجیان بۆ ئەوە دەچێت کە ئەو کەسە ئەندامێکی زۆر گرنگی جەستەی لە دەستداوە، لەم ڕوانگەیەشەوە پێیان وایە ئیدی ئەو کەسە ناتووانێت بەباشی کارو چالاکییەکانی ژیانی خۆی ئەنجامبدات، بەڵام هەژار ئەم بۆچوونە ڕەتدەکاتەوە، "دەبێت مرۆڤ متمانەی بەخۆی بێتو کۆڵنەداتو بتوانێت وەک کەسێکی ئاسایی ڕوو بەرووی ژیان ببێتەوە."

## مووچە: ڕێگایەک بۆ ئیهانەکردنی نابینایان

هەژار لەبارەی کێشە سەرەکییەکانی نابینایانەوە دەڵێت، ئەگەرچی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە زۆر ڕووەوە دەستی یارمەتی بۆ تەواوی نابینایان بەگشتی درێژکردووە، بەڵام بە بڕوای هەژار ئەو هاوکارییە نەبۆتە هۆکارێک کەوا کۆسپ و گیروگرفتەکانی نابینایان بە تەواوەتی بنەبڕ بکات. هاوکات هەژار سەبارەت ئەو مووچەیەی پێیان دەدرێت ڕایگەیاند، "گرفتی هەرە سەرەکیمان کەمی ئەو بڕە مووچەیەیە کە مانگانە دەدرێت بە نابینایان، بۆنموونە ئەگەر لێکی بدەیتەوە ئەوە جۆرێکە بۆ ئیهانە کردنی نابینایان، لەبەر ئەوەی تۆ ناتوانی بەو بڕە پارەیە کارتێک یان پێڵاوێک یان هەر پێداویستییەکی دیکە بکڕی، لەوانەیە ئەو پارەیە بەشت نەکات، لەکاتێکیشدا هەر نابینایەک سەردانی شوێنێک بکات دەبێت کەسێکی دیکەی لەگەڵدابێتو خەرجی ئەویش بکات، وەک دیاریشە خەرجی ژیان زۆر قورسو گرانە، هەرچەندە مووچەکەش لە ٣٠ هەزار دینار زیادکراوە بۆتە ٥٠ هەزار دینار، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من پێم زۆر کەمە."
ئەم هۆکارەش وای لە هەژار کردووە داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات، "ئەو بڕە پارەیەی نابینایان زیاتر بکرێت، کە بتوانین کەمێک لە پێداویستییەکانمانی پێ دەستەبەر بکەین."

## خوێندنیان چۆنە؟

خوێندنی نابیناکان بەچەند شێوازێکە، یەکێک لەو شێوازانە بریتییە لەو فۆرمی نووسینەی کە پێی دەوترێت برایل. لەم شێوازەدا نابینا دەتوانێت لەڕێگای دەستەوە پیتەکان بخوێنێتەوەو، بە وتەی هەژار ئۆغز، ئەم خوێندنە تەنها بۆ قۆناغی سەرەتاییەو لەگەڵ کۆتاییهاتنی ئەو قۆناغەدا، کێشە بۆ نابیناکە دروستدەبێت، "لەبەرئەوەی خوێندنەکە گۆڕانی بەسەرداێتو نابینا بە ئاسانی ناتوانێت پیتەکان لە یەکتری جیابکاتەوە، هەروەها پەرتوکی زۆری دەوێتو لاپەڕەکەش گرانەو کەمە."
یەکێکی تریش لە شێوازەکانی تری خوێندنی نابینایانیش بریتییە لە بەکارهێنانی ڕیکۆردەر. لە ڕێگەی ڕیکۆردکردنی هەموو ئەو وانانەی بە ڕیکۆردەرەکە تۆمار دەکرێن، نابیناکە گوێی لێدەگرێت و پاشانیش بۆ شێوازی تاقیکردنەوە، یەکێک وەک نووسەر لەگەڵ نابیناکە دەچێتە هۆڵی تاقیکردنەوەو ئەوەی نابیناکە بە دەم دەیڵێت، ئەو کەسەی لەگەڵیایەتی بۆی دەنووسێت.

## دامەزراندنی لقی نابینایان لەسۆران

هەوڵێکی جددی و سەرەکی هەژار، ئەوەبووە کە ویستوویەتی لقێکی نابینایان لە سۆران دابمەزرێنێت، ئەم نابینایە جەخت لەوە دەکاتەوە کە دەڤەری سۆران ڕێژەیەکی زۆری نابینایان لەخۆ دەگرێت و بە پێویستی دەزانێت لقێکی تایبەت بە نابینایان لە سۆراندا بوونی هەبێت.
سەبارەت بە چۆنییەتی دروستکردنی ئەو لقە، هەژار وتی "لەبەرئەوەی زۆربەی نابیناکان بەکارەساتە ناسروشتییەکان وایان لێهاتووە، ئەوەیان هۆکارێک بوو کە من یەکەم کەس بووم دەست پێشخەر بووم لەو پڕۆگرامەدا کەببم بەهۆکارێک لقی نابینایان لەسۆران دابمەزرێنم، بە هاوبەشی یەکیەتی نابینایانی دەستەی باڵا، بەڕاستی ئەوە بووە مایەی ڕۆشنایەو دلخۆشیو ئۆمێدو روناککەرەوەیەک لە دڵی نابینایان بچەسپێت، چەسپاندنی ئەو روناکایەو خۆشیەش کەلەدڵی نابیانایان بەوە دەبێت کە بارەگایەکی تایبەت بەخۆیان هەبێت، لەبەرئەوەی ئەو کارمەندە کارگێڕیانەی لەلقەکە دامەزراون، هەموویان نابیناو کەم بینن، وەک دیاریشە نابیناش لەگەڵ نابینا زیاتر ئاشنا دەبێت نەوەک لەگەڵ کەسێکی ئاسایدا، لەبەر ئەوەی هەردووکیان هەست بە معاناتی یەکتر دەکەنو ڕێز لەیەکتر دەگرنو لە ئێشو ئازارەکانی یەکتر ئاگادارن"
لە کۆتاییدا هەژار ئۆغز، ئاماژەی بە ڕۆڵی نابینایان کرد لە سەرجەم هەڵبژاردنەکانداو پێی وایە نابینایان بەگڕوتینێکی زیاتر لە کەسانی ئاسایی هەردەم ئامادەبوونە ڕوو بکەنە سندوقەکانی دەنگدان، "بۆیە پێویستە لایەنی پەیوەندیداریش ئەوەی لەبەرچاو بێتو نابینایان پشتگوێ نەخات، بەڵکو بەهەموو شێوەیەک هەوڵبدرێت ژیان و گوزەرانیان باش بکرێت، لە پێناو ئەوەی نابینایانیش هەست بە بوونی خۆیان بکەنو ئەو بارگرانیەی لەسەر خێزانەکانیشیانە تۆزێ کەمبێتەوە."



هەژار ئۆغز عەبدولقادر

# کێ وەستا سەباح دەناسێ؟

پێشەوا محەمەد لەسلێمانی

سەباح ئەحمەد محەمەد، لەدایکبووی ساڵی ١٩٧٥و دانیشتووی گوندی کەنەکەوەی سەر بەپارێزگای سلێمانییە. ئەگەرچی بەهۆی هەندێک تایبەتمەندی خێزانییەوە تا قۆناغی دووەمی ناوەندی خوێندووە، بەڵام هیچ کەسێک نییە لەئاست ئەو ئامێرو پرۆژانەی ئەنجامیداون سەرسام نەبێت.
سەرەتای داهێنانەکانی وەستا سەباح دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە دوکانێکی ئاسنگەری دادەنێو خۆی بەئاسنگەرییەوە سەرقاڵ دەکات، ئەوکات بەهۆی خولیای زۆری بۆ کاری میکانیکی، وردە وردە ئەو دوکانەی کردوەتە شوێنی بەدیهێنانی خەونەکانی.
نم نم لەدیمانەیەکی تایبەتدا، ئەو داهێنەرە گەنجەو پرۆژەکانی بەخوێنەرانی دەناسێنێت.

پێشەوا: سەرەتای ئیشکردنت وەک دروستکردنی ئامێر، بۆکەی دەگەڕێتەوە؟

سەباح: یەکەم ئیشم لەبواری میکانیکدا دەگەڕێتەوە بۆساڵی ١٩٩٤، لەو ساڵەدا ئامێرێکم دروستکرد، کە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی گەنمی تێدەکەیتو بەبێ ئەوەی مرۆڤ هیچ دەستکارییەکی بکات جیهازەکە خۆی دەیکات بەسەمون. ئەو ئامێرە ئاشی تیایە، عەجانەی تیایە، ئاوی تیایە، بەشێکی گەرمی تیایە بۆئەوەی هەویرەکە زوو هەڵ بێت، دواتر شوێنێکی تیایە پارچە پارچەی دەکات، شوێنێکی تر پانی دەکاتەوە، هاوکات جیهازەکە بەدوو شێوازیش ئیشدەکات: شێوازێکیان ئەوەیە خۆت دەتوانی بەدوگمە ئیشی پێبکەی، شێوازەکەی تریشیان دەتوانی فەرمانی بدەیتێ خۆی هەموو ئیشەکان دەکات، بۆنمونە ئەگەر سەفەرێکی سێ ڕۆژت هەبێت، دەتوانیت ئەو جیهازە وادابنێیت کە دوای سێ ڕۆژەکەو لەوکاتەدا کە دێیتەوە ماڵەوە یەکسەر سەمونی گەرمت بداتێ، بیرۆکەی ئامێرەکەش هی خۆمەو پێشتر ئامێرێکی لەوجۆرە دروستنەکراوە.

پێشەوا: جگەلەو ئامێرە بیرۆکەی دروستکردنی هیچ ئامێرێکی دیکەت هەبووە؟

سەباح: لەساڵی ١٩٩٥دا بێژنگی دەڕاسەمان دروستکرد، لەو ساڵەدا گرانی بوو، ئەو بێژنگە نەدەهاتە کوردستانەوە، بۆیە ئەو بێژنگەم لەو ساڵەدا دروستکرد بۆئەوەی گەنمی جوتیارەکان زۆر بەفیڕۆنەچێت، بەپێی وتەی سەیاق دەڕاسەکانیش ئەو بێژنگەی من دروستمکردبوو زۆر لەئیتاڵیەکە باشتربووە، هەروەها ئۆتۆمبێلێکی خاشاک کۆکردنەوەم دروستکردوە، کە دەتوانم بڵێم ئەو ئۆتۆمبێلە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تائێستا دروست نەکراوە، ئۆتۆمبێلەکە بێ یارمەتی هیچ کەس خۆی تەنەکەو بەرمیلی خۆڵ هەڵدەگرێتو بەتاڵی دەکاتو دەیخاتەوە شوێنی خۆی، ئەم ئۆتۆمبێلە ٢٥هەزار دۆلاری تێچووەو لەلایەن وەزارەتی وەرزشو لاوانەوە دابینکراوە.
ئامێرێکی ترم لەدەشتی کۆیەو لەسەر زێکەی دوکان دروستکردووە، ئەو ئامێرە بەتەوژمی ئاوەکە هەم ئاوت بۆ دەگوازێتەوەو لەهەمانکاتیشدا کارەباشت بۆ بەرهەم دێنێت، ئەمە یەکێکە لەو ئامێرانەی کە جوتیار سودی لێدەبینێتو هاوکات لەڕووی ژینگەیشەوە تەندروستە، چونکە گازو بەنزینی ناوێت.

پێشەوا: تاچەند هەوڵتداوە پەرە بەبیرکەکانت بدەیتو بیانکەیتە ئیشێک کە بەردەوام دروستیان بکەیتەوە تا لەلایەن خەڵکێکی زۆرەوە بەکاربهێنرێن؟

سەباح: دیارە ئەو کارانە بەتاکە کەس ناکرێت، دەبێت حکومەت یان کۆمپانیایەک هاوکاری ئەو پرۆژە بکاتو پرۆژەکە ببێتە بەرهەمهێن، بەڵام خۆم توانای ئەو کارەم نییەو تائێستاش نەحکومەتو نەکۆمپانیاو نەهیچ کەسێکیش هاوکاری ئەو پرۆژانەی منیان نەکردووە، لەگەڵ ئەوەشدا خۆم هەر ئامێرێکم دروستکردبێت پەیوەندیم بەزۆر لایەنی حکومیەوە کردووە کە پرۆژەکە گشتگیرو فراوان بکەین، بەڵام تائێستا هیچ جوابێکیان نەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا هەر کام لەو فکرانە بخەیتە بواری پرۆژەیەکی گەورەی جێبەجێکردنەوە، ئەوا ئاستی بێکاری زۆر کەمدەبێتەوە.

پێشەوا: بەشێک لەکارو پرۆژەکانی بەڕێزت لەبواری ژینگەییدان، پێمان خۆشە بزانین بۆچی ئەوەندە کار لەوبوارەدا دەکەیت؟

سەباح: دیارە هۆشیاری ژینگەیی لەوڵاتی ئێمەدا لەئاستێکی خراپدایە، هاووڵاتی ئێمە تەنها ئەو ٢٠٠مەترە بەماڵی خۆی دەزانێت کە تێیدا دەژیت، ئەمەش وای کردووە شارەکانمان نوقمی پیسییەکی کوشندە ببن، ئەم بارودۆخە وای لێکردووم کە بڕیارمداوە بەشێکی ژیانم بۆ خزمەتی ژینگە تەرخان بکەم. ئیشەکانم لەو بوارەدا بریتین لەو ئوتومبێلەی کە لەسەرەوە باسم کردوو ئێستا لەکەنەکەوە سودی لێدەبینرێت، هاوکات ماوەی چەند ساڵێک لەخوێندنگە بنەڕەتییەکاندا وەک ڕێکخراوی کۆمەک هۆشیاری ژینگەییم بڵاوکردووەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵەیەکمان دامەزراندووە بەناوی کۆمەڵەی ژینگەپارێزی کەنەکەوە، لەو کۆمەڵەیەداو لەگەڵ چەند گەنجێکی تردا چەندین هەڵمەتی پاکو خاوێنیمان بۆکەنەکەوەو تاسلۆجەو پارکی ئازادیو چەند شوێنێکی تریش ئەنجامداوە، بەو هیوایەی هەستی خەڵکی بجوڵێنین کە ئەمە کارێکی پێویستەو دەبێت بکرێت.

پێشەوا: پێشنیازو داواکاریت چییە؟

سەباح: ئەو وڵاتانەی کە ئێستا پێشکەوتوون لەسەر دەستی ئەو جۆرە کەسانە پێشکەوتوون، ئەویش لەبەرئەوەی حکومەتانی وڵاتانی دەرەوە هۆشیاریان بەرامبەر ئەو جۆرە کەسو کارانە هەیە. داواکارم کە حکومەت ئاوڕمان لێبداتەوە، چونکە ئەو کەسانەی وەکو من ئەوجۆرە کارانە دەکەن کەمن، بۆیە پێویستە مادام گەنجێک ئامادەیە هەموو ژیانی بۆ ئەو بوارە تەرخان بکات، حکومەتیش هاوکاری ئیشەکانی بێت.
بەو هیوایەشم لەداهاتوودا حکومەت هاوکار بێت ئەو ئامێرەی لەسەر زێی دوکان دروستمکردووە پەرەی پێبدەمو بتوانم باری کشتوکاڵو ئاستی کارەباش لەهەرێمی کوردستان بەرزبکەمەوە.




ئەو فڕنەی تەنها خۆی ئاردو ئاو دەکات بە سەمون



ئەو ئۆتۆمبێلەی بۆ خۆڵڕشتن پێویستی بە مرۆڤ نییە

**لەناوچە پیشەسازییەکەی سلێمانیو لەکۆڵانێکی زۆر لاچەپەکدا، ئەو گەنجەمان دۆزییەوە کە پێویستە هەر کەسەو لای خۆیەوە شانازی پێوە بکات. ئەو، لەگەڵ ئەوەی خاوەن مێشکێکی فراوانو داهێنەرانەیە، لەگەڵ ئەوەی ئومێدی زۆر گەورەو پاشەڕۆژێکی پڕشنگداری لێدەکرێت، بەڵام لەشوێنێکدا ئیشدەکات کە خەونەکانی تێرناکات.**



وەستا سەباح ئەحمەد لەکاتی تاقیکردنەوەی یەکێک لەئامێرەکانی

# پێکەنین

رۆژێك پیاوێك ترێی کڕیبوو، بردیەوە بۆماڵەوە. دەنکێ ترێی دا بەهەریەك لەمنداڵەکانی. یەکێك لەمنداڵەکان وتی: بابە، بۆچی تەنها یەك دەنك؟ باوکی وەڵامی دایەوە وتی: گیانەکەم ئەوانی تریش هەر هەمان تامیان هەیە.

پۆلیسی پاراستنی ژینگە: چەند جار وتم ماسی گرتن قەدەغەیە؟
ماسیگر: بەڕێز من خۆ ماسی ناگرم، تەنها ئەم کرمە فێری مەلەکردن دەکەم.

رۆژێك دوو قوتابی درەنگ گەشتنە قوتابخانەو مامۆستا بەتوڕەییەوە لەیەکەمیان پرسی: تائێستا لەکوێ بویت؟ قوتابیەکە وەڵامی دایەوە: مامۆستا خەوم دەبینی لەخەوما بەفڕۆکە دەچووم بۆسەفەر. کاتێك خەبەرم بووەوە درەنگ بوو. مامۆستا کە زۆر توڕەببوو، لەقوتابی دووەمی پرسی: ئەی تۆ لەکوێ بوویت؟ قوتابی دووەم زۆر بەخوێنساردی وەڵامی دایەوەو وتی: مامۆستا منیش چووم بۆ فڕۆکەخانە تا هاوڕێکەم بەرێبکەم.



# بەسەرهاتەکانی دوورگە

**بەسەرهاتی شەشەم:**

دوورگە لە پشتەوە بە توندی خۆی خستە سەر پشتی بابەگەورەی و هەر دووک چاوی گرت. باپیری دوورگە دەستی لەسەر دەستەکانی دوورگە دانا و بەسەبری وتی: ئەوە بێت و نەبێ دایکی دوورگەیە! دوورگە گوتی: نا!
باپیری وتی: ئەگەر وایە بابی دوورگەیە! دوورگە وتی: نا..نا! باپیرەی وتی: ئەگەر وایە... نازانم؟!
دوورگە وتی: چۆن نازانی جوان بیر بکەوە، کەی دەستەکانی دایکی دوورگە بەقەت ئەو دەستانەی من دەبێ؟ باپیری دوورگە بەقەستی وای دەکرد، دەنا باش دەیزانی ئەو دەستە ناسکۆڵ و چووکانەی چاوەکانی ئەویان گرتووە، دەستە سپی و سۆڵەکانی دوورگەیە، بەڵام چونکە حەزی لە یاری بوو، هەر جارەو بەقەستی ناوی کەسێکی دیکەی دەوت.
دوورگە تاقەتی نەما و دەستی لەسەر چاوەکانی باپیری هەڵگرت، پێچ و کڵاوەکەی لەسەری بابە گەورەی هێنا خوارێ و دەستی خستە ناو تووکی سەرییەوە، لە پێشدا قژی سەری لێ ئاڵۆزکرد و دوایی دەستی خستە ناو ریش و سمیڵییەوە و هەمووی لێ تێکەڵ و پێکەڵ کرد!
دوورگە یەک بەخۆی قاقای کێشاو خۆی خستە بەر دەمی بابەگەورەیەوەو وتی: ئەی فێڵەزان! ئەوە یانی.. ئەوە تۆ نەتدەزانی ئەوە ئەمنم؟! یانی تۆ من ناناسییەوە، باپیرە بەفرینە؟! باپیری دوورگە بەقەستی هەردووک چاوی زەق کردەوەو وتی: ئێ ! ئەوە تۆی؟ بەسەری کەرێ نەمناسییەوە!
دوورگە خەریکە پێدەکەنێ، قاقا دەکێشێ و خۆی دەخاتە سەر پشت و زوو زوو دەڵێ: وەی.. باپیرە گیان، وەی.. باپیرە گیان، وەی.. باپیرە بەفرینە گیان، وەی.. وەی... ها ها ها... وەی... ها ها ها... ئا...ی زگم، وای باپیرە گیان بوورامەوە لە پێکەنینا، وامەکە، تووسەری کەرێ وامەکە!
باپیرەی دوورگە وازی لە ختوکەدانی دوورگە هێناو خستییە باوەشییەوە و بەپێکەنینەوە وتی: ئەوە بە کێ دەڵێی باپیرەبەفرینە؟! ها؟! کچە گوڵ باخەکەی خۆم!
دوورگەش کە هێشتا لەپێکەنین نەبڕۆوە، بەپێکەنینەوە زوو زوو دەیوت: بە تۆ، بە تۆ، بەتۆ! بەتۆ دەڵێم! ئەرێ بەسەری کەرێ بەتۆ دەڵێم! ئەی باپیرە بەفرینە نی، ئەی چی؟! باپرە بەفرینە! باپیرە بەفرینە! باپیرە بەفرینە! بەقوربانی ئەو ریش و سەرە ئاڵۆزەت بەم کە بۆخۆم لێم هاڵۆز کردووی!
باپیرەی دوورگە زۆر زۆری دوورگە خۆشدەوێ، باپیرەی دوورگە هەفتەی جارێک دەچێ بۆ ماڵی دوورگە، باپیرەی دوورگە دەڵێ: ئەگەر دایکی دوورگە، دوورگەی نەبوایە، من مانگی جارێکیش نەدەچووم بۆ ماڵیان، دەڵێ: من هەموو حەوتوویەک تەنیا لەبەر دوورگە دەچم بۆ ماڵی کچەکەم!
دوورگەش زۆر زۆری باپیری خۆی خۆشدەوێ. ئاخر دەزانن زۆرتر لەبەر چی خۆشی دەوێ؟ لەبەرئەوەی باپیرەی دوورگە زۆر قسە خۆشەو یەک کۆڵ بەسەرهاتی سەیرو سەمەرە و چیرۆکی خۆش خۆش دەزانێ.
دوورگە لەبەر یەک شتی دیکەش باپیرەی خۆی خۆشدەوێ، ئەویش لەبەر ئەوەی کە هەرکات باپیری دەچێتە ماڵیان، بە باشی گوێ بۆ قسەکانی رادەگرێ و وەڵامی هەموو.. هەموو پرسیارەکانی دەداتەوە! هیچ کاتیش باپیری لە شۆخی و یاری و گەمە وەڕەز نابێ.
ئەمجارەیان بە پێچەوانی جارەکانی پێشوو، کە هەمیشە دوورگە پرسیاری لە باپیری دەکرد، باپیری دوورگە پرسیاری لە دوورگە دەکرد و دەیوت: ئەرێ بەڕاست دوورگە گیان، ئەو ناوە تازەیە چییە بۆت دۆزیومەتەوە؟ مەبەستم ئەوەیە، کەی ناوی باپیرە بەفرینەت بۆ دۆزیومەتەوە؟ یانی ئەو ناوە خۆشەت بەتاقی تەنیا دۆزیوەتەوە؟ باشە بۆچی ئەو ناوەت لێ ناوم؟! مەبەستت لە ئەو ناوە چییە؟!
دوورگە زۆر خۆشحاڵ بوو لەوەی ئەمجارەیان لە جیاتی ئەوەی خۆی پرسیار لەباپیری بکات، باپیری پرسیاری لێ دەکرد! هەربۆیە زۆر بەخۆشحاڵییەوە وەڵامی پرسیارەکانی دەدایەوە.
دوورگە وتی: باپیرە گیان، ئەو رۆژە بیرم لەوە دەکردەوە کە ناوێکی خۆشت بۆبدۆزمەوە، زۆرم بیر کردەوە، زۆر زۆرم بیر کردەوە، زۆر ناوم دۆزییەوە، بەڵام ئەوانی دیکەم پێ خۆش نەبوو، ئاخرییەکیە ناچاربووم بچم چاو لە وێنەکانت بکەم، چاوم لەهەر وێنەیەکت دەکرد، سەرو ریشت سپی بوو، لە دانەیەکیاندا هەم جلەکانت سپی بوون هەم سەرو ریشیشت سپی بوو، هەر دەتوت بووکە بفرینەی، بۆیە منیش ناوم نای باپیرە بەفرینە!
دوورگە و بابە گەورەی زۆریان قسە کرد، زۆر زۆریش پێکەنین، هەتا دڵیشیان حەزی کرد بەقوربانی یەکتر بوون. خۆزگەم بەو منداڵانەی باپیرەکانیان وەک باپیرەی دوورگە میهرەبانن.

**خۆزگەم بە خۆیان!**

# پەیامی ئێمە بۆ ئێوە



## پەیامی شانزەیەم:

هەموو منداڵێک مافی ئەوەی هەیە چوارچێوەیەکی تاکەکەسی خۆی هەبێ. هیچ کەس بۆی نییە بەبێ مۆڵەت وەرگرتن یان بەشێوەی نایاسایی لەکاروبارە تایبەتو تاکەکەسییەکانی ئێمە بکۆڵێتەوە، بۆنمونە لەدەفتەری بیرەوەریو چوارچێوەی بنماڵەییمان.


## پەیامی حەڤدەیەم:

هەموو منداڵێک بۆی هەیە دەستی بەزانیاری پێویست رابگات. ئێمە دەبێ لەرێگای رادیۆ، تەلەڤزیۆن، رۆژنامەو کتێبەوە دەستمان بەزانیاری رابگات. ئەم زانیارییانەش نابێ بۆ ئێمە خراپو ناپەروەردەیی بن.

# ژاکان چۆن کۆنترۆڵی توڕەبوونەکانی خۆی کرد؟

ژاکان کوڕێکی لاساری هاروو هاج بوو، زۆر زوو توڕە دەبوو وتەی ناخۆشو ناشیرینی بەهاوڕێکانی دەوت، بەوەش دڵی ئەوانی لەخۆی دەڕەنجاند.
باوکی لەو رەفتارەی کوڕەکەی زۆر نیگەران بوو تا رۆژێک بیری لەوەکردەوە کە کارێکی وابکات ئەم رەفتارە لەبیر بباتەوە.
رۆژێک بانگی کردو زەرفێک بزمارو چەکوشێکی دا پێیو وتی: هەرکات توڕەبووی لەبری ئەوەی کە قسەی ناخۆش بکەی بزمارێک بەم دیوارەدا دابکوتە.
رۆژی یەکەم ژاکان بەهۆی توڕەبوونە زۆرەکانیەوە ناچاربوو **٣٧**بزمار بەدیوارەکەدا بکوتێ.
لەرۆژو هەفتەکانی دواتردا، ژاکان توانی رەفتارو هەڵسوکەوتی خۆی کۆنترۆڵ بکاتو کەمتر توڕە ببێت، ژمارەی بزمارەکانی کە بەدیوارەکەدا دای دەکوتان تادەهات کەمتر دەبووەوە، چونکە تێگەیشت کە کەمکردنەوەی توڕەبوونەکانی ئاسانترە لەوەی بزمار دابوکتێ بەدیواردا.
وایلێهات ئەو کوڕە لاسارە بڕیاری دا کە چیتر توڕەنەبێت، باوکی لەو بڕیارەی ئاگادارکردەوە.
باوکی پێیوت: پێمخۆشە کە ئەو بڕیارەت داوە، لەمڕۆ بەدواوە هەوڵبدە هەر رۆژە بزمارێک لەوانەی کە داتکوتاوە دەری بهێنێتەوە.
پاش تێپەڕبوونی رۆژانێکی زۆر، ژاکان بەباوکی وت: بابە هەموو ئەو بزمارانەی کە بەدیوارەکەوەبوو، دەرمهێنانەوە.
باوکی دەستیگرتو بردی بۆلای ئەو دیوارەی کە پێشتر بزمارەکانی پیاداکوتابوو،پێیوت: کوڕم تۆ دەتوانیت چەقۆ بدەی لەکەسێکو دەری بهێنیتەوە، بەڵام گرنگ نییە دواتر چەندجار داوای لێبووردنی لێدەکەیت لەو کارەی کردووتە، چونکە شوێنەواری چەقۆکە هەر لەسەر جەستەی کەسەکە دەمێنێتەوەو لاناچێت، بۆیە دەبێ تۆ ئەوە بزانیت کە جێگەی ئەو برینە چۆن دەمێنێتەوە بەهەمانشێوەش قسەو وتەی ناخۆش لەدەروونی ئەو کەسانەدا دەمێنێتەوەو ئازاری دەدات کە تۆ قسەی ناخۆشو ناشیرینی پێدەڵێیت، کەواتە رێزی هاوڕێو نزیکەکانت بگرەو قەدریان بزانە، چونکە ئەوان دەتوانن بتهێنە پێکەنینو دڵخۆشت بکەنو پشتگیرو هاوکارت بن بۆسەرکەوتنو بەرەوپێشبردنت لەکارەکانی ژیانتدا، ئەوان متمانەت پێدەکەنو چاوەڕوانی رێزو ستایشی تۆدەکەنو هەمیشە ئارەزووی ئەوە دەکەن لەگەڵتا دڵخۆش بن.
ژاکان، سوودی لەو ئامۆژگاریانەی باوکی وەرگرتو بەڵێنی دا کە چیتر لەخۆڕا تووڕەنەبێتو دڵی هاوڕێکانی بەوتەی ناخۆش لەخۆی نەڕەنجێنێت.

# پێنج ڕاهێنەری پێشنیازکراو بۆ ڕیاڵ مەدریدو هۆکارەکانی دوورخستنەوەی پلیگرینی



ڕۆژنامەی ماركای ئیسپانی كە لە مەدریدی پایتەخت دەردەچێت بڵاویكردەوە كە بۆ جێگرتنەوەی مانوێل پلیگرینی شیلی ڕاهێنەری ئێستای یانەی ڕیاڵ مەدرید لەوەرزی داهاتوودا پێنج ڕاهێنەر پێشنیازکراون کە بریتین لەرافائیل بینیتزی ئیسپانیو ڕاهێنەری یانەی لیڤەرپولی ئینگلیزیو خۆسێ مۆرینیۆی پرتوگالیو ڕاهێنەری یانەی ئینتەر میلانی ئیتاڵیو هەردوو ڕاهێنەری ئیتاڵی فابیۆ كاپیلۆی ڕاهێنەری هەڵبژاردەی ئینگلتەراو كارلۆ ئەنشیلۆتی ڕاهێنەری یانەی چیلسی ئینگلیزیو لویس فلیپ سکۆلاری ڕاهێنەری پێشووی هەلبژاردەی بەرازیلو ڕاهێنەری ئێستای یانەی بۆندیكتۆری ئۆزبەگستانی.

ڕۆژنامەی ماركا كە نزیكە لەیانەی ڕیال مەدریدەوە ئەوەشی بڵاوكردۆتەوە كە پێشنیازكردنی ئەو پێنج ڕاهێنەرە دوای ئەوە هاتووە كە یانەی شاهانە بڕیاری كۆتایی داوە بۆ دوورخستنەوەی پلیگرینی.

ڕۆژنامەكە هۆكاری دوورخستنەوەی پلیگرینی گەڕاندۆتەوە بۆ چەند هەڵەیەک كە لەچەند یاریەكدا ئەنجامی داوەو بریتین لەحەوت هەڵە ئەوانیش:

**یەکەم:** ماڵئاوایی كردنی یانەی ڕیاڵ مەدرید لەجامی شای ئیسپانیا لەسەردەستی یانەی ئەلكۆركۆن یانەیەكی خولی پلە سێی ئیسپانیەو توانی بەچوار گۆڵی بێبەرامبەر سەركەوتن بەسەر ڕیاڵدا بەدەست بهێنێت.

**دووەم:** پلیگرینی توانای ئەوەی ئەوەیە كۆنترۆڵی تەواوی یاریزانەكانی بكات بەتایبەت لەژووی خۆگۆڕینی یاریزانان.

**سێیەم:** پشتگوێخستنی چەند یاریزانێكی لاوی یانەكە كە دەتوانن بەئاستێكی بەرزەوە لەگەڵ یاریزانانی پلە یەكی یانەكەدا بەشداری یاریەكان بكەن.


**چوارەم:** سەرجەم یاریزانانو لێپرسراوانی یانەكەو تەواوی ئەو كەسانەش كە چاودێری وردی هەموو یاریەكانی یانەی ڕیاڵ مەدرید دەكەن، تائێستا ئەو شێوازەی یاریكردنیان بۆ ڕوون نەبۆتەوە كە پلیگرینی لەیاریەكاندا پەیڕەوی دەكات.

**پێنجەم:** ماڵئاواییكردنی ڕیاڵ مەدرید لەخولی یانە پاڵەوانەكانی ئەوروپا كە بەرامبەر یانەی لیۆنی فەرەنسی شكستی هێنا.

**شەشەم:** دۆڕاندنی سەرجەم ئەو یاریانەی كە ڕیاڵ بەرامبەر یانە بەهێزەكانی ئیسپانیاو وڵاتانی دیكەی ئەوروپا ئەنجامیداوە، وەک یاریەكانی بەرامبەر یانەكانی ئایسی میلانو ئیشبیلیەو لیۆنو ئەتلەتیكۆ بلباوو بەرشەلۆنە.

**حەوتەم:** پلیگرینی نەیتوانی بەشێوەیەكی باش یاری بەیاریزانە لێهاتووەكانی یانەكە بكاتو بەشێوەیەكی گونجاویش مامەڵەی لەگەڵ نەكردن.

# لا بردنی هیلاكی دوای یەک ڕۆژ ئیشکردن




**هیوا محەمەد**

زۆربەی خەڵک ئەمڕۆ لەجیهان ئیشی ڕوژانەیان زۆرەو هیلاكیان پێوە دیارەو زۆر جاریش بێ تاقەت دەبن لەو هیلاكیە، بۆیە پیانوایە هەرگیز لەدەست ئەو هیلاكیە ڕزگاریان نابێت، چونكە واهەست دەكەن ئەو هیلاكی بۆ یەک ڕۆژ یان دوو ڕۆژ نیەو بەردوام خەریكی ئیشی ڕوژانەنن. هیچ نیگەران مەبن، ئێستا ئێمە بۆ لابردنی ئەو هیلاكیە چەند ڕێگایەكی وەرزشیتان بۆ پێشنیار دەكەین كە لەزووترین كاتدا هیلاكیەكەتان لێ دوور بخاتەوە.


**یەکەم جوولە:** یەكێ لەخاڵە چاكەكانی ئەم ڕێگایە ئەوەیە كەبەبێ گەرم كردن ئەتوانین دەست بكەین بەوەرزش، ئێوە دەتوانن لەهەر حاڵەتێكدا دەست بكەن بەتەمرین، وەكو ئەوەی كە لەوێنەكەدا دیارە، دەبینین یەكەمجار لەشی خۆتان ڕابكێشن لەسەر زەوی، پاشان قاچتان تائەوشوێنەی كە وێنەكەدا دیارە بەرزی دەكەنەوە بۆ سەرەوە. هەوڵیش بدەن لەسەرەتادا بەو جوڵە كردنە زۆر خۆتان هیلاک نەكەنو ١٥ جار ئەو وەرزشە بكەن.

**دووەم جوولە:** وەكو وێنەی ژمارە ٢ بوەستنو هەوڵ بدەن خۆتان بۆ دواوە بكێشن، ئەویش تا ئەو شوێنەی كە هیچ ئازارێک بەعەزەلاتەكانتان نەگات، (ئەم جووڵەیە زۆربەی هیلاكی عەزەلاتەكانی كەمەرتان لادەبات. پێویستە ئەمەش ١٠ جار بكرێت.

**جوولەی سێیەم:** وەكو وێنەی دوو بوەستنو هەوڵ بدەن تادەتوانن‌و هێزتان هەیە، لەشی خۆتان وەكو وێنەكە دابنێنو بیكێشن، بۆ سەرەوە، ئەم جووڵە تۆزێک قورسە، لەبەر ئەوە خۆتان لەیەكەم ڕۆژەوە هیلاک مەكەن. ئەم جوڵەیەش پێویستە ١٠ جار بكرێت.

**جوولەی چوارەم:** جووڵەیەكی زۆر تایبەتە بۆ لابردنی هیلاكی ڕۆژانە لەعەزەلاتەكانی كەمەردا وەكو وێنەكە لەسەر سک خۆتان ڕابكێشنو ئەو جووڵەیە بكەن. هەوڵ بدەن ئەو جووڵەیەش ١٥جار بكەن.

# مارادۆنا: میسی دەتوانێت كۆتایی بەمشتومڕەكە بهێنێت



لەچاوپێكەوتنێكدا لەگەڵ ڕادیۆی میترۆ لەبۆینس ئایرسی پایتەختی ئەرژەنتین دیگۆ ئەرماندۆ مارادۆنا ڕاهێنەری هەڵبژاردەی ئەرژەنتین ڕایگەیاند: هیوادارم لیۆنێل میسی ئەستێرەی ناوداری هەڵبژاردەی ئەرژەنتینو یانەی بەرشەلۆنەی ئیسپانی بتوانێت جامی جیهانی ئەفریقای باشوور بۆ وڵاتەكەی بەدەست بهێنێت، چونكە مشتومڕی مارادۆنا ـ بێلییە بەسەركەوتنی یاریزانێكی ئەرژەنتینی كۆتایی دێت.

مارادۆنا ئاماژەی بەوە دا كە سەرجەمو بەرازیلییو ئیسپانییو ئەڵمانییەكان دان بەوەدا دەنێن كە لەئێستادا باشترین یاریزانی جیهان ئەرژەنتینیە، "لەدایكبووی ئەم وڵاتەی ئێمەیەو لەئاستێكی بێوێنەشدایە، بۆیە هیوادارم میسی بتوانێت نازناوی جامی جیهانی ئەفریقای باشوور بۆ ئەرژەنتین بەدەست بهێنێت"، چونكە بەدەستهێنانی ئەو نازناوە میسی دەكاتە باشترین یاریزان لەمێژووی تۆپی پێ كە لەئێستادا سەرجەم ڕۆژنامە وەرزشیەكانی جیهان باس لەم بابەتە دەكەن، هەروەها ئەو ڕاستیەش خۆی دەسەلمێنێت كە میسی لەمارادۆناو بێلیە باشترە.

# شەش ڕێگا بۆ ئەوانەی بەردەوام پیاسە دەكەن



**میلان هیوا**

پیاسەكردن وەرزشێكی زۆر باشە بۆ ئەو كەسانەی كە بەردەوام خەریكی پیاسەن‌و ئەگەر ئێوەش پیاسە دەكەن‌و دەتانەوێت لەكاتی پیاسە كردنەكەدا زۆرترین سوود وەرگرن، یان بەنیازن كێشی خۆتان كۆنترۆڵ بكەن، دەبێت كەمێک جموجوڵتان زۆرتر بكەن، بۆ ئەوی كە بەباشترین ڕێگا سوود وەربگرن، پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بكەن:

١. خێرایی پیاسەكەتان بەردەوام بگۆڕن: پیاسەیەک كە بەردوام بەهەنگاوە یەكسانەكان‌و بێ هیچ ئاڵوگۆڕێک بكرێت سوودی زۆر كەمی هەیە، لەبەرئەوە پێشنیاری ئێمە ئەوەیە كە بۆ ماوەی سێ خولەک بەهێواشی پیاسە بكرێت، پاشان سێ خولەكی تر بەخێرایی، هەریەكەشیان ماوەی پێنج جار دوبارە دەكرێتەوەو پێویستە تەركیز لەسەر كاتەكان بێت. خێرایی پیاسەكەش بەجۆرێک بێت كە لەكاتی پیاسەكەدا قسە كردن ئاسان نەبێت.

٢. لەسەر شوێنی نەرمەوە پیاسە بكن: پیاسەكردن لەسەر شوێنی نەرم وەكوو سەر چەو یان كەناری دەریا، كە سوودی زۆرتری تێدایە، چونكە لەسەر شوێنی نەرم زۆرتر (كالۆری) دەسوتێت، بەڵام لەشوێنی تەختو ڕەقدا وەكو سەر قیر یان شوستەكان، ڕێژەیەكی كەمتر كالۆری دەسوتێت، سوتاندنی زۆری كالوریش دەبێت هۆی زۆر سوود وەرگرتن لەو پیاسەیە.

٣.تەواوی عەزولەكانتان بگرنەئیش: لەكاتی پیاسەكردندا تادەتوانن تەواوی لەشتان بجولێنن، بەتایبەت شان‌و قەفەسەی سنگ‌و قۆڵو باز.

٤. لەكاتی پیاسە گوێ لەموسیقای وەرزشی بگرن: زوربەی لێكولینەوەكان دەریان خستووە ئەو كەسانەی لەكاتی پیاسە كردندا، گوێ لەموسیقای وەرزشی دەگرن، زۆرتر سودیان وەرگرتووە.

٥. لەهەورازەكان پیاسە بكەن: لەكاتی پیاسەكردندا باشتروایە ئەو شوێنەی پیاسەی لێ دەكەن، بەرەو هەوراز بێتو زۆریش بەرز نەبێت، هەوڵ بدەن بو ئەوی كەمەسیرتان بەرەو هەورازوكان بیت وهەول بدن هەورازەكەیش زور بەرز نەبێت، پیاسەكردن لە شوینێ وەكوو هەوراز دەبیتە هوی بەرز بوونەوەی لێدانی دڵو لابردنی چەوری زیادەی لەش‌و بەهێز بوونی عەزەڵات.

٦. توزێک قوورستر پیاسە بكەن: لەكاتی پیاسە كردندا هەوڵبدەن جل‌و بەرگی قورس لەبەر بكەن یان ئەتوانن جانتایەک چەند كتێبێكی تێبكەن‌و بیكەنە شانتان‌و بەپشت هەڵیبگرن.

# کاپیلۆ داوا دەکات پارێزگاری لەمیسیو ڕۆناڵدۆو ڕۆنی بکرێت



فابیۆ کاپیلۆی ئیتاڵی ڕاهێنەری هەڵبژاردەی بەرازیل لەنامەیەکیدا بۆ خۆسی ماریا گارسیا ئاراندای بەڕێوەبەری ئیدارەی دادوەری یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی داوای کرد لەکاتی بەڕێوەچوونی یاریەکانی جامی جیهانیدا لەئەفریقای باشوور بەشێوەیەکی تایبەت پارێزگاری لەیاریزانە ناودارەکانی وەک لیۆنێل میسیو کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ و واین ڕۆنی بکرێت.

لەو نامەیەدا کاپیلۆ باسی ئەوەی کرد کە لەگەڵ گەیشتنی ئەو یاریزانە ناودارانە ئەفریقای باشوور خەڵکێکی زۆر ڕوو دەکەنە ئوتیلەکانو شوێنی حەوانەی ئەو یاریزانانە، بۆیە پێویستە فیفا پلانێکی تایبەت بۆ پاراستنی ئەو یاریزانانە دابڕێژێت، تا دوور بن لەهەر هێرشێک کە ڕەنگە بکرێتە سەریان.



## ڕۆناڵدۆ: شایەنی ئەوە نیم یاری بۆ هەڵبژاردەی بەرازیل بکەم

ڕۆناڵدۆ یاریزانی ناوداری بەرازیلو ئەستێرەی پێشووی یانەکانی میلانو ڕیال مەدریدو ئەنتەر میلانو بەرشەلۆنەو ئایندهۆڤن دانانی بەوەدا نا کەجارێکی تر ناتوانێت لەریزی هەڵبژاردەی بەرازیل یاری بکات، ڕۆناڵدۆ ئاماژەی بەوە دا کە لای هەموو کەسێک ڕوونو ئاشکرایە "بۆچی لەئێستادا ناتوانم یاری بۆ هەڵبژاردەی بەرازیل بکەم، بەڵام بەردەوام لەخزمەتی وڵاتەکەمدا دەبم، چونکە نیشتیمانمەو شانازیش دەکەم کە هەر کاتێک بتوانم بەرگری لەوڵاتەکەم بکەم".

## ڕۆماریۆ: پێویستە ڕۆناڵدینیۆ بانگهێشتی بەرازیل بکرێت

ڕۆماریۆ کە یەکێکە لەیاریزانە ناودارەکانی پێشووی هەڵبژاردەی بەرازیل لەلێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی ئۆ گلۆبۆی وڵاتەکەی ڕایگەیاند: لەئێستادا ڕۆناڵدینیۆی هاونیشتمانیو یاریزانی یانەی میلانی ئیتاڵی یەکێکە لەباشترین یاریزانەکانی هێڵی ناوەڕاست لەجیهانداو پێویستە کارلۆس دۆنگای ڕاهێنەری هەڵبژاردەی بەرازیل بۆ یاریەکانی مۆندیالی ئەفریقای باشوور بانگهێشتی بکات، "ئەگەر ڕۆناڵدینیۆ بەو شێوەیەی ئێستا لەیاریکردن بەردەوام بێت، ئەوا کێ لەو باشترە کە بانگهێشتی هەڵبژاردەی بەرازیل بکرێت بۆ بەشداریکردن لەیاریەکانی مۆندیالی داهاتوو؟ ڕۆناڵدینیۆ بەتەواوی لەسەختی شکستهێنان تێدەگات بەتایبەت لەمۆندیالدا، چونکە هەموو لایەک ئەوە ڕاستیەیان بەچاوی خۆیان بینی کە ئەم یاریزانە لەهەردوو مۆندیالی ٢٠٠٢و ٢٠٠٦ ڕۆڵێکی کاریگەری هەبوو لەسەر هەموو سەرکەوتنەکانی بەرازیل، بۆیە پێویستە لەسەر دۆنگای ڕاهێنەر ئەم یاریزانە بباتە ئەفریقای باشوورو تا سەرکەوتنەکان بۆ هەڵبژاردەی بەرازیل مسۆگەرتر بکات".

# ١٠ ناخۆشترین ڕووداوی مێژوویی تۆپی پێ

ئا: هەژار جەلال

تۆپی پێ، سەرنجڕاکێشترین یارییە کە زۆرترین بینەری هەبێتو زۆرترین ڕووداویش بەسەر یاریزانو ڕاهێنەرو سەرپەرشتیارانی هەڵبژاردەکاندا هاتبێت، لێرەدا پانۆرامایەکی دیارترین ڕووداوە مێژووییەکانی تۆپی پێ دەخەینەڕوو:

### یەکەم: ڕووداوی سوپێرجا، کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەی یانەی تۆرینۆی ئیتاڵی لە٤ی ئایاری ١٩٤٩



دوای جەنگی جیهانی دووەم یانەی تۆرینۆی ئیتاڵی دەستی بەسەر تەواوی خولە ناوخۆییەکانی ئیتاڵیادا گرتبوو، لەنێوان ساڵانی ١٩٤٢ تا ١٩٤٩، پێنج نازناوی یەک لەدوای یەکی خولی یانە پلە یەکەکانی وڵاتەکەی بەدەستهێناو چەندین ژمارەی پێوانەیی بۆخۆی تۆمارکرد، هەر لەو ماوەیەدا دوو گەورەترین سەرکەوتنیشی تۆمارکرد، بەڵام زۆری نەخایاند، دوای ئەوەی لەشاری لشبۆنەی پایەختی پرتوگال یارییەکی دۆستانەی بەرامبەر یانەی بەنفیکا ئەنجامدا بۆ ڕێزلێنان لە یاریزان فرانشیسکۆ فێرێرا کە لەو یانەیەوە دەچووە یانەی تۆرینۆ، لەکاتی گەڕانەوەیاندا بۆ ئیتاڵیا بەهۆی خراپی کەشو هەواوە فڕۆکەکەیان بەر کەنیسەی سوپێرجادا دەکەوێتو بەهۆیەوە تەواوی سەرنشینەکانی گیان لەدەست دەدەن کە بریتیبوون لە١٨یاریزانو پێنج ئەندامی دەستەی ڕاهێنەرانو سێ ڕۆژنامەنوسو فڕۆکەوانەکەو سێ کەس لەدەستەی یاریدەدەرانی، دوای ئەو ڕووداوەش واتە لەدوای ٤ی ئایاری ١٩٤٩ جگەلەوەرزی ١٩٧٦ کە یانەی تۆرینۆ نازناوی خولی یانە پلە یەکەکانی ئیتاڵیای بەدەستهێنا، تائێستا نەیتوانیووە هیچ نازناوێکی تر بەدەست بهێنێت.

### دووەم: ڕووداوی میونخ، تێکشکانی فڕۆکەی مانچستەر یونایتد لە٦ شوباتی ١٩٥٨



دوای نۆساڵ لەڕووداوەکەی شاری تۆرینۆ، جارێکی دیکە جیهانی تۆپی پێ ڕووداوێکی هاوشێوەی بەخۆوە بینی، لە٦ی شوباتی ١٩٥٦ کاتێک یانەی مانچستەر یونایتد لەخولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورپا لەشاری بەلگرادی پایەختی یوگسلافیا یارییەکی بەرامبەر یانەی ڕید ستار ئەنجامداو بەسێ گۆڵ بۆهەردوولا یەکسان بوون، یاریزانانو دەستەی ڕاهێنەرانو ژمارەیەک لەلێپرسراوانی یانەکە بەفڕۆکەیەک بەرەو شاری مانچستەر بەڕێکەوتن، بەڵام بەناچاریو بەهۆی کەمی بەنزینەوە لەفرۆکەخانەی شاری میونخی ئەڵمانیا نیشتنەوەو دوای پڕکردنەوەی بەنزینیش کە بڕێکی زۆریان تێکردبوو، دوای چەند خولەکێک لەهەستانی فڕۆکەکە، خۆی بەبورجێکی شارەکەدا کێشاو کەوتە خوارەوە، لەئەنجامدا ژمارەیەک لەدەستەی ڕاهێنەرانو چەند ڕۆژنامەنووسێک لەمردن ڕزگاریان بوو، بەڵام لەکۆی سەرنشینانی فڕۆکەکە ٢١کەس گیانیان لەدەستدا.

### سێیەم: ڕووداوی یاریگای نێودەوڵەتی لیما، ٢٤ی ئایاری ١٩٦٤

یاری نێوان هەڵبژاردەی ئەرژەنینو پیرۆ لەچوارچێوەی یارییەکانی پاڵاوتن بۆ گەیشتن بەئۆلۆمپیادی تۆکیۆی ١٩٦٤ بەیەکێک لەڕووداوە گەورەکانی مێژووی تۆپی پێ دادەنرێت.


لەو یارییەدا کە لەیاریگای لیمای نێودەوڵەتی لەپیرۆ بەڕێوەدەچوو، هەڵبژاردەی ئەرژەنتین گۆڵی پێشکەوتنیان تۆمارکرد، دوای ئەو گۆڵە هاندەرانی پیرۆ بارۆدۆخی نێو یاریگەکەیان شێواند، بەتایبەت دوای ئەوەی هەڵبژاردەی پیرۆ گۆڵی یەکسان بوونی تۆمارکردو داوەری یارییەکە گۆڵەکەی ئەژمار نەکرد، بارودۆخی نێو یاریگاکە خراپتر بوو و پێکدادان لەنێوان هاندەرانی هەردوو لادا ڕوویداو لەئەنجامدا ٣١٨کەس کوژران کە زۆربەیان هاندەری هەڵبژاردەی ئەرژەنتین بوونو ٥٠٠کەسی دیکەش بریندابوون، جگەلەوەش زیانێکی زۆر بەیاریگاکە گەیشت.

### چوارەم: ڕووداوی یاریگای هیسیل، داروخانی چەند لایەکی یاریگاکە لە٢٥ی ئایاری ١٩٨٥



لەخولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپادا بۆ وەرزی ١٩٨٤-١٩٨٥ هەردوو یانەی لیڤەرپولو یۆڤانتۆس گەیشتنە یاری کۆتایی کە لەیاریگای هیسیل لەشاری برۆکسل کە ٦٠هەزار هاندەری دەگرت، یاریەکە بەڕێوەدەچوو، لەگەڵ دەستپێکردنی یاریەکەشدا هاندەرانی یانەی لیڤەرپول دروشمیان توندیان دژی یانەی یۆڤانتۆسو هاندەرانی بەرزکردبۆوە، دواتر هێرشیان کردە سەریانو لەئەنجامدا بەشێکی زۆری ڕاگرەکانی یاریگاکە ڕوخانو بەهۆیەوە زیاتر لە٣٩کەس گیانیان لەدەستدا کە زۆربەیان هاندەری یانەی یۆڤانتۆس بوونو زیاتر لە٦٠٠کەسیش بریندابوون، یارییەکەش لەبەرژەوەندی یانەی یۆڤانتۆسو بەگۆڵێکی بێبەرامبەر کۆتایی هات.

### پێنجەم: ڕووداوی یاریگای هیلسبرە، ڕێکنەخستنی چوونە ژوورەوەی هاندەران، ١٥ی نیسانی ١٩٨٩



لەچوارچێوەی یاریەکانی نیوەی کۆتایی جامی ئینگلتەرا، لەوەرزی ١٩٨٨-١٩٨٩ یەکێتی تۆپی پێی ئینگلتەرا بڕیاریدا یاری نێوان لیڤەرپولو نۆتینگهام لەیاریگای هیلسبرە ئەنجام بدرێت، بەڵام کاتی چوونەژوورەو فرۆشتنی بلیتی یاریەکە بۆهاندەران ئاشکرا نەکرابوو، چەند خولەکێکی کەم پێش دەستپێکردنی یاریەکە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئینگلتەرا ئاشکرایانکرد کە دوای دەستپێکردنی ١٥خولەک لەیاریەکە دەرگاکانی یاریگاکە دادەخرێت، ئەمەش وایکرد هاندەران لەدەرگاکانی سێیەمو چوارەمەوە دەچوونە ژوورەوە بەشێوەیەک لەهەر دەرگایەکەوە ٣ تا ٤هەزار کەس هەوڵی چوونە ژوورەوەی دەدا، دوای کۆتایی یاریەکەو ئاسایی بوونەوەی بارودۆخەکە، بەپێی ئامارێک دەکەوت کە لەو ڕووداوەدا ٩٦هەزار کەس بوونەتە قوربانیو ٣٠٠کەسیش بریندابوون.

### شەشەم: ڕووداوی گەشتی ئاسمانی سۆرینام، گیان لەدەستدانی ١١ یاریزان

لەگەشتێگی ئاسمانییدا لەشەشی حوزەیرانی ١٩٨٩ کە بڕیاربوو لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی ئەمستردامی هۆڵەنداوە ١٦٩گەشتیار کە ١١یان یاریزان بوون، بەفڕۆکەیەک بگەنە وڵاتی سۆرینام کە دەکەوێتە بەشی باکووری ئەمریکای باشوورەوەو لەفڕۆکەخانەی باراماریبۆ ـ زاندێری لەسۆرینام دابەزنو دواتر یاریەکی دۆستانە بەرامبەر هەڵبژاردەی سۆرینام ئەنجام بدەن، ئەو ١١یاریزانەش بەڕەگەز سۆرینامی بوونو ناسنامەی هۆڵەندیان وەرگرتبوو، لەکاتی بەرزبوونەوەی فڕۆکەکەدا لەفڕۆکەخانەی ئەمستردام، بەر دارێکی بەرز دەکەون کە نەیانبینی بوو، بەهۆیەوە فڕۆکەکە تێکشکاو جگەلە هەشت گەشتیارو سێ یاریزان تەواوی سەرنشینەکانی تر گیانیان لەدەستدا.

### حەوتەم: ڕووداوی گەشتی ئاسمانی گابۆن، تێکشکانی فڕۆکەی هەڵبژاردەی زامبیا لە٢٨ی نیسانی ١٩٩٣

لەچوارچێوەی یارییەکانی پاڵاوتندا بۆجامی جیهانی ١٩٩٤ هەردوو هەڵبژاردەی زامبیاو گابۆن بەمەبەستی ئەنجامدانی یاریەک بەرامبەر هەڵبژاردەی سەنیگال بەفڕۆکەیەک بەرەو ئەو وڵاتە بەڕێکەوت، دوای چەند خولەکێک لەبەرزبوونەوەی فڕۆکەکە لەفڕۆکەخانەی لیبەرفیلی زامبیاو دووبارە نیشتنەوەی لەفڕۆکەخانەیەکی گابۆن بەمەبەستی پڕکردنی بەنزین، دووبارە فڕینەوەی فڕۆکەکە بزوێنەرەکەی بەدووی ٥٠٠مەتر لەکەنارەکانی گابۆن کەوتە ناو دەریاوەو بەهۆیەوە تەواوی سەرنشینەکانی گیان لەدەستداو تەنها یەک یاریزان لەمردن ڕزگاری بوو کەویش کالوشیا بوالیای یاریزانی ناوداری هەڵبژاردەی زامبیا بوو.



کالوشیا بوالیا

### هەشتەم: ڕووداوەکەی ئەندریاس ئیسکۆبار لە٢ی حوزەیرانی ١٩٩٤

ئەندریاس داریۆ ئیسکۆبار ساڵداریجا یاریزانی ناوداری هێڵی بەرگری هەڵبژاردەی کۆلۆمبیاو یەکێک بووە لەئەستێرەکانی تۆپی پێی ئەمریکای باشوور، لەگەڵ هەڵبژاردەی کۆلۆمبیا بەشداری لە٥٠ یاری نێودەوڵەتیدا کردووەو لەهەردوو مۆندیالی ١٩٩٠و ١٩٩٤یشدا بەشداربووەو یەکێکیش بووە لەیاریزانە دیارەکانی هێڵی بەرگری یانەی ئەتلەتیکۆ ناسیۆنالی کۆلۆمبی.

هەڵبژاردەی کۆلۆمبیا لەجامی جیهانی ١٩٩٤دا دوو یاری دۆڕاندوو تەنها یاریەکی بردەوەو پاڵەوانێتیەکەیان بەجێهێشت، بەڵام لەیاریەکیاندا بەرامبەر هەڵبژاردەی ئەمریکا، ئەندریاس ئیسکۆبار لەخولەکی ٣٤دا بەهەڵە گۆڵێکی لەخۆیان تۆمارکرد کە بووە هۆکاری سەرەکی دۆڕاندنەکەیانو هاوولاتیانی کۆلۆمبیاش ئەو دۆڕاندنەیان خستە ئەستۆی ئیسکۆبار، پاش ماوەیەکو لە٢ی حوزەیرانی ١٩٩٤دا کەسێک تەقەی لەئیسکۆبار کردو ١٢فیشەکی لەجەستەی داو لەگەڵ لێدانی هەموو فیشەکێکیشدا بەدەنگی بەرز هاوی دەرکردو دەیوت (گۆڵ...گۆڵ...گۆڵ)، دواتر هێزەکانی پۆلیس دەستگیریان کردو دوای ١١ساڵ زیندانیش لەساڵی ٢٠٠٥دا ئازادکرا.

لەڕێوڕەسمی ناشتنی تەرمەکەی ئیسکۆباردا ١٢٠هەزار کەس ئامادەبوونو لەشاری میدیلین پەیکەرێکی ڕێزلێنانی بۆ دروستکرا.

### نۆیەم: ڕووداوی مردن لەناو یاریگادا لە٢٨ی تشرینی دووەمی ١٩٩٨

لەیەکێک لەیارییەکانی خولی تۆپی پێی کۆنگۆداو لەیاری نێوان بینا چادیو باسانیا لەشاری کاسای، هەورەبروسکە لەناو یاریگاکە دەداتو بەهۆیەوە تەواوی یاریزانەکانی یانەی بینا چادی سوتانو گیانیان لەدەست دا، بەڵام هیچ یاریزانێکی باسانیا زیانی پێنەگەیشت، کە بووە جێگەی سەرسوڕمانی تەواوی وڵاتانی جیهان بەگشتیو هاندەرانو چاودێرانی تۆپی پێ بەتایبەتی.

### دەیەم: ڕووداوی مردنی مارک فیفیان فۆی لە٢٦ یونیو ٢٠٠٣



لەجامی کیشوەرەکانی ساڵی ٢٠٠٢دا کە لەوڵاتی فەرەنسا ئەنجامدرا، هەڵبژاردەی کامیرۆن یەکێک بوو لەهەڵبژاردە بەشداربوەکانی ئەو پاڵەوانێتیە و بەهێزترین ئاستی پێشکەشکردو توانیان لەبەرازیلو تورکیا ببەنەوەو لەگەڵ ئەمریکاش یەکسان بن، لەقۆناغی پێش کۆتایشدا ڕووبەڕوی هەڵبژاردەی کۆلۆمبیا بووەوە، لەو یاریەدا مارک فیفیان فۆی یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی هەڵبژاردەی کامیرۆن لەپڕ کەوتو دڵی لەلێدان کەوتو گەیەنرایە نەخۆشخانە، بەڵام دوای تەنها ٤٥هەواڵی گیان لەدەستدانی بڵاوکرایەوە.



# هاوکاری تۆیۆتا لەگەڵ مەزدا

کۆمپانیای مەزدا بەهیوایە ساڵی 2013 دروستکردنی مودیلێکی هایبریدی لە تیپی مامناوەندیدا دەست پێ بکاتو لەو ر ێگەیەدا بڕیار وایە تۆیۆتا بەشێکی سەرەکی لە بەشە گرنگە تەکنۆلۆژییەکانی ئەو ئۆتۆمبێلە دابین بکات.

ئــەو رێککەوتنــە دوای ئیمزای رێککەوتنامەیەک لەنێوان ئەو دوو کۆمپانیایەدا ئەنجــام دەدرێت. رۆژنامەی نیکی ژاپۆنیش دوای راگەیاندنی ئــەو رێککەوتنامەیە نوســیویەتی تۆیۆتا سیســتمی هایبریدی نەوەی دووەمی خۆی کە پێکهاتووە لە پاتری لیتیۆمی نوێ بە کواڵیتی بەرز، ئەلکترۆمۆتۆرزی باش، جینراتۆرو یەکەی کۆنترۆڵەر لەسەر ئەو سیسیتمە دادنێت.

شیکارانی ژاپۆنی لەو بڕوایەدان کە ئەو رێککەوتنامەیە دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی هەرزانتر بۆ مەزداو بەمشێوەیە دەتوانن مشتەری زیاتر بۆ خۆیان بەدەست بهێنن.

بەڕیوەبەرانــی تۆیۆتــاش رایانگەیاندووە کە مەزدا یەکەمین مشتەری گەورەی ئەوان لەبواری کرینی تەکنۆلۆژیای هایبریدی دەبێت.

# کاپریسی 2010؛ ئۆتۆمبێلی تایبەت بە پۆلیس

ئەو ئۆتۆمبێلە لەســەر پلەتفۆرمی هۆلدەن کە بۆ پونتیاکیg8 و نەوەی نوێی کامارۆ ســوودی لێوەرگراوە، دروووست دەکرێت. هۆلدەن ناوی مودیلێکی کاپریســە کە لە ئۆستۆرالیا بەرهەم دەهێنرێت.

جینراڵ مۆتۆرز لەسەر ئەو مودیلە کاپریس کە هەشت ســیلەندەرە (v8)و تواناکەی 355 ئەســپەو گێرباکســێکی 6 گێری ئۆتۆماتیکی دانــاوە. هەروەها بڕیاروایە لە سەرەتای ســاڵی 2012دا مودیلی v6ی کاپریسیش بۆ پۆلیس بەرهەمبهێنرێت کە ئەو تایبەتمەندیانەی خوارەوەی هەیە:



ئاریبەگ بۆ ئەوانەی لەپێشەوە دانیشتوون کە تا دواوە دەکرێتەوە، پاتری یەدەگ بۆ پشتیوانی لە کەرەستەکانی پۆلیس، دیزاینی ناوەوە بۆ دانیشــتنی پێنج کــەس، دانانی LCDو کۆمپیوتــەر لە کۆنســولی ناوەراستی داشــبولەکەدا، قایشی خۆبەستنەوەی تایبەتو کوشــن زۆر جوانو راحەت تا پۆلیســەکان کە دەمانچەو کەرەستەی دیکەی زۆریان پێیە بە راحەتی بتوانن لەناو ئەو ئۆتۆمبێلەدا دانیشن.

# بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبێلی کارەبایی لە ئۆپڵدا روو لە زیادبوونە



جینــراڵ مۆتــۆرز گەورەتریــن بەهەمهێنەری ئۆتۆمبێلی ئەمەریکا لە هەوڵی زیادکردنی بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبێلی کارەبایی لە ئەوروپا دایەو ئەم ئەرکەی خســتووەتە سەرشانی لقە کۆنەکەی خۆی لە ئەڵمانیا واتە کۆمپانیای ئەپڵ.

نیــک رایلی بەڕێوەبەری گشــتی ئۆپڵ- واکســهال لــەو بارەیەوە رایگەیاند ئۆتۆمبێلە کارەباییەکانی بە ئیلهام وەرگرتن لە کۆنسەپتی نوێی ئۆپڵ بەناوی فلیکســتریم دروست دەکرێن.

پێدەچێت ئۆپڵ بیەوێت نمونەکانی کارەبایی مودیلە پڕفرۆشــەکانی وەک کورساو ئینســیگنیا زووتر درووست بکات تا هەر لەسەرەتاوە پشــتیوانییەکی زیاتــر لەلایــەن مشــتەرییەکانەوە بۆ خۆی دابین بکات.

"ئۆپڵ ئەمپرا"ش کە دەستەخۆشکی دوانەی شۆڤرۆلێت ڤۆڵت دەبێت کە یەکێکە لە مودیلــە بەناوبانگەکانی جینراڵ مۆتۆرز. واپێدەچێت مودیلی کارەبایی ئەمپرا لە واکســهالیش درووســت دەکرێــتو لــە یاری ئۆلەمپــی 2012ی لەندەن وەک ئۆتۆمبێلی رەسمی بۆ گواستنەوەی وەرزشکارەکان بەکاردەهێنرێت.

لەهەمانکاتدا ئۆپڵ خۆشبینو دڵگرمە بە سەرکەوتنی ئۆتۆمبێلی کارەبایی بچوکو شاری لە داهاتوودا.

# مایکرۆسۆفت پرۆگرامێک بۆ ئۆتۆمبێل دروست دەکات

فۆردو مایکرۆسۆفت هەواڵێکیان بڵاوکردەوە سەبارەت بە هاوکاری پێکەوە لــە بواری بەرهەمهێنانی پرۆگرامێکی تایبەت بە خاوەنەکانی ئۆتۆمبێلە ئەلکترۆنیکییەکان.

بڕیارەوایە کۆمپانیای مایکرۆسۆفت پرۆگرامێکی تایبەت بە خاوەنەکانی ئۆتۆمبێلە ئەلکترۆنیکییەکانی فۆرد ناسراو بە پلۆگین دروست بکات تا ئەو کەســانە بتوانن لەرێگەی کارەبای ماڵــەوە ئۆتۆمبێلەکانی خۆیان شەحن بکەنەوە.

بڕیاروایە ئەو پرۆگرامە بەشێوەی بێ بەرامبەر بخرێتە بەردەســت ئەو کەســانەی کــە ئۆتۆمبێلە ئەلکترۆنیکییەکانی فۆردیان هەیە.

کۆمپانیــای فــۆرد بەهیوایە تا ســاڵی 2013 پێنج ئۆتۆمبێلی ئەلکترۆنیکــی نوێــی بەرهەم بهێنێت

بەپێی دواهەمیــن هەواڵەکانیش تا کۆتایی ئەمســاڵ ئۆتۆمبێلی ئەلکتریکــی "ترانزیــت"ی کۆمپانیای فۆرد بەرهەم بهێنرێت.

# جی سپۆرت تۆیۆتا دەهەژێنێت

تۆیۆتا گروپێکی تایبەت یان کارگەیەکی تایبەتی جیاوازی بۆ دروستکردنی نمونەی سپۆرتو بەهێزتری لە مودیلە ستانداره‌کانی نەبوو، بەڵام چەند هەفتەیەکــە گارگەیەکی تیونینگی تایبەتی لــە دڵی پێکهاتەی تۆیۆتادا وەڕێخستووە کە کارەکەی دروست کردنی ئۆتۆمبێلی تایبەت بە پێشبرکێ جیاوازەکانە بە ئارمو ستانداردی ئەو کۆمپانیایەوە.

تۆیۆتا ئەو گروپەی مەکینە ســپۆرتەی ناو نــاوەtrd کە کورتکراوەی سەنتەری گەشەی تۆیۆتا ریســینگە. تۆیۆتا بەرهەمەکانی کە بە دەستی ئەو گروپە دروســت دەکرێت بە ئارمی "g" دەڕازێنێتەوەو ئارمەکەش لە شوێنێکی تایبەت دادەنرێت. جی سپۆرت بەرهەمی ئەزمونەکانی تۆیۆتا لە بەشداری لە راکابەرلایەتییە بەناوبانگەکانی ئەو بوارە لەجیهاندا وەک فۆرمولا وەن یان ناسکار.

گەورەترین ئۆتۆمبێلســازی جیهان لە پیشــانگای تۆکیۆشــدا چەند کانســەپتێکی تایبەتی بە رواڵەتێکی سپۆرت لەسەر مودیلی نوێیft-86 خستە بەردیدەی بینەران کە پێشوازی گەرمی لێکرا.

ئەو ئۆتۆمبێلانە کە هەموویان ئارمی "g"یان لە پشــتو قەراغەکەیاندا هەبووەو رای زۆر کەسیان بەلای خۆیاندا راکێشاوە.

وەک دیارە تۆیۆتا بەهیوایە لەناوی دڵی ئەو کانسەپتەوە، یەکەمین نمونەی گەشەســەندووی خۆی لەبواری سپۆرتەکانی کە تایبەت بە شەقامەکانی ناوشــار درووستدەکرێن، لەناوەڕاستی ســاڵی 2010دا دروستبکاتو بیانخاتە بازاڕەوە.

گروپی جی سپۆرت بەهێوای لە بواری جیاوازی وەک دیزاینی ناوخۆیی، رواڵەت، سیستمی تەعلیقو سیستمی بەرهەمهێنانو گواستەوەی هێز ئەو بەرهەمەی خۆی گەشە پێبدات.

بەپێی ئەو زانیارییانەی کە لەبەر دەســتە سێ گروپی جیاواز لەوبوارەدا سەرقاڵی دیزاینو بەرهەمهێنانن تا بتوانن وەڵامی داواکاری مشتەرییەکان بدەنەوە. کارگەی گەشەی ئۆتۆمبێلە سپۆرتەکانی تۆیۆتا یان trd جارێ تواناکانی خۆی لەســەر مودیلی دیفرانســیەلی دواوەی ئەو کۆمپانیایە چڕکردووەتەوە.

جێگەی ئاماژەپێکردنە کە کۆمپانیای مارســیدس بێنزیش ساڵەهایە بۆ ژمارەیەک مشــتەری تایبەتی خۆی کە حەز زۆریان لە شۆفێری کردنی خێراو پێشــبرکێیە، بەیارمەتــی گروپی تەکنیکــیو تایبەتی amg ئۆتۆمبێلێکی تایبەت درووســت دەکاتو بە نرخێکی بەرز فرۆشتویەتە مشتەرییەتایبەتییەکانی.

هەروەها "بی ئێم دەبلیوش"یش گروپی ئێم پاوەری لە پێکهاتەکەی خۆی ئامادەکردووە تا دوای ئەوەی هەندێک گۆڕانیان لە مودیلە ستانداردەکاندا ئەنجامدا، ئۆتۆمبێلێکی سپۆرتو بەهێزتر بخەنە بەردەست مشتەرییەکان.

نیســانیش ماوە ماوە لە گروپی نســمۆ (nismo) سوود وەردەگرێت، هەروەک لێکسس کە گروپی تایبەتی ئێف-سپۆرتی بۆ تیونینگی مودیلە دڵخوازوکانی دامەزراندووە.

بەو پێیە ئێستا تۆیۆتا دواهەمین کۆمپانیایە کە ئەو گروپێکی تەکنیکی بۆ درووستکردنی مۆدێلی سپۆرتی "g" دامەزراندووە.

# ئایۆدی ئۆتۆمبێلێکی نوێی نمایش کرد بۆ ئۆتۆمبێل دروست دەکات

کۆمپانیای ئۆتۆمبێلســازی ئایۆدی ئەڵمانیا ڤێرژنێکی ســنووورداری لە ئۆتۆمبێلی ســپۆرتی دیزلی q7 بە نرخێکی زۆر کەم لە هیند خستە بەردەست.

ئایۆدی لە بەیانامەیەکدا رایگەیاند: ڤێرژنێکی ســنووورداری ئۆتۆمبێلی ئایۆدی q7 ئەنجامی چالاکییەکانی ئەو کۆمپانیایە لە سێ ساڵەی دواییدا لە وزلاتی هێندە. نەبۆیەت تیزەر (بەڕێوەبەری ئایۆدی لە هیند) لەوبارەوەی وتی: ئۆتۆمبێلی ئاپۆدی q7 جێگەی خۆی وەک باشــترین ئۆتۆمبێلی سپۆرای ناو بازار دەکاتەوەو نەوەیەکی نوێ لە مەکینە دیزلیە بەهێزەکان دەخاتە بەردەست مشتەرییەکان.

هەروەها وەتی: بە لەبەرچاوگرتنی سێ ساڵ چالاکی سەرکەتووانەی ئایۆدی لە هیند دەتوانین بڵێن ئەو کۆمپانیایە توانیویەتی مشتەریی زۆر لەو بازاڕەدا بۆ لای خۆی راکێشــێتو ئێمەش بۆ هەموو ئەو سەرکەوتنانە قەرزداری مشــتەرییەکانی خۆمانین کە بێ بەشداریو رۆڵ بینینی ئەوان هەرگیز نەماندەتوانی بگەینە ئەوە قۆناغەی کە ئێستا تێداین.

# فۆرد ئۆتۆمبێلێکی نوێی دروست دەکات

رەنگە کۆمپانیای ئۆتۆمبێلی ئەمریکی فۆرد بە هاوکاری کۆمپانیایەکی رۆسی ئۆتۆمبێلێکی نوێ بەرهەمدهێنێت.

مارک ئەوندەن بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای فۆردی رووســیا لەوبارەیەوە وتی: کۆمپانیاکەی ئێمە لەئێستادا سەرقاڵی لێکدانەوەی سێ پرۆژەی وەرێخستنی کارگەیە لە رووسیادا.

ناوبراو وتیشــی: کۆمپانیای ئۆتۆمبێلی فۆرد بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبێلی فۆرد فوکوس (ford focus)و مۆدیندیۆ (mondeo) لە خاکی رووســیا درێژە پێدەدات. کارگەی مونتاجی کۆمپانیای فۆرد لە مانگی جونی ســاڵی 2002وە تا ئێستا لە شاری وسڤلۆیسکی کە زۆریش لە شاری سەن پیتەرزبورگ دوور نییە، بەردەوامە لە چالاکییەکانی. لەو کارگەیەدا زیاتر لە 2 هەزارو 9 کەس کار دەکەن.

بەپێی راپۆرتەکان فرۆشــی بەرهەمەکانی فۆرد (فۆردو ڤۆلڤۆ) لە دوو مانگەی یەکەمی ئەمســاڵ لە رووســیا نزیکەی 59% کەمبووەتەوەو گەیشتووەتە 8 هەزارو دووسەدو هەشت ئۆتۆمبێل.

# مۆبایل نابێتە هۆی شێرپەنجە

راستگۆ عوسمان

بەپێی هەواڵێکی سـایتی سیلۆلار نیوزو بەگوێرەی ئەو لێکۆڵینەوەیە مۆبایل نابێتە هـۆی زیادبوونی تووشبوون بەشـێرپەنجەی چاو، هەروەک پێشـتر راگەێنرابوو کە مۆبایل دەبێتە هـۆی زیادبوونی تووشبوون بەشێرپەنجەی پرۆستات لەناو پیاواندا، بەڵام ئەو لێکۆڵینەوانە نیشانی داوە کە ئەو ئامێرە نابێتە هۆی ئەو شێرپەنجەیەش.

لێکۆڵینەوەیکی دیکە نیشانی دەدات کە ئەو ئامێرە دەبێتە هۆی مەترسی تووشبوون بەشێرپەنجەی مێشک لەناو بەکارهێنەراندا. ئەو لێکۆڵینەوە نوێیە کە لەسەر ئاژەڵەکان ئەنجام دراوە، لێکۆڵەران بەوە گەیشتوون کە بەدڵنیاییەو مۆبایل نابێتە هۆی تووشبوون بەشێرپەنجەی مێشک.

لێکۆڵەران دەڵێـن: لەناو خەڵکدا بووەتە باو کە هەموو نەخۆشییەکانی خۆیان دەخەنە ئەستۆی مۆبایل، بەڵام بەدروستی ناتوانین بڵێین کە ئایا ئەم ئامێرە دەبێتە هۆی تووشبوون بەو هەموو نەخۆشییە یان نا.




# فرۆشی هاندە لەمسییەکان لە ئیمارات 120% زیاد دەکات

دەڤەر هاشم

پێشبینی دەکرێت فرۆشـی ئەو هاندانەی شاشـەی لەمسـییان هەیە لەماوەی ساڵی 2010دا لەدوبـەی‌و بـازاڕی ئەفریقادا 120% زیاد بێت.

بەپێی هەواڵێکی سایتی سی نێت، چاوەڕوان دەکرێت بەزیادبوونی زیاتر لەدوو بەرامبەری فرۆشـی هاندەکانی کە شاشەی لەمسییان هەیە، بەوەش ڕێژی فرۆش بگاتە 11.7ملیۆن ئامێر کە بەمشـێوەیە لەچاو ساڵی 2009 زیادبوونێکـی 120.75%ی بەخۆیـەوە دەبینێت.

لەساڵی 2009دا نزیکەی 5.3ملیۆن ئامێری هاند کە شاشـەی لەمسـیان هەبووە لەو بازاڕانەدا فرۆشراوە.

شیکارانی بواری تەکنۆلۆژیا پێشبینی دەکەن لەماوەی ئەمساڵدا 140ملیۆن ئامێری مۆبایل لەئیمارات بفرۆشـرێت، ئەمە لەکاتێکدایە کە لەسـاڵی 2009دا ژمـارەی ئەو هاندە فرۆشـراوانە 128.88ملیۆن دانە بووە کە بەمشێوەیە چاوەڕواندەکرێت بەگشتی فرۆشی هاندەکانی مۆبایل لەماوەی ساڵی 2010دا گەشەی 8.8%ی هەبێت.

# ویندەوزی XP خانەنشین دەکرێت

لانە سەیوان

کۆمپانیای مایکرۆسـۆفت رایگەیاند لە 13ی تەموزەوە پشتیوانی رەسمی خۆی لەوینـدەوزی "ئێکس پـی" ڤێرژنی "سرڤیس پاکی 2"، کۆتایی پێدەهێنێت‌و خۆشەویستترین ئۆپەریتینگ سیستمی جیهان خانەنشین دەکات.

بەپێی راپۆرتی سایتی eWeek، ڤێرژنی سرڤیس پاکی 2ی ئۆپەریتینگ سیتمی جیهانە کـە تائێسـتا بەکارهێنراوە. ئێستاش پێدەچێت ئەو ویندەوزە بەهاتنە سـەرکاری ویندەوزی 7 گەیشـتووەتە کۆتایی ئیمپراتۆرییەتەکـەی، هەربۆیە مایکرۆسـۆفت دوای 6 مانگ لەخستنە بەردەسـتی ویندەوزی 7 رایگەیاند کە 13ی تەموز پشـتیوانی رەسـمی خۆی لەسەر ئەو ویندەوزە هەڵدەگرێت.

سـاڵی رابردوو مایکرۆسـۆفت کاتی ماڵاوایی ئەو ئۆپەرتینگ سیستمەی رۆژی یەکەمی مانگی حەوت راگەیاندبوو، دوای ئەوەی ویندەوزی ڤیستا نەیتوانی وەڵامی چاوەڕوانییەکان بداتەوە، مایکرۆسۆفت ناچاربوو پشتیوانییەکانی خۆی لەئێکس پـی درێژە پێبداتو سـرڤیس پاکی تری بۆ بخاتە بەردەسـت، بەڵام ئێستا کە ویندەوزی 7 نیشانی داوە دەتوانێت جێگرەوەیەکی باش بۆ ئێکس پی بێت، مایکرۆسـۆفت ئەو بەڵێنـەی جێبەجێ دەکات.

لەئێسـتادا 75%ی بەکارهێنەرانـی کۆمپیوتـەرە ماڵییـەکان‌و 60.3% لەکۆمپیوتەرە پۆرتابلەکانی کە دەخرێنە بازاڕەوە بەشێوەی پێـش فـەرز ئۆ پە ر تینـگ سیسـتمی ویندەوزی 7یان لەسەرە.

وینـدەوزی ئێکس پی کە سـاڵی 2001 هاتە ناو بازاڕەوە درێژترین ماوەی کارکردنی لەمێژووی پرۆگرامەکانی کۆمپانیـای ریدمۆندا بۆخۆی دابینکردووە، بەشـێوەیەک کە ئـەو بەرهەمـە ماوەی 7سـاڵ یەکێک لەخۆشەویسـتترین ئۆپەرتینـگ سیستمەکانی جیهان بوو.

بەپێی ئـەو راپۆرتە رۆژی 13ی تەموز جگەلـە ویندەوزی ئێکس پی سرڤیس پاکی دوو، پشتیوانی لەڤێرژنەکانـی وینـدەوزی 2000و ویندەوزی ڤێسـتای RTMیش کۆتایی پێدەهێت.




# تویتەر دەبێتە ئامێرێکی پێویست بۆ پزیشکان

ئارۆس سابیر

بەپێی راپرسییەک کە لەلایەن زانکۆی Clevelandەوە ئەنجـام دراوە، تویتەر بەمزوانـە دەبێتە ئامێرێکی پێویسـت لەکاری پزیشکی‌و شێوە دەرمانییەکاندا.

بەپێی راپۆرتی Healthcare IT News، زیاتر لە99%ی کەسانێک کە لەو راپرسـییەدا بەشـدارییان کردبوو، وەڵامی پۆزەتیڤیان داوەتە ئەو پرسـیارە کە ئایا تویتەر دەبێتە بەشـێک بۆپەیوەنـدی بەردەوامی پزیشـکو نەخۆش‌و هەموو بوارە دەرمانییەکان؟

بەڵام ئێستاش هەندێک لەپزیشکان لەکاتێکـدا کـە خۆیـان تویتەر بەکاردەهێنن، ئـەو خزمەتگوزارییە بەنەخۆشەکانیان پێشنیاز ناکەن.

Ves Dimoy بەڕێوەبـەرو دامەزرێنـەری ClinicalCases.org رایگەیاندووە کە من لەسـاڵی 2008ەوە یاریدەدەری پزیشکی لە CWRU بـووم‌و پێموایە ئەوە زۆر بەسـوودە کە کۆمەڵگەی پزیشکی بەمشـێوەیە حـەزی زۆری خۆی بۆبەکارهێنانـی خزمەتگوزارییـە کۆمەڵایەتییەکانـی وەک تویتـەر نیشاندەدات.

بـەڵام لەراپرسـییەکی دیکەدا کە لەلایەن دامەزراوەیPho لەسـاڵی 2009دا ئەنجامـدراوە لەبەرامبەر ئـەو پرسـیارەی کـە "چەندەو چـۆن لەخزمەتگـوزاری تویتەر سـوودوەردەگرن؟" کە شـارەزای بواری پزیشـکی خرابـووەڕوو، 45%ی بەشداربووان وتیان تائێستا بەهیچ شێوەیەک بەکاریان نەهێناوە، 36% وتویانە تەنیا بۆبەشداریکردنی زانیاریی‌و ئـاگاداری‌و هەواڵەکانی بەکاریانهێنـاوەو تەنیا 15%یان وتبوویان ئـەو خزمەتگوزارییەیان بۆپەیوەندی لەگەڵ نەخۆشـەکانیان ئەو خزمەتگوزارییە ئینتەرنێتییەیان بەکارهێناوە.




# فێربوونی بەرنامەی Photoshop CS




2

ئەحمەدبەرزنجی
دبلۆمی باڵا لەکۆمپیوتەر
Ahmedsh974@yahoo.com

**وێنەو رەنگەکان :**

بابەتی رەنگەکان بابەتێکی گرنگ دادەنرێت لە بەرنامەی Photo shop گشـت رەنگەکان لە سێ رەنگی سەرەکی پێک دێت ( سوور – سەوز – شین ) ئەوازی تر پێکهاتەنی ئەم سێ رەنگەن .




بۆ نموونە کاتێک بە تێکەڵاو کردنی ئەم سێ رەنگە رەنگی سپی دروست دەبێت لەگەل چەند نموونەیەک :-

- تێکەڵی رەنگی سـوور لەگەڵ سەوز رەنگی زەرد پەیدا دەبێ .
- تێکەڵی رەنگی سـوور لەگەڵ شـین رەنگی مۆر پەیدا دەبێ .
- تێکەڵی رەنگی سەوز لەگەڵ شین رەنگی سیانی پەیدا دەبێ .


لێرە دا چەند سیستەمێک لە بەرنامەی Photo shop هەیە بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ رەنگەکان لە وانە :-

1. سیستەمی RGB واتە ( red-green-blue ) پێ دەڵێن سیستەمی سێ رەنگی سەرەکی .
2. سیستەمی CMYK واتە ( cyan-magenta-yellow-black ) هەر رەنگێک دوای ئەوە تێکەڵی ئەم رەنگانەن ، هەردەم ئەم تێکەڵە بەکاردێت لە کەرداری چاپکردن ، لێرە دا دەتوانرێت ئەم رەنگانە جیابکریتەوە بۆ ئەم چوار رەنگە .
3. سیستەمی Gray scale پێ دەڵێن سیستەمی رەش و سپی .
4. سیستەمی Indexed color پێ دەڵێن سیستەمی ( 256 ) رەنگ .

هەروەها چەندین سیستەمی تر هەیە کە دەتوانین بەکاری بهێنین لە بەرنامەی Photo shop لە وانە سیستەمی Bitmap وە سیستەمی lab color .

**کەناڵەکانی رەنگ :**

بەرنامەی Photo shop هەڵدەستی بە دانانی رەنگەکان لە کەناڵەکی تایبەت ، بۆ نموونە زانیاری تایبەت بە سیسـتەمی Bitmap وە Gray scale وە Indexed color لە کەناڵێک دادەنێت ، وە سیستەمی RGB وە lab color زانیاری هەڵدەگری لە سێ کەناڵ لە وانە کەناڵی رەنگی سوور وە کەناڵی رەنگی سەوز وە کەناڵی رەنگی شین ، بەلام سیستەمی CMYK زانیاری هەڵدەگری لە چوار کەناڵ لە وانە کەناڵی رەنگی سیانی وە کەناڵی رەنگی مۆر وە کەناڵـی رەنگی زەرد وە کەناڵی رەنگی رەش ،بۆیە سیستەمی CMYK باشترین سیستەمە لە جیاکردنەوەی رەنگ ، توانای هەیە زیاترین زانیاری کۆبکاتەوە لەسەر زانیاری وێنە بۆیە هەردەم بە کاردەێت بۆ کەرداری چاپکردن .



## ئەستێرەی بەخت

ئەم ماوەیە زۆر گونجاوە بـۆ ئەنجامدانـی ئەو چالاکییانەی بەنیازی ئەنجامی بدەیت، دوودڵ مەبە بەرامبەر بەکارەکانت. باشترین رۆژی هەفتە بۆتۆ پێنجشەممەیە.

پێویستە زیاتر پابەند بیت بەو بەڵێنانەی کە دەیدەیت، هـەوڵ بدە زیاتر بیـر بکەیتەوە لەبارەی ئەنجامدانـی کارەکانتو ئەو وتانەی کە دەیانڵێیت. باشترین رۆژی هەفتە بۆتۆ چوارشەممەیە.

باشـتر وایە لەم ماوەیەدا زیاتر ئاگاداری چۆنیەتی خەرجکردنی پارەکانت بیـت، تاوەکو تووشـی گرفتی مادی نەبیتەوە. باشترین رۆژی هەفتە چوارشەممەیە.

لەم هەفتەیـەدا بەهۆی ئەنجامدانـی کارێکی بەسوود زیاتر هەست بەئاسوودەیی دەکەیتو زیاتر متمانەت بەخۆت دەبێت. باشترین رۆژی هەفتە بۆ تۆ دووشەممەیە.

لەرووی سۆزدارییەوە پەیوندییەکانت بەرەو باشـتربوون دەچن، بەڵام هێندەش دڵرەق مەبە لەم پەیوەندییەدا باشترین رۆژی هەفتە بۆتۆ هەینییە.

لەم هەفتەیەدا هەلێکی باشت بۆ دەرەخسێت لەبـواری کارکردندا، هەوڵ بدە زۆر ورد بیت لەئەنجامدانی کارەکانت، باشترین رۆژی هەفتە بۆتۆ شەممەیە.

زیاتر گرنگی بەو شتانە بدە کە بەڕاستی شایانی ئەوەن هەوڵیان بۆ بدەیت، خۆت سـەرقاڵ مەکە بەو کارانەی سـوودی بۆتۆ نییە. باشترین رۆژی هەفتە دووشەممەیە.

هەوڵدانی تۆ بێ سوود نییـە، دڵنیابەو هەوڵی خۆت بدە، بەدڵنیاییەوە سـوودی لێدەبینیتو تاڕادەیەکـی زیاتـر گرنگی بدە بەخێزانەکەت. باشـترین رۆژی هەفتە بۆتۆ سێشەممەیە.

هـەوڵ بـدە زیاتـرو باشـتر لەکاتەکانـت سـوودوەربگریتو زیاتر گرنگـی بەئەنجامدانی کارەکانت بدە لەجێگەو ڕێگای خوی، نەک زیاتر لەئاسـتی خۆی. باشترین رۆژی هەفتە بۆتۆ دووشەممەیە.

بەدور بە لەو کەسـانەی دەیانەوێـت ئازارتـۆ بدەن، زیاتـر پەیوەندی لەگەڵ ئەوانەدا ببەسـتە کە لەگەڵیاندایت هەست بەئارامی دەکەیت. باشترین رۆژی هەفتە بۆتۆ سێشەممەیە.

هەندێک کارو چالاکی هەیە کە سـوودی نییە بۆ تۆ باشتروایە خۆتی لێ بەدور بگریت، هەوڵ بـدە زیاتـر گرنگی بەکەسـی بەرامبەرت بدەیت. باشترین رۆژی هەفتە بۆتۆ پێنجشەممەیە.

خو شە و یسـتی بەرامبەرەکـەت وای لێکردوویـت زیاتـر هەست بەکێشە بکەیت، باشتر وایە هێندە ئازاری خۆت نەدەیتو ترسـت بەرامبەر بەداهاتـوو نەبێت. باشترین رۆژی هەفتە یەکشەممەیە.

## جلی بوکێنییەکەی شازادە دیانا بۆ فرۆشتن

لەندەنی پایتەختی بەریتانیا زیادکردنێکی ئاشـکرا لەخۆدەگرێت بۆفرۆشـتنی ئەو جلە بووکێنییەی کە شـازادە دیانا لەمەراسیمی بووکێنیەکەیداو لەو کاتەدا کردوویەتیە بەری کە بووەتـە ئەندامێکی خانەوادەی شاهانەی‌بەریتانیا.

شـازادە دیانا ئـەو جلەی کاتێـک لەبەرکردووە کە شـووکردنی بەئەمیر چارلز لەلەنـدەن راگەیاندووە، رەنگەکەی رەشەو فەتحەیەکی پانیش لەسەر سینگێتی. شایانی باسـە کاتێک شـازادە دیانا ئەو ئەو جلەی لەبەرکردووە کە تەمەنی ١٩سـاڵ بووە. پێشـبینیش دەکرێت نرخەکەی بگاتە نزیکەی ٥٠هەزار جونەیهی ئیسترلینی.

## باوکی سارکۆزی: من کازانۆڤام

"چوار جار ژنم هێناوەو من کازانۆڤا بووم"، ئەمە قسـەی بال سـاکۆزی باوکی نیکۆلا سارکۆزیی سەرۆکی فەرنسایە کە لەبەشێکی بیرەوەرییەکانیدا ئامـاژەی بۆ کردووە! هەروەها باسـی پەیوەندییە سـۆزدارییەکانی خۆیشـی لەتەمەنی گەنجێتیدا کردووە.

ئەم دانپێدانانەی بـاڵ لەکاتێکدایە کە کوڕەکەی کەوتووەتـە ژێر گوشـارێکی سیاسـی گەورەوە بەهۆی کەمبوونەوەی شـەعبیەتی حزبەکەی‌و ئەو پڕوپاگەندانەی لەبارەی بوونی کێشە لەنێوان خۆی‌و ژنەکـەی‌و هەروەها هەبوونی پەیوەندیی لەدەرەوەی ژیانی ژن‌و مێردایەتی بڵاودەکرێنەوە.

## تەنیسقی ئۆباماو میدڤیدیف بە مەسیج



بۆ رێکخستنی کاروبارە سیاسییەکانی جیهان، هەردوو سـەرۆکی ئەمریکا باراک ئۆباماو سـەرۆکی روسیا دیمتری میدڤیدیف بەنیازن بۆ لەمەودوا پشـت بەمەسج (ئێس. ئێم. ئێس)و ئیمەیڵی ئەلیکترۆنی ببەستن.

میدڤیدیف لەمیانـەی گفتوگۆکانی لوتکـەی ئەتۆمیـدا لەواشنتۆن رایگەیاند کە ئاڵوگـۆڕی نامەی ئاسایی لەنێوان مۆسکۆو واشـنتۆندا کاتێکـی زۆر دەخایەنێت، ئەمە سـەرەڕای ئـەوەی کـە زۆری پێدەچێت هەتا نامەکان چـاپ دەکرێن‌و لەڕێی فەرمانبەرەکانیانـەوە دەگەیەنرێنـە دەستیان.

شایانی باسە ئۆباما بەخاوەنی بیرۆکەی پشتبەستن بەئامرازەکانی گەیاندنی ئەلیکترۆنیی نوێ دادەنرێت.



## پاپا جنێوباران دەکرێ

پاپا بیندکتۆسـی شـازدەیەم بەنیازە سەردانی دوورگەی ماڵتا بکات‌و بۆ ئەو مەبەستەش لەئێستاوە نزیکـەی ١٠لافیتـەی گەورەی پێشـوازیکردن‌و بەخێرهاتنـی نووسـراون. ئەوەی بـووە مایەی سەرسـوڕمانی چاودێران ئەوەبـوو کە چوار لەو لافیتانە لەلایەن خەڵکانی نەناسراوەوە شێوێنران‌و جنێویان تێدا نوسرا لەدژی پاپا!

وتەبێژی کەنیسەکانی ماڵتا بەفرانس پرێسی وت: ئەوە کارێکی تێکدەرانەیەو پۆلیس دەستیکردووە بەلێکۆڵینەوە لەسەری، بەڵام هیچ کارناکاتە سەر بایەخی سەردانەکەی پاپا.

بەگوێـرەی هـەواڵ دیارترین ئەو جنێوانەی لەسـەر لافیتەکان بەپاپـا دراون، بریتی بوون لە"منداڵباز"و "پیدۆبێر" کە دووەمیان ناوی مەعنەویی کەسێتییەکەو بەردەوام دەستدرێژی دەکاتە سەر منداڵان!

شـایانی باسە ئەو رووداوە داوی ئەوەدێت کە ماوەیەکە هەواڵی دەستدرێژیکردنەسەر منداڵان لەکەنیسەکاندا کۆمەڵگەی مەسیحی هەژاندووەو ناوبانگی پاپاو کەنیسەکانی ناشیرین کردووە، پاپایش هیچ هەڵوێستێکی توندی لەوبارەیەوە نەنواندووە.

## چۆن مامەڵە لەگەڵ پیاوی دەستبڵاو دەکەیت؟

**سۆنیا عوسمان**

زۆربەی ئـەو ژن‌و مێردانـەی تازە پرۆسەی هاوسـەرێتی پێکەوە دەنێن هەرچیان هەبێت خەرجی دەکەن، بەبێ گوێدانە ئەوەی سبەی چی روودەدات بەتایبەت ئەگەر پیاوەکە کاتی مۆڵەتی مانگانـەی بەسـەربەرێت لەیەکێک لەناوچە گەشتیاریەکانی ناو وڵاتەکەی یان لـەدەرەوەی وڵاتدا کە هەسـتی خۆشـی‌و دڵکرانەوەی بەسەریدا زاڵ بێت.

هەندێک لەژنە هاوسەرەکان هەست بەم رەفتارەدەکەن‌و ناتوانن لێی بێ ئاگابن، بەڵام هەندێکی تریان هەست دەکەن چ لەدەورو بەریاندا روو دەدات، بەڵام بێدەنگ دەبن قسەو باس هەڵ دەگرێت تائەو کاتەی پیاوەکە کەشێکی ئارامی هەیـەو ئامادەیە بـۆ گفتوگۆکردن، سەبارەت بەباسی زۆر پارە بەفیرۆدانە هەندێـک رێنمایی لەلایـەن دکتۆر میراکرنتیشـبوم بەخانمان پێشکەش دەکرێت.

ئەو کاتـەی پیاوەکەت گـوێ نادات لەبەفیرۆدانی ماڵ‌و سامانەکەی پێویستە خاتونی بەڕێز لەگەڵیدا دابنیشـێت‌و گفتوگۆی لەبارەوە بکەن. هەردووکتان پێکەوە بودجەیەک دابنێن کە سنورێک بـۆ ئـەم زۆری خەرجکردنە دیاری بکات بەشێوەیەکی نێوەندیگیرانە بەو مەرجەی لەداهاتوودا خێزانەکەت زیانی بەرنەکەوێت‌و پیاوەکەشت نەچێتە ڕیزی مایە پووچەکان.



د.میرا زیاتری لەسەر دەڕوات‌و دەڵێت: پرۆسەی هاوسەرگیری دەبێتە بارێکی قورس بەسەر شانی ئەو هاوسەرانەی کە بەرنامەی پێشوەختیان دانەڕشتبێت سـەبارەت بەچۆنێتی خەرجکردن‌و پاشەکەوتکردن، وەک ئەوەی ژن تەنها لەخەمی خشـڵ‌و زێڕو جل‌و بەرگی بەهاداربێت‌و مێردەکەش لەلایەکی ترەوە لەخەمی گەشتکردن‌و ژەمە خواردنەکان بێت، ژنی هۆشـیار ئەو کەسەیە کە گرنگی دەدات بەکاروباری مێردەکەی‌و دەستپێشخەری دەکات لەگفتوگۆکردن لەگەڵ مێردەکەیدا سەبارەت بەپێویستی خۆگرتنەوە لەزیادەڕۆیی خەرجکردن‌و نـا زیادەڕۆیکردن، بـەڵام دەبینین هەندێک لەو ژنانەی کە گومان دەکەن یان هەسـت دەکەن کە مێردەکانیان دەیانەوێت هاوسـەرگیری تر ئەنجام بدەن، لـەو کاردانەوەیاندا پەنا دەبەنە بەر پـەرش‌و بڵاوەپێکردنـی پارەی مێردەکانیان بەو مەبەسـتەی نەوەک لەرێگەی هاوسەرگیری تردا خەرجی بکەن.

ژنانـی تریش هـەن هەوڵـدەدەن مێردەکانیان تێوەگلێنن لەپرۆژە قازانج بەخشەکاندا چ لەبواری بازرگانیکردن بەخانوو زەوییـەوە بێت یان لەبواری پیشەسـازیدا لـەدوای زانبـن‌و درکپێکردنی ئـارەزوی مێردەکانیان سەبارەت بەوبوارانەی کەدەکرێت ببێتە هۆی سەرکەوتنیان، بەڵام ئەو ژنانەی نەزانن هۆشیاریان کەمە، پەنا دەبەنەبەر هاندانـی مێردەکانیـان لەپەرش‌و بڵاوەپێکردنی پارەو ماڵیان لەشـتی بێکەڵکدا هەتاوەکو پارەیان کەم دەبێت‌و دوابەدوای ئەوەش چاوپۆشـی دەکەن لەبەفیرۆدانی پارەو پول کە ژن بێزارو توڕەدەکات، بەڵام ژنەکە پەنا دەباتە بەر ئەو کارە لەسەر ئەو بنەماییە کە زمانی حاڵی دەڵێت: ئەمە لەسەر منەو ئەوەش لەسەر دوژمنەکەم، کە پرسیار لێرەدا دێتەکایەوە کە ئایا پیاوەکەی بەدوژمن دەزانێت؟!

**چـۆن گفتوگۆی ژن لەگـەڵ مێردە دەست بڵاوەکەیدا سەرکەوتودەبێت؟**

١. کاتێک ژنێکی هۆشـیار دەیەوێت گفتوگۆی مێردەکـەی بکات لەبارەی بودجەو خەرجیەوە پێویستە دەفتەرێک ئامادەبـکات تاوەکو پـارەی داهات‌و خەرجکردنی تێدا بنوسێ. ئینجا ئەو پشکەی کە دەمێنێتەوە رروونی بکاتەوە. پێویستە مێردەکەی قەناعەت پێبکات بەنوسـین نەک بەزارەکیانە، لەڕێگەی جەختکردن لەسەر لایەنی پاشەکەوتی مانگانە، هەتاوەکو مێردەکەی رازیبێت برێکی زۆرتر پارە پاشـەکەوت بکات تاوەکـو داهاتیـان روو لەزیاتربێت، هەروەکـو پەندێک هەیە دەڵێت: ماڵی سپی بۆ رۆژی رەش.

٢. پێویسـتە ژن سـوربێت لەسەر پاشەکەوتکردنی بڕێک پارەی مانگانە بەشێوەی قایمکردن پێویستە ئەو بڕە پارەیەش خـەرج نەکرێـت تاوەکو سـاڵێک لەهەڵگرتنی، بـەم جۆرەش پیاوەکە بڕێک پارە دادەنێت ناتوانێت رایکێشێتەوە.

٣. پێویستە کۆبونەوەیەکی مانگانەیان هەبێت پێش کاتی راکێشانی ئەو بڕە پارەییە بەمەبەستی ئەوەی پاشەکەوتی مانگانە زیاد بکات لەداهاتوودا.

لەوانەشـە قسـەکردن لەگەل مێردا لەسـەر قازانجی پارەی پاشـەکەوت یارمەتیدەربێـت لەهاندانـی زیاتر پاشەکەوتکردن لەلایەن پیاو، بۆنمونە: ئەگـەر هەردوو ژن‌و مێـرد توانیان بڕێک پارە پاشـەکەوت بکەن تاوەکو سـاڵی خانەنشـین کردنیان تایبەت بێت بەپیاوەکە، بێگومان دەبێتە بڕێکی باش تاڕادەیـەک دەتوانێـت ببێتە هۆکارێکی کارا لەسازدانی پرۆژەیەکی وەبەرهەمهێنـان کـە رۆڵ بگێڕێت لەفەراهەمکردنـی ژیانێکی بەختەوەر بۆخودی مێردەکەی‌و هاوسـەرەکەی لەلایـەک، دەتوانێت پیاوەکەش بەگەڕ خات بـەو جۆرەی بێتە کەسـێکی سوودبەخش‌و وەبەرهێن لەلایەکە ترەوە.

٤. نمونەی ئەم پارە پاشەکەوت کراوە دەبێتـە یەدەکێک بـۆ خێزانەکەو کۆڵەکـەی بەردەوامبونـی ژیانیان‌و گوزەرانیان، هەروەها لەبەر چاوگرتنی هەربارێکـی سـەختی کتوپـڕو چاوەڕوانکراو کە روبەوڕوی خێزانەکە ببێتەوە. وەک حاڵەتی نەخۆشکەوتنی یەکێک لەمنداڵەکانیان‌و پێویستبونی بەنەشتەرگەرییەکی خەرجدار، هەربۆیە لێرەدا پرسـیارێک دێتە کایەوە کێ خەرجی ئەم نەشـتەرگەریە دەگرێتە ئەستۆ گەر خێزانەکە پارەی پاشەکەوتی نەبێت؟

٥. ئێسـتاو زووتر لەهەر کاتێک، جیهان لەبەر مەترسـی قات‌و قڕی‌و رووداو کارەسـاتی سروشتیە وەک: بومەلەرزە، گڕکان، لافاو، جەنگ...هتد، هەربۆیە قایمکردنی بڕێک پارەی وەک گەرەنتیەک بۆ گەزەراندنی ژیانێکی سەرفرازی دوور لەکێشە نایابە کەوابێت هەرکاتێک مـرۆڤ خاوەنی پارەبوو دەتوانێت ژیانـی بگوزەرێنێت لەهەر شوێن‌و کاتێکدا کە خۆی بیەوێت، بەم جۆرە پارەو ماڵ وەک شتێکی گرنگ لەژیانی هەر مرۆڤێکدا دەمێنێتەوە، بەڵام ئەو بۆخۆی ئامانجی نییە کە مەبەستمان بێت، بەڵکـو هۆکارێکە لەهۆییەکانی گەشتن بەخۆشگوزەرانی.

لێرەشدا گیانێکی بەبەهاو بەرز ئاکار جوان کاری خـۆی دەکات هەر کە رازیبێـت بەو پشـکەی خوداوەندی گەردون پێی بەخشیوە، لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤ دەتوانێت ژیان بەپشـکێکی کەمیش لەماڵ‌و سامان بگوزەرێنێت هەر کە تروسکەی باوەڕبوونی خوداوەند بەشادەمارەکانیدا بسورێتەوە.

# گەڕانەوە
# Vozvrashcheniye

ئا: بێساران فەیرۆز حەسەن



دەرهێنان:ئاندرێ زڤیاگینتسێڤ
سیناریۆ: ڤلادیمیر مۆیسیینکۆ، ئالێکساندر نۆڤۆتۆتسکی
ئەکتەرەکان: ڤلادیمیر گارین، ئیڤان دۆبرۆنراڤۆف، کۆنستانتین لافرۆنێنکۆ، ناتالیا ڤدۆڤینا و...
بەرهەمی ڕوسیا ٢٠٠٣.

ناوەڕۆکی فیلمە:

"ئەو کاتەی بگەڕێمەوە، لەبەرگی پیاوێکی تردا دەبم، بەناوی پیاوێکی تر، گەڕانەوەکەم چاوەڕوان نەکراو دەبێت! ئەگەر بۆم بڕوانی، باوەڕ ناکەیت کە منم، من هێماگەلێکت پیشان دەدەمو ئەو ساتە دەمناسیتەوە".
تیۆدۆرۆس ئانجێلۆ پولۆس ـ گەورە دەرهێنەری یۆنانی

ڕوسیا ژمارەیەک فیلمسازی بەتوانای لەسەدەی بیستەم دا پێناساندووین لەوانە: ئاندرێ تارکۆفسکی، سێرگی ئایزینشتاین، گیۆرگی کزینتسێڤو سێرگی پارادیانۆڤو... ئێستاو لەسەدەی بیستو یەکەمیشدا ئاندرێ زڤیاگینتسێڤ لەیەکەمین ئەزموونی دەرهێنانی دا، مژدەی لەدایکبوونی فیلمسازێکی گەورەمان پێدەدات، جارێکی دی تۆکمەیی و بەهێزی سینەمای ڕوسیا دوپات دەکاتەوە. زڤیاگینتسێڤ پێدەخاتە جێگە پێی گەورە دەرهێنەرەکانی نیشتمانەکەی، دیمەنی سەرەتایی فیلمی گەڕانەوە دەمانخاتەوە یادی تارکۆفسکیو بەدیمەنە خەمبارەکانیشی کزینتسێڤمان بیر دەهێنێتەوە.
نووسەرێکی ڕۆژنامەی گاردیەن ئاندرێ زڤیاگینتسێڤ بەبەهێزترین دەرهێنەری ڕوسیای پاش تارکۆفسکی وەسف دەکات.
فیلمی گەڕانەوە، چیرۆکی بەسەرهاتی پیاوێک دەگێڕێتەوە کە دوای دوانزەساڵ دووری لەخێزانەکەی، دەگەڕێتەوە بۆ نێو ماڵو منداڵەکەیو کوڕەکانی بۆ گەشتێکی سێ ڕۆژە ئامادە دەکات کە بەئەنجامێکی دڵتەزێن کۆتایی دێت، فیلمەکە ڕۆژی شەممە دەست پێدەکاتو لەڕۆژی شەممەی دواتردا کۆتایی پێدێت. ئێمە لەماوەی ئەو یەک هەفتەیەدا هەڵسوکوتو مامەڵەیەکی غەریب لەنێوان باوکو کوڕەکانیدا دەبینین کە هاوشێوەی لەهیچ فیلمێکی تردا بەدی ناکەین.
دەرهێنانی ئاندرێ زڤیاگینتسێڤو وێنەگرتنی میخائیل کریشمەنو مۆزیکی ئانرێ دێرگاچێڤو نواندنی کۆنستانتین لاڤرۆنێنکۆ، هەموو ئەمانە بەهۆکاری سەرکەوتنەکانی فیلمی گەڕانەوە ئەژمار دەکرێن.
فیلمی گەڕانەوە خاوەنی ٢٨خەڵاتە، لەوانە: خەڵاتی شێری زێڕینو چوار خەڵاتی تر لەفێستیڤاڵی ڤێنیسیا ٢٠٠٣، خەڵاتی بەکرەی زێڕین بۆباشترین فیلمی بیانی (نائینگلیزی) لەلایەن ئەنجومەنی فیلمسازە ڕەخنەگرە پۆڵۆنییەکان ٢٠٠٥، خەڵاتی سیمرخی کریستاڵی بۆباشترین فیلم لەفێستیڤاڵی فیلمی فەجر ـ ئێران ٢٠٠٤، خەڵاتی نیکا بۆباشترین سینەماتۆگرافەرو باشترین فیلم لەمەراسیمی نیکا ٢٠٠٤، خەڵاتی فیپرشی بۆ ئاندرێ زڤیاگینتسێڤ لەفێستیڤاڵی فیلمی تێسالۆنیکی ٢٠٠٣، خەڵاتی کلۆترودیس بۆ باشترین سینەماتۆگرافی میخائیل کریشمەنلەمەراسیمی کلۆترودیس ٢٠٠٥و... پاڵێوارو بۆ خەڵاتی گۆڵدن گلەبو ١٢ خەڵاتی تر.




# چالاک سدیق: داواکارم حکومەت دەزگایەکی هونەریی بۆکەرکوک دروست بکات

**چالاک سدیق، لەساڵی ١٩٦٦ لەدایکبووەو لەتەمەنی ١٤ساڵییەوە هاتوەتە ناو دونیای مۆسیقاوە. بۆ یەکەمجار لەژێر دەستی مامۆستا جەلال، فێری بنەماکانی کلاسیکی کۆنی مۆسیقا بووەو پاشان لەژێر دەستی مامۆستا قادر مەردان، زیاتر بایەخی بەبوارەکەی داوە.**

ئەڵوەن کاوە لەکەرکوک

ناوبراو لەساڵی ١٩٨٨ کۆلێژی هونەرە جوانەکانی تەواوکردووە، یەکێک لەکارەکانی ئەو هونەرمەندە لەگەڵ پێکهێنانی گروپێک بووە کە توانیان پێنج گۆرانی ئامادەبکەن بۆتەلەفزیۆنی موسڵ.
لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا چەند ساڵێک مامۆستای پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی بووەو لەمیانی نوێترین دیمانەیدا لەگەڵ نم نم کارو چالاکیو بەرهەمە هونەرییەکانی خۆیو ڕەوشی هونەریی کەرکوک دەخاتەڕوو

**ئەڵوەن: مامۆستا وەکو بیستومانە تیپێکی هونەریتان دامەزراندووە؟**
**م.چالاک:** دوای ئەو ئازادییەی ١٩٩١ بەرقەرار بوو ئێمە وەکو کۆمەڵێک لەهونەرمەندانی کەرکوک، منو کاک دلێر حوسێنو کاک فارسو مامۆستا قاسمو محەمەد ڕەوف کەرکوکیو لالۆ ڕەنجدەرو .. چەند کەسێکی تر، تیپی کەرکوکمان دروستکرد،



مامۆستا چالاک سدیق

بەڵام تەنها بۆ ماوەی دووساڵ کاری کرد، لەساڵی ٢٠٠٠ لەشاری سلێمانی دووبارە تیپی کەرکوکمان دروستکردەوە، بەڵام لەبەر نەبوونی هونەرمەندی کەرکوکی نەمانتوانی کارەکانمان بەردەوامبێت، هەروەها چەند ڤیستیڤاڵێکشمان ڕێکخست، دوای هاتنەوەشم بۆشاری کەرکوکو دوای کارو ماندووبوونێکی زۆر، توانیمان لەڕێگەی پەیمانگای هونەرە جوانەکانەوە چەند هونەرمەندێکی بەتواناو لێهاتو دروست بکەین، لەئێستاشدا گرووپێکمان پێکهێناوەو نزیکەی ٢٠کەس لەخۆ دەگرێتو ناومان لێناوە تیپی مۆسیقای کەرکوک.

**ئەڵوەن: چۆن لەمۆسیقای کوردی ئێستا دەڕوانیت؟**
م.چالاک: هەڵبەت دەبێت لەئاستی ئومێددابێت، بەڵام چەند هونەرمەندێک هەن کەوا دوای مۆدێل کەوتونو چەند هونەرمەندێکی تریشمان هەیە بەشێوە یەکی ئەکادیمیو پشت بەستن بەڕەسەنایەتی کار دەکەن، هەڵبەت ئەمە جێگای ئومێدە.

**ئەڵوەن: تۆ وەکو هونەرمەندێکی بەئەزموون چۆن دەڕوانیتە کاری گەنجەکان؟**
**م.چالاک:** دڵم بەم گەنجانە خۆشە، تەواوی گەنجە مۆزیکژەنەکانمان دەگەڕێنەوە بۆپەیمانگاکان، واتا گەنجەکانی دەرەوە بەڕێژەیەکی کەم کار دەکەن، ئێمە ئێستا نزیکەی ١٠گەنجمان هەیە، بەڵام بڕوام وایە لەئایندەیەکی نزیکدا چەند کەسێکی نوێ پێدەگاتو ئەوکات کۆمەڵێک هونەرمەندی چالاکو کارامەمان بۆ دروست دەبێت. ئێستا بەنیازین گروپێکی لەئامێرژەنانی عود یان عودو سەنتورو ساز پێکبهێنین، بۆئەوەی ئەو گەنجانە بتوانن جێگای خۆیان بدۆزنەوە.

**ئەڵوەن: تاچەند توانیت خزمەت بە شاری سلێمانی بکەیت ئەو تیپانە کامانەن کەکارت تێداکردوون؟**
**م.چالاک:** من ناتوانم بڵێم تا چەندێک توانیم، بەڵام بۆنمونە من لەتەمەنێکی هەرزەکاریدا ئاواتەخوازبووم گرووپێکمان هەبێت لەکەرکوک، بۆنمونە تیپی مۆسیقای گەرمیانمان پێکهێناو لەتەکیەی جەباری بەشداری چەند ئاهەنگێکمان کرد، بەڵام لەبەر ئەو دۆخە سیاسیەی ئەوکاتە نەمانتوانی بەردەوام بینو هەرکەسەو بەلایەکدا بڵاوبووەوەو دیارنەمان، واتا لەبەر ئەوبارودۆخەبوو کە ئێمە وامان لێهات خزمەت بەشاری سلێمانی بکەین، ئەگەرنا ئێمە ئاواتەخوازبووین خزمەت بەشاری کەرکوک بکەین، بەڵام من لەساڵانی ١٩٩١ بۆ ١٩٩٢ لەسلێمانی چومە ناو دونیای هونەرەوەو لەساڵانی ١٩٩٨ بۆ ١٩٩٩ زیاتر تێکەڵ بووموو لەساڵی ٢٠٠٠ کە ئۆرکێسترا دامەزرا، من کەوتمە ناو ئەو گروپەوە، لەتیپی مۆسیقای شنرویش کارم کردووە بێ جیاوازیو لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانیش کارم کردووەو چەند سەفەرێکیشم کردووە لەگەڵیان، بۆنمونە لەفێستیڤاڵی سنە بەشداریم کردووەو ڕۆشتوشین بۆ دیاربەکر.

**ئەڵوەن: چ شتێک دەبێتە هۆکاری هەڵسانەوەی ڕەوشی هونەری لەکەرکوک؟**
**م.چالاک:** دەبێت هەرکەسەو لەلای خۆیەوە بجولێت، بەڵام کێن ئەو هونەرمەندانە، هەڵبەت دەبێت چەند ساڵێک پێش ئێستا قوتابی بوبێتن، بەڵام ئێستا بوون بەهونەرمەندو دەیانەوێت بەرهەمیان هەبێت، لەبەرئەوەی چەند ساڵی ڕابردوو پەیمانگا نەبوو، بۆیە ئێستا بەهۆی پەیمانگاوە ئومێدی گەورەمان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هونەری شارەکەمان هەیە.
پێمخۆشە ئاورێک لەهونەر بدرێتەوەو داواکارم لە حکومەتی هەرێم کەوا دەزگایەک بۆهونەر لەشاری کەرکوک بکاتەوە، چونکە کەرکوک ئێستا پارێزگایەو پێویستی بەو دەزگایە هەیەو پێویستیشە چەند هۆڵێکی هونەری هەبێت، هاوکات کەناڵێکی سەتەلایتیش یەکێکی ترە لەپێویستییەکانی شاری کەرکوک.

# ئایا ئێمە پێویستیمان بەهونەر هەیە؟!

**چیایی کەمال سەعدی**
**مامۆستای بەشی موزیکی کۆلێژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی سەلاحەدین**

دەبینین زۆرجار بەشێوەیەکی بەرچاو، لەکۆڕو کۆبوونەوەو وتارە بەناو ئیسلامییەکاندا ئەم پرسیارەو چەندین پرسیاری تری لەم جۆرە دەوورووژێنرێتو بۆ مەبەستو غەریزە بۆگەنەکانی خۆیان بەکارێکی خراپی دەشوبهێننو بەحەرام لەقەڵەمی دەدەنو فتوای لەسەر دەدەن، هەرچەندە خۆشیان باوەڕیان بەفتواکانی خۆیان نیە! چونکە دەزانن کەوا مەزهەبەکانو ئارائی ئاینیو دەقی قورئانو فەرمودەکان چۆن دەربارەی ئەم بابەتە دوواوە.
بەهەرحاڵ، من بۆ ئاشکرابوونو زیاتر یەکلاکردنەوەی ئەم بابەتەو یەقینکردنی هونەرمەندان، زۆر بەڕاشکاوی دەڵێم ئێمە پێویستمان بەهەموو ئەم شتانە هەیە کەوا نەوەی پێغەمبەرمان محەمەد (د.خ)و هاوڕێکانی پێویستیان پێی هەبووە.
بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی بابەتەکەش دەڵێم ئیسلام هەر بۆخۆشی ئەم هونەرەی ناساندووەو پاڵپشت بووە لەزیاتر بەرەو پێش بردنیدا، لەوانە هونەرەکانی سرودو شیعرو پەخشانو وتار کە پێغەمبەری خودا(د.خ) بۆخۆشیو ناخۆشیو سەفەرو شەڕ بەکاری هێناون بۆگواستنەوەی ئەم پەیامە فەرمانی بەعائیشەی هاوسەری کردووە، هەروەک لەکتێبەکەی دیوسف قەرەزاوی (ئیسلامو هونەر) دا، هاتووەو زانیاری زیاتری داوە، ئەمانە گشتیان ئەو هونەرانە بوون کە لەسەردەمی پێغەمبەردا هەبوونەو وای لەکۆمەڵگای ئیسلامی



کردووە کە بەرەو پێش بچێتو یەکسانی لەبەرامبەر کۆمەڵگاکانی تر ببینێت، بۆیە دەبێت ئەوە بزانینو لەیادیشمان نەچێت کەوا ئەم هونەرەی ئەمڕۆ هەیە، هەمان هونەری پێشووەو بەرەو پێشچوونێکی ئاسایی بەخۆیەوە دیوە، ئەم بەرەو پێشچوونەش دەگەڕێتەوە بۆسەرهەڵدانی تەکنەلۆژیای زانستی نوێو بیری داهێنەرانەو نمایشکردن لەڕێگەی ڕادیۆو سینەماو تیڤیو کەناڵە ئاسمانییەکان کەوا بەسانایی کولتورو هونەرو دابو نەریتی کۆمەڵگاکانی ترمان نیشان دەدات، کەواتە ئەمانە گشتیان ئاساییناو هیچ کرێکی ناشەرعیو حەرامی تێدا نییە، چونکە قورئانی پیرۆز کە بەڵگەی ئیسلامە، ڕێگای بەهەموو نوێ کاریو پێشکەوتنخوازییەک داوە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە ئەوەندەی ڕۆژئاواییەکان سودیان لەقورئانی پیرۆز وەرگرتووەو بەندەکانیان جێبەجێ کردووەو داهێنانیان لەناودا دەرهێناوە، ئەوەندە ڕۆژهەڵاتیەکان خۆیان سودیان لێ نەدیوە، لەلایەکی ترەوە ئەم بەرەو پێشچوونەی هونەر زۆر ئاساییەو واشمان لێدەکات کە بەرامبەر جۆرێکی هونەر ڕانەوەستینو گەیەنەری پەیامی هونەری بینو ئەو شێوازە پیشان بدەینو بەرەو پێشی بەرین کە لە هونەرەکاندا هەیە.
هەر هونەرێک لەهەرکوێ بێت، هەڵگری پەیامێکەو وەک لەسەرەتاش باسمان کرد، هونەر بەشیعرو گۆرانی دەستی پێ کردووەو دوواتر بەرەو پێش چووە، هونەری چاپەمەنی یەکێکە لەو هونەرانەی کە خزمەتی زۆری بەکۆمەڵگاو مرۆڤایەتی کردووە لەچاخی بوژانەوە لەئەوروپا کەزانای بەناوبانگ گۆتەنبەرگ دای هێنا، ئاشکرایە کەکۆمەڵگا ئیسلامییەکان حاشایان لەم بەرەوپێشچوونەو شێوازە نوێیە نەکرد کە هاوکات بەرەوپێش چوونێکی هونەریش بوو، بەڵکو وەک گشت میللەتەکانی تر چوونە ناو بازنەی بەرەو پێشچوونەکە.
هونەر پیشەیەو هەڵگری پەیامە، بۆیە قەبارەی سودەکانی ئێجگار بەرزە، من لێرەدا هەندێ لەو سودو پەیامانە لەم خاڵانەدا کورت دەکەمەوە:
١. هونەر یەکێکە لەو ڕێگایانەی کە میللەتانی پێ پێش دەکەون.
٢. هونەر ڕێگەیەکە بۆ ڕۆشنبیرکردنو بیرفراوان بوونی تاک.
٣. هونەر نوێکاریو کولتوری میللەتە.
٤. هونەر هەنگاوێکی پەروەردەییە لەناخی مرۆڤدا، بەتایبەتی لەوانەدا کە تازە پێدەگەن، واتە کاریگەرە لەسەر ڕەوشتی تاکەکانی کۆمەڵگا.
٥. لەڕێگەی هونەرەوە دەتوانین ڕۆشنبیریو فۆلکلۆرو نەریتو توراس لەکۆمەڵگایەکەوە بگەیەنین بەکۆمەڵگایەکی ترو خۆمانیان پێ بناسێنین.
٦. هونەر کارێکە بۆ بۆنەو جەژنو خۆشیو ناخۆشییەکان، هەروەک پێغەمبەر (د.خ) لەگەڵ عەلی کوڕی ئەبی تالیب وتویانە"روحوا القلوب فانما ازکر هی عمیت".
٧. ئەوە هونەرە ڕەوشتی جوانو زەوقی بەرز پێشکەش بەمرۆڤایەتی دەکات، چونکە ئارامیبەخشو دەرمانە، هونەر خۆراکی ژیانە، لەبەر ئەمانە بەڵێ ئێمە پێویستمان بەهونەرە.

**بۆ ٥٠ هەزار دۆلار**

**پیاوێک هاوڕێیەکی خۆی دەکوژێتو فرێی دەدات**

3

نم نم

له خه‌ڵكه‌وه‌ بۆ خه‌ڵك

20

Nmnmpress@yahoo.com

بۆ پەیوەندی: 07710268004 - 07480151705 - 3186176

ناونیشان: سلێمانی شاڕێی سالم تەلاری سلێمانی مۆڵ - نهۆمی دووەم

خاوەنی ئیمتیاز: کۆمپانیای رووداو

ریکلام




# منداڵبازەكان دەبنە هەڕەشە بەسەر مەلەوانگەكانەوە

لەهەرێمی كوردستاندا چەندین كەس خەریكی منداڵبازیین، چاودێرنی مەلەوانگەكانو ئەوانەشی بۆ مەلەكردن رووده‌كەنە مەلەوانگەكان، رووبەڕووی منداڵبازەكان دەبنەوەو بەرەو هەڵدێرو كاری خراپ دەیانبەن، توێژەرێكی كۆمەڵایەتیش بەپێویستی دەزانێت دایكو باوكان ئاگاداری منداڵەكانیان بنو بەتەنها نەیانێرنە ئەو جۆرە شوێنانەوە، هاوكات مامۆستایەكی ئایینی ئیسلامیش پێداگری لەسەر قەدەغەكردنی هاتوچۆی منداڵبازەكان دەكات بۆمەلەوانەگەكان.

چاودێرانی مەلەوانگەكان باس لەوە دەكەن كە رۆژانە رووبەڕوی هەندێ كەس دەبنەوە كە بەمەبەستی منداڵبازیی سەردانی مەلەوانگەكانیان دەكەن.

كاوە كەریم، ٢٨ساڵ چاودێریی یەكێك لەمەلەوانگەكانەو باس لەوە دەكات كە تائێستا چەندینجار كەسی منداڵبازیی لەمەلەوانگەكەی كردوەتەدەرەوە، «بەردەوام چاودێری دەكەن، ئەوانەی بەمەبەستی منداڵبازیی بێنە مەلەوانگەوە دەیانكەینە دەرەوەو پۆلیسیان لێ ئاگاداردەكەینەوە».

ناوبراو، ئەوەش ناشارێتەوە كە لەماوەی چەند مانگی رابردوودا زیاتر لەهەشت كەسی كردوەتە دەرەوە، «ماوەی سێ مانگە لەم مەلەوانگەیەم، زیاتر لەهەشت كەسم كردوەتە دەرەوە كە ویستویانە لەمنداڵانو مێرمنداڵان نزیك ببنەوەو كاری خراپیان لەگەڵ بكەن».

3

# ئەو بێژەرەی یەكەمی سێ راپرسی بوو:
# نەشتەرگەری جوانكاریی خەتی سورە

**بێژەری كەناڵی ئاسمانی كوردستان تیڤی بەڕێز حاجی، تائێستا لەسێ راپرسی پلەی یەكەمی باشترین بێژەری بەدەستهێناوە، ئاماژە بەوە دەكات كە باوەڕی بەجوانكار نییەو نەشتەرگەری جوانكاریش بەخەتی سور دادەنێت.**

**عەبدوڵلا نهێلی لەدهۆك**



بەڕێز حاجی

بەڕێز حاجی، خەڵكی سلێمانییەو ئێستا لەشاری هەولێر دەژی، لەساڵی ١٩٩٥ دەستی بەكاری ڕاگەیاندن كردووە، لەساڵی ١٩٩٧دا بەشداری فیلمێكی كوردیو شانۆگەرییەكی كردووە، دواجار خۆی بۆ كاری ڕاگەیاندن یەكلایی كردوەتەوە.

لەیەكەمین دیمانەیدا لەگەڵ نم نم وردەكاری ژیانی تایبەتی خۆی ئاشكرا دەكاتو ئەو پاساوانەش دەخاتەڕوو كە بوویە هۆی دوركەوتنەوەی لەشاشە.

بەڕێز حاجی جەخت لەوە دەكاتەوە كە لەپێگەیشتنو دەركەوتنی دا، جگەلەهەوڵی خۆیو خێزانەكەی كەس هاوكاری نەكردووە.

ئەو كچە بێژەرە خۆی بەخۆشحاڵ دەزانێت كە تائێستا لەسێ ڕاپرسیدا پلەی یەكەمی باشترین بێژەری بەدەستهێناوەو بەڵێن دەدات كە كاری باشتر بۆ بینەرانی بكات، «سوپاسی ئەو بەڕێزانە دەكەم كە بۆ جاری سێیەم منیان هەڵبژارد، هیوادارم بتوانم لەداهاتوودا كاری باشتریان پێشكەش بكەم»، هاوكات ئاماژە بەوەش دەدات كە یەكەم بوونی لەو سێ راپرسییەدا بەهۆی جوانییەوە نەبووەو تائێستاش نەشتەرگەری جوانكاری بۆ روخساری نەكردووە، «من تەنها لەبەر ڕووخسار هەڵنەبژێردراوم، بێژەری دیكەشمان هەیە ڕووخساریان جوانە، بەڵام كاركردن مەرجە».

بەڕێز پێیوایە هەموو كەس دەتوانێ لاپەڕەیەك بخوێنێتەوەو هەڵە لەخوێندنەوەدا نەكات، بەڵام ئەوە بەمەرج دانانێت بۆ بێژەرێكی سەركەوتوو، «مەرج ئەوەیە چۆن بینەر تێبگەیێنێتو هەڵسوكەوت بكەیت، من هیچ كاتێكیش ئەو حەقە بەخۆم نادەم دەستكاری كاری خودا بكەم، پێویستم بەجوانكاری بێت یان نا ئەوە لای من خەتی سورە».

ئەو بێژەرە پێیوایە سەركەوتنو سەرنەكەوتنی بێژەر نەبەستراوەتەوە بەئەكادیمی بوونەوە لەبوارەكەدا، «كەسانی ئەكادیمیو دەرچووی كۆلێژمان هەیە بای چارەكێكی كارمەندێكی بێ بڕوانامە لەكاری ڕاگەیاندن نازانن، ڕێزم بۆ ئەكادیمییەكان هەیە، بەڵام بۆ ئەوەی ڕاگەیاندنكارێكی سەركەوتوو بیت، مەرج نییە ئەكادیمی بیت»، هاوكات هۆكاری ونبوونی بۆ ماوەیەك لەشاشەی كوردستان تیڤی دەگەڕێنێتەوە بۆسەفەركردنی بۆدەرەوەی وڵات، «بەڵام كە گەڕاومەوە ئێستا تەنها یەك شەو هەواڵم هەیە، ئەویش بەپێی ئەو خشتەیەی كە بۆمان دانراوە».

بەڕێز، مژدەیەكی نوێی بۆ بینەرەكانی پێیە، كە بیرۆكەی بەرنامەیەكی نوێیەو چاوەڕوانی تەواوبوونی ستۆدیۆكەیەتی، پێیوایە بەرنامەكەی بەرنامەیەكی هاوچەرخو بەهێزی دەبێت، بەڵام نایەوێت هیچ كەس بزانێت خۆشەویستی كردووە، «ئەوە پرسیارێكی تایبەتییەو حەزناكەم جوابی بدەمەوە»، هاوكات جەخت لەوەش دەكاتەوە كە قسمەتی خۆی مەرجەكانی بۆ ئەو كەسە دادەنێت نەك ئەو، «گەیشتوومەتە ئەو قەناعەتەی كە قسمەت مەرج دادەنێت، بۆئەو كەسەی هاوسەرگیری لەگەڵ دەكەم، نەك بەڕێز». بەڕێز حاجی ئاماژە بەوە دەدات كە حەزی لەخواردنی دۆڵمەو خواردنی خێرایەو ڕقی زۆریشی لەشاییەو نایەوێت هیچ كاتێك گۆرانی بڵێت، «هیچ كاتێك بیر لەوتنی گۆرانی ناكەمەوە، چونكە گۆرانی وتن ئیشی هەموو كەسێك نییە، لەگەڵ ڕێزمدا ئێستا گۆرانی وتن بووەتە مۆدێلێكی باو، هەركەسێك دەنگی هەبێت یان نا گۆرانی دەڵێت».

# لەسلێمانی فیلمی ئاڤاتار نمایش دەكرێت

**ئا: كاوە حەسەن**

فیلمی ئاڤاتار لەدەرهێنانی جیمیس كامیرۆن ـە وساڵی ٢٠٠٩ لە ئەمەریكا بەرهەمهێنراوەو زۆی ساڵدانە، سام وێرنێتین، وێڤەر سگۆێرینو دەیان ئەكتەری لێهاتوو رۆڵی تێدا دەبینێنو ماوەكەی ١٥٤خولەكە.

جیمیس كامیرۆن دەرهێنەری ئەم فیلمە ساڵی ١٩٥٤ لەكەنەدا لەدایك بووەو لەسەرجەم فیلمەكانیدا توانیویەتی بڕی یەك بیلیۆن دۆلار كۆبكاتەوە.

توانی بەس لەیەك فیلمدا سێ خەڵاتی ئۆسكار وەربگرێت كە ئەویش فیلمی تایتانیك بوو ساڵی ١٩٩٦ كاری دەرهێنانی بۆكردووەو توانی زۆرترین بینەر بۆلای خۆی راكێشێت، بوو بەسونبولی خۆشەویستی لەهەموو جیهان، چونكە تاكو ئێستا لەبیرو هۆشی بینەران ماوەتەوە كە باس لەكەشتییەكی ناو ئاو دەكاتو لەساڵی ١٩١٢ نوقمی ئۆقیانووس ئەبێتو لەناو كەشتێكەدا كورێكی هەژار كچێكی دەوڵەمەندی ئۆروستكراتی دەناسێتو مەزنترین خۆشەویستی ئەكەن پێكەوە.

ئەگەرچی فیلمی ئاڤاتاریش هیچی كەم نییە لەفیلمی تایتانیك، بەڵكو لەرووی تەكنیكیەوە ئاستی زۆر بەرزترەو بەسێ رەهەندی كاری دەرهێنانی بۆكراوە. ئەم فیلمە ببوە پڕ فرۆشترین فیلم لەجیهانو توانی ملیارێك دۆلار تێپەڕێنێت، رودواوەكانی باس لەژیانێكی گریماناوی ئەكات لەسەر هەسارەیەكی دوور لەزەویو مرۆڤ دەیەوێت بەزۆری چەك داگیری بكات، بەڵام جاك سۆلی كە لەگەڵ هێزەكانی مرۆڤ دایە ئەم بارو دۆخەی بەدڵ نابێتو پشتی هێزی ئاڤاتار ئەگرێت.

وشەی ئاڤاتار لەوشەیەكی هیندیەوە هاتوە كە باس لەدۆنادۆن ئەكات، ئەویش ئەوەیە گەر كەسێك بمرێت دەچێتە بەرگو لەشی بوونەوەرێكی تر. ئەم فیلمە پاڵێوراوە بۆ نۆ خەڵاتی ئۆسكارو توانی سێ خەڵاتیان دەستەبەر بكات، هەروەها توانی ٢٢خەڵاتی تری جیهانی وەربگرێت لەوانە: گۆڵدین گلۆب، بافتا، فلۆریدا، سەندیكای دەرهێنەران.

خوێنەرانی بەڕێزی نم نمو هەر بینەرێكی دیكە كە دەیەوێت ئەم فیلمە ببینێت، كاژێر سێی ئێوارەی شەممەی داهاتوو ٢٠١٠/٤/٢٤ لەگەلەری سەردەم لەسلێمانی بیبینێت

